ئەندامە پڕدراوەکان لە جەستەی کوردستان: جوگرافیای ئازارەکان



ئەم چیرۆکانە چەندئەندامی پراوی لاشەیەکی زیندووون کەناوی کوردستانە، هەرچیرۆکێکی ئەندامێکی پڕوو چریکەیەکی نەبیستراوە بەڵام هەتائێستاش ئەوپارچە لەت وپەتکراوانە خۆزگەوخەون بە بەکگرتنیانەوەدەبینن

کۆمەڵەیەک چیرۆکی تراژیدی بەسەر: محمد عزیز لۆتەری

ناساندن:

دوێنێ ی گەلێک لە ژێر نیری ستەم ، کۆڵیان پڕ بوو لە دەرد و خەم ، هاوارێک بوون، لە پێناوی پاراستنی ژیان، لە بەر دەرکەی زلهێزان گریان، لە زۆر لاشیپانە نوزان، سەرگۆنا وشاخ وخەرمانە، نوسیویانە ئەم داستانە،ئەو هاوارانەی بۆ خوا نوزان،ئەو ڕەق بوانەی کپ بوو سۆزیان،ئەو باڵندەی بۆ هێلانەی، تێر تێر گریا لەو ئاسمانەی ، ئەو بولبولەی بۆ سیسی گوڵ، شینی گێڕا زۆر زۆر بە کوڵ ،ئەو دایکەی بە ڕق پیرۆز ، پەرژینی کرد، مەزرا بۆ هۆز، لای لایەی دایکانی کوردە، گشتیان بوونەتە سەربردە ، تا لە ژیاندا بوون زۆر گەڕان،بوونە سەپان وشوان وگاوان،بوونە کێڵگەو باخ وبێستان،هەوڵیان دا بۆ بنیاتنان،ئاوی پێ یان هات ،ماندوو بوون،دەست وپەلیان گشت تیک تیک بوون،دواجار کاتێ کە پیر بوون،بوونە چیرۆکی بەر ئاگردان، حیکایەت خوانی دیوەخانی کوردان،بونە بەیتی دایە پیرە، بونە لاوک و حەیران وهۆرە، بونە وای وای ومقام وبەند، بونە بەستەو ستران وپەند،قەتارو سەحەری کاروان،شەوچەرەی شەوانی زستان، بونە دیمانە و چاوپێ کەوتن،لە ڕووبەڕەی گۆڤاران کەوتن،بە تەلەفیزۆن وکەناڵان ،بوونە میوانی گشت ماڵان، بوونە دراماو ئەڵقە و شانۆ،بوونە خوێندنگا بۆ من و تۆ، ڕازی بوون ببنە یادگاری،لە دیوانی کوردەواری ،لە بۆنە وهەڵکەوت وساڵیادان،دێنەوە یاد بۆ پیاهەڵدان، بوونە شیوەن وتراژیدیا، بوونە ئەزموون وخۆزگە و بریا، تائێمە بگەین بە یۆتۆپیا ، بوونە سپاردەو سەرگوزەشتە، بە ئامۆژگاری و بە ڕشتە، بوونە هەرچی شتی جوانە، لە ملیان کەن وەک ملوانە، وا منیش بەشێکی زۆر کەم ،لەو نگینانە بڕ دەدەم ،لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا، لەم تێنوسە خنجیلەدا،ڕێبوارن ماندوی مەرگەساتن،میوانی ڕێی هات و نەهاتن، ئالێرە دوا پشوو دەدەن، با خوێنەریش بێ نازیان نەکەن، وەریان گێڕن بۆ چەند زمانان، بیانگێڕنەوە بۆ نەوجوانان،بیان کە ن بە سینەمای زەمان، لەهۆڵیود بن یان لە کان، تاکو ڕابردوان بزانن، ئێوە ڕۆڵە ی شایانیانن، جۆگەلەی فرمێسک وخوێن ، خۆشبەختانە بە فیڕۆ نەچوون،بونە مەرەکەب و تێنوس، ،بوونە پێگەو ماڵپەڕو پێنوس،بونە تیشک و ڕۆشنی ستۆدێۆ، بونە چیرۆکی سەر شانۆ وڕادیۆ، هەمیشە هەرنوێ دەبنەوە، قەت نامرن ولە بیر ناچنەوە ..

ئەندامە بڕدراوەکان لە جەستەی کوردستان:

جوگرافیای ئازارەکان

کۆمەڵەیەک چیرۆکی تراژیدی:

نوسینی :

محمد عزیز لۆتەری .

ناساندن:

دوێنێ ی گەلێک لە ژێر نیری ستەم ، کۆڵیان پڕ بوو لە دەرد و خەم ، هاوارێک بوون، لە پێناوی پاراستنی ژیان، لە بەر دەرکەی زلهێزان گریان، لە زۆر لاشیپانە نوزان، سەرگۆنا وشاخ وخەرمانە، نوسیویانە ئەم داستانە،ئەو هاوارانەی بۆ خوا نوزان،ئەو ڕەق بوانەی کپ بوو سۆزیان،ئەو باڵندەی بۆ هێلانەی، تێر تێر گریا لەو ئاسمانەی ، ئەو بولبولەی بۆ سیسی گوڵ، شینی گێڕا زۆر زۆر بە کوڵ ،ئەو دایکەی بە ڕق پیرۆز ، پەرژینی کرد، مەزرا بۆ هۆز، لای لایەی دایکانی کوردە، گشتیان بوونەتە سەربردە ، تا لە ژیاندا بوون زۆر گەڕان،بوونە سەپان وشوان وگاوان،بوونە کێڵگەو باخ وبێستان،هەوڵیان دا بۆ بنیاتنان،ئاوی پێ یان هات ،ماندوو بوون،دەست وپەلیان گشت تیک تیک بوون،دواجار کاتێ کە پیر بوون،بوونە چیرۆکی بەر ئاگردان، حیکایەت خوانی دیوەخانی کوردان،بونە بەیتی دایە پیرە، بونە لاوک و حەیران وهۆرە، بونە وای وای ومقام وبەند، بونە بەستەو ستران وپەند،قەتارو سەحەری کاروان،شەوچەرەی شەوانی زستان، بونە دیمانە و چاوپێ کەوتن،لە ڕووبەڕەی گۆڤاران کەوتن،بە تەلەفیزۆن وکەناڵان ،بوونە میوانی گشت ماڵان، بوونە دراماو ئەڵقە و شانۆ،بوونە خوێندنگا بۆ من و تۆ، ڕازی بوون ببنە یادگاری،لە دیوانی کوردەواری ،لە بۆنە وهەڵکەوت وسااڵیادان،دێنەوە یاد بۆ پیاهەڵدان، بوونە شیوەن وتراژیدیا، بوونە ئەزموون وخۆزگە و بریا، تائێمە بگەین بە یۆتۆپیا ، بوونە سپاردەو سەرگوزەشتە، بە ئامۆژگاری و بە ڕشتە، بوونە هەرچی شتی جوانە، لە ملیان کەن وەک ملوانە، وا منیش بەشێکی زۆر کەم ،لەو نگینانە بڕ دەدەم ،لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا، لەم تێنوسە خنجیلەدا،ڕێبوارن ماندوی مەرگەساتن،میوانی ڕێی هات و نەهاتن، ئالێرە دوا

پشوو دەدەن، با خوێنەریش بێ نازیان نەکەن، وەریان گێڕن بۆ چەند زمانان، بیانگێڕنەوە بۆ نەوجوانان،بیان کە ن بە سینەمای زەمان، لەهۆڵیود بن یان لە کان، تاکو ڕابردوان بزانن، ئێوە ڕۆڵە ی شایانیانن، جۆگەلەی فرمێسک وخوێن ، خۆشبەختانە بە فیڕۆ نەچوون،بونە مەرەکەب و تێنوس، ،بوونە پێگەو ماڵپەڕو پێنوس،بونە تیشک و ڕۆشنی ستۆدێۆ، بونە چیرۆکی سەر شانۆ وڕادیۆ، هەمیشە هەرنوێ دەبنەوە، قەت نامرن وله بیر ناچنەوە ..

27-2-1991-M.A.A



کورتە چیرۆکی یەکەم:

سه گه به وەفاکه.

8-8-1991

بەیاني زووه ، بەفرێکی زۆر باریوه، باڵندەکان ئەم بەیانیه زۆر ماتن ، تەنیا دەنگی قوقەی کەڵەشێرو ترپه ترپی بەفری ژێر پێ ی خەڵکی دێت .

گوندێکي دوازده ماڵەیه، چوار دەوری گوندەکه به دار بەڕوو و داره بەن تەنراوه .

ڕۆژانه پۆل پۆل خەڵکی ئاواره له پیرەژن و لاو ومناڵ و پێشمەرگه ڕوو لەو گونده دەکەن ، لەبەر سەرما ئاو له لوتیان ناوەستێ، ئاخۆ چەندیان لەبەر سەرما ی ڕێگاکه ڕەق بونەتەوه، خەڵکی گوندیش چاکی مەردایەتیان لێکردوه بەلاداو دەرگاکانیان ئاواڵایه .

ماڵی مام وسو وەك ماڵەکاني تر قەرەباڵغه ، خۆیان نۆسەر خێزانن مام وسو خیزانەکەی شەش کچ و تاقانه کوڕێك.

لوولە سۆبەکەیان هەردەم دوکەڵي لێوه دەردەچێت ،پەزەکەیان زۆر لەڕ و لاوازه ،پوره ئامین دوای دۆشینی پەزەکه، شیرەکه بەنیوه کوڵاوي له پێش میوانەکان دادەنێت ،پاشان دێته دەرەوەو فوو لەقوڵکەی ئاگرەکه دەکاو چاوەکانی هەڵدەگڵۆڤێ به دەم هەڵگلۆفتنی چاوەکانیەوه دەڵێ :

فەقێ محمد ، دایه به قوربانت بێ ،خۆت دەزانی باوکت له بەفر بارینەکه وه نەخۆش کەوتوه، تفاقیشمان چي وا نەماوه ،ئاوا قەدەغەکەش ڕەشانگ بۆتەوه ، دەڵێی چی له گەڵ ئایشه گوڵی خوشکت پێچێك مەڕەکەتان بۆ دەرکەم ؟

فەقێ محمد لەسەرمان دانه چۆقەی پێکەوتوه ،زەنگاڵ و پێڵاوەکانی له پێ دەکا ، خوشکەکەی قوڵەباڵ و کلێتەکەی بۆ دێنێ، ئەو بەدەم چاك کردنی کلێتەکه یەوه دەڵێ :

ئایش تۆجارێ مەیه که چێشتەکه پێ گەیشت نانی نیوەڕۆم بۆ بێنه ،باشه؟

ئایش دەڵێ :

باشه، جارێ منیش دەچم بانەکه دەگێڕم .

محمد مەڕەکان بەرەو قەدەغەکه دەبا ، لەسەر گاشه بەردێکي گەورە دادەنیشێ و تاوێك بلوێرێکي خۆش لێدەدات ،که دەزانێت ، سەگەکەی نەهاتوه لەبەر خۆیەوه دەڵێ:

ئەوە بۆ یەکانی هاوڕێم نە هاتوە ؟ قەیناکا بانگی دە کە م .

دەچێتە سەر بەرزاییە ك و گۆچانەکەی لە باڵی دەکا :

یەکان ، یەکان ، یەکان ، یەکان

زۆر نابا یەکان دەگاتە لای، فەقێ محمد دەستی لە پشت چاوەکانی دەنێ و سەیری باسکەکەی ئەو بەر دەکا ، دەبینێ پێشمەرگە زۆر بە پەلە گوندەکە چۆڵ دە کەن،بە ناو بەفرەکەدا بەرەو چیاکە دەڕۆن.

(دەبێ چ ڕوی دابێ؟)

دەنگی فرۆکە لە دوور دەبیسترێ،سەیری خوار خۆی دەکا پیاوێک زۆر بە پەلە دێ گۆچانێکی بە دەستەوەیە .

(پێدەچێ ئەوە مام سەلیمی موختاری گوندەکەی خوارو بێ ، بەڵام بۆ بە تەنهایە ؟)

بەپەلە دەچێتە لای و پێی دەڵێ:

مام سەلیم ماندو نەبی ئەوە چیت لێ قەوماوە وا پەشۆکاوی ؟

- ڕۆڵە گیان ، لە هەموومان قەوماوە، یارەب خراپتر نەبێ، سەربازانی دوژمن لە شەوی ڕابردوەوە گەیشتونەتە گوندی ئێمە، چەند ساتێکی تریش دەگەنە ئێرە،خەڵکی گوندی ئێمەیان هەموو لەخوار گوندەکە کۆ کردۆتەوە، بەڵام ڕاستیەکەی من نەچوم و خۆم قوتار کرد، زۆریان لە ژێر لێدان کوشتون.

مام سەلیم بەدەم ئەم قسانەوە بەجامانەکەی دەمامکی خۆی دەکات ودەستی خوا حافیزی بۆ محمد بڵند دەکاو زۆر بەپەلە بەرەو چەقەنەکەی پاڵ شاخەکە بەسەر دەکەوێ .

محمد ماوەیەك لەجێی خۆی دەحەپەسێ زۆر نابا هەلیکۆپتەرەکان دەگەنە سەر گوندەکە، سەرباز لە چوار دەوری گوند هەڵدەڕێژن .

خەڵکی گوند دەپەشۆکێن لەناو خۆیاندا بە گورجی موختاری گوند دەنێرنە لای سەربازەکان، بەڵکو بەم کارە خۆیان لە شەڕیان لادەن.

سەربازەکان داوای لێدەکەن کە هەرچی پیاوی گوند هەیە لەسەر گردەکەی بەرامبەر گوند کۆببنەوە .

موختار دەگەڕێتەوەو بەخەڵکەکە دەڵێ:

دەیانەوێ پیاوانی گوند بگرن.

پیاوانی گوند و ئاوارەکانیش بەرەو سەرگردەکە دەڕۆن بێ ئەوەی بە هیوای گەڕانەوە بن.

مام وسو ناتوانێ بچێ.

سەربازە موغاویرە مۆنەکان دەست بە ماڵ پشکنین دەکەن دەگەنە ماڵی مام وسو، ڕای دەکێشنە دەرەوە بەسەر بەفرەکەدا، گوایە ئەمە موتەمەڕید و یاخیە بە ئەنقەست خۆی لە جێ خستوە، پورە ئامین خۆ دەهاوێتە سەر دەستیان، بەڵام زۆر لەویش دەدەن و پەلاماری کچەکانیشی دەدەن،مام وسو بەڕاکێشان دەبەن، بەڵام کەس باوەڕ ناکا کە بە زیندویی بگاتە لای کۆ بونەوەکە .

ژنانی ئاوایی بە هیوای پیاوان نەماون، ناوێرن بۆ گریانیش دەنگ هەڵبێنن تەنانەت قسەش بە چرپەوە بەیەکەوە دەکەن .

فەقێ محمد لە چەقەنەکەوە سەیری خەڵکەکەی سەر گردەکە دەکا، لەناو دەوەنێك ،ساچمەزەنەکەی باوکی لە کەڕە گەڵاکە دەشارێتەوە، بە ترسەوە سەیری سەرباز و فڕۆکەکان دەکا،سەربازەکان یەك لەدوای یەك وەك زنجیر لەسێ لاوە دەردەکەون، دەوری گوندەکەش دەتەنن،کە بە قامچی لە خەڵکەکە دەدەن دەنگی هاوار دەگاتە لای ئەم، لێوەکانی خۆی لەڕقا دەکرۆژێ،یەکان زۆر بە تووندی دەوەڕێ وهەڵمەت دەبا،فەقێ محمد دەیگێڕێتەوە،بەڵام بۆی بێدەنگ نابێ ئۆقرە ناگرێ،زۆر بە تووندی دەوەڕێ،سەربازەکان نزیك دەبنەوە،یەکان بەرەنگاریان دەبێ،پەلاماریان دەدات،ئەوانیش تەقەی لێدەکەن و بریندارى دەکەن،محمد لە گەڵ خۆیان ڕا پێچ دەکەن ،مەڕەکان دەم لە لەوەڕ هەڵدەگرن،چاوەکانیان لە شوانەکەیان دەبڕن، وەك ئەوەی ماڵئاوایی کۆتاییان بێ.

سەربازەکان محمد بەرەو لای فرۆکەکە پاڵ دەدەن،هەر چەندە خۆ ڕادەپسکێنێ بەڵام وەك خۆ ڕاپسکانی چۆلەکە لە دەمی ڕێوي دا.

یەکان بەزوقە زوق قاچە بڕیندارەکەی هەڵَدەگرێ و بەشەلە شەل شوێنیان دەکەوێ،محمد چاوی لە تکە خوێنەکانی یەکان دەبڕێ،کە بەفرە سپیەکە دەنەخشێنن و شێوەی نەخشەیەك، نوسینێك، دروست دەکەن، ئەمە تاکە دەنگی بەرەنگار بونەوەیە لەم ساتەدا.

محمد بەدەم هەنسکی گریانەوە کەسەیری قوڵەباڵی مامی دەکا کە لە بەربایە تی وە مامیشی وا لەژێر قامچی جەلادەکان دەنگی دێ، سەیری کلێتەو زەنگاڵی دەست چنی خوشکانی دەکا کە هەمیشە زۆر نازیان دەکێشاو بەو بچوکیە بە کاکە بانگیان دەکرد ، سەیری بلوێرەکەی باوکی پەك کەوتوی دەکا، کە چارەنوسی نازانێ، سەیری قاتە شاڵەکەی دەکا،کە دایکی بەڕستنی پەنجەکانی تیك تیك بووە، سەیری جزوی مەلای گوند دەکاو هاوەڵ فەقێکانی

یەك یەك دێتە پێش چاو، فڕۆکەکە بەرز دەبێتەوە،یەکان بە لورە لور چاو لە فرۆکەکە دەبڕێ، وەك ئەوەی بەڵێن بدا تا لە ژیاندا مابێ بە هەموو فرۆکەیەك بوەڕێ، محمد چاوەکانی لە یەکان دەبڕێ .

(ئیدی کەس نیە شەوو نیوە شەوان لە سەر گردو بەردان قوت بێتەوەو بانگی یەکان بکا،یەکان لێرە بە بێنازی دەمرێ و خەڵکی پێی دەڵێن لاکێکی تۆپیو، بێ ئاگا لەوەی کە یەکان تاکە دەنگی بەرەنگاری گوندەکە بوو،فەقێ محمد پڕ بە دەنگی هاوار دەکا:

یەکان ن ن ن ن ن

دایکی محمدیش بە لۆژە لۆژ هاتوەو بانگ دەکا:

هۆ فەقێ محمد، کوڕی خۆم ،بگەڕێوە ماڵ،مەڕەکە جێ بێڵە.

یەکانیش لوت لە ئاسمان دەکاو دەڵێ:

ئووووووووو

دایکی و ئایشە گوڵ دەزانن کار لە کار ترازاوەو تازە فڕۆکەکە محمدی هیوای ژیانیانی بردوەو لە لای یەکان دادەنیشن ، بە دەم گریانەوە شوانە بچکۆلەکەو سەگە بە وەفاکەی دەلاوێننەوە.


Rabar Mohammed


Rabar Mohammed

چیرۆکی دووەم:

داستانی ڕەو

لە پەرتوکی یاداشتەکانی ماراسۆنی بە کۆمەڵی کۆڕەوە مەزنەکەی نەتەوەیە ک لە ئازاری ساڵی 1991دا:

ئەم چیرۆکەم لە یەکێ لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی ڕاپەڕینی ساڵی 1996دا بڵاو کردۆتەوە.

محمد عزیز لۆتەری.

—

بارانەکە سێ ڕۆژە بروکی نەداوە،خەڵکی بێ پسانەوە دەڕۆن،نیوە شەوێکی درەنگە ، بەلایتی ئۆتۆمبیل وتیشکی فانۆسەکان شەقامەکە ڕووناک بۆتەوە، برسی وسەرقژن وپێخاوس وخەواڵو، گەنجە کان لە ژێر کۆڵدا ملیان پێ دڕێژ بووە،پیر و پەک کەوتەو کڵۆڵەکان لە کۆڵی کوڕ و کچەکانیانن، ئەوانی تریش بەدارشەق وبە گۆچان وبە شەلە شەل ڕێ دەکەن،ئەوانەش کە کەسیان نیە لەکۆڵیان کا منااڵە کان دەستیان دەکێشن،پیر وگەنج ومنداڵ وژن وپیاو،تێکەڵاو بوون.

ئۆتۆمبیلەکانیش قافڵەیان ناپسێتەوە،لە هەموو چەشنێکن،تۆپتا،تراکتۆر،تەکسی وپاسکیل وماتۆڕ وعارەبانەی بچوک وگەورە،جۆرەها سەیارەی بار هەڵگر، سەریان تێک ناوە،بە پەنجەری ولە سەر ویل زۆر بە هێواشی دەڕۆن،دەنگ وگڕەگڕی ئۆتۆمبیلەکان لە گەڵ دەنگ وقیژە وشیڕە وزریکە وگریان وهاوارو بانگەبانگ وتەقەتەق وشڵپە شڵپی پێڕەوی ڕەوکەران تێکەڵ بوە،کەس ئاگای لە کەس نیە،خەڵکەکە هەموو ئەڵێی لە قوڕ هەڵکشاوون،شڵتو شۆیان لێ بڕاوە، سەرماو برسێتی وماندوییان لە بیرنەماوە .

ژنێکی گەنم ڕەنگ لەناو ئەوحەشاماتە سەری قژن بووە،زۆر پەشۆکاوە،ئاوی بارانەکە جۆگەلەی بەتیتکە سەرەکانی دابەستوە،هیچ بەزەیی بەپێ یە پێخاوسەکانی نایەتەوە،دەیەوێ درێ بەخەڵکەکە بداوپێش بکەوێ،لە سەرشە قامە کە جێ ی نابێتەوە،ناچاربە سەر قوڕەکەدابە شڵپە شڵپ دەڕوا،دەلینگەکانی هەڵکردوە،منداڵێکی بەباوەشەوەیە،پڕسکەیەکی تری بەکۆڵە وەیە،وەک منداڵ دەچێ،هیچ جوڵەیە کی نیە تۆبڵێی بەو باران وهاوارهاوارە خەوی لێ کەوتبێ؟؟!

ژنەکە بە هەمووهێزی هاوار دەکا:

هۆ کۆچە ر،کۆچە ر...

دەنگی نوساوە،هێندەی هاواربکا،لە بەیانیە وە ئەمە پیشە یەتی،،جار جارە لە بەرخۆیەوە دەی لاوێنێتەوە:

کۆچەرگیان ،کچە ژیرەکەم،خۆباوکت کە چوەوە بۆ کوێت ،ئەوشەوە زۆرگریای،نەنوستی تابەڵێنی ئەوەت لێ وەرنەگرت کە نەچێتەوەسەربازی،بەڵام بەیانی بەرلە وەی لە خەوهەستی ،ئەوسەفەری کرد،کەهاتە سەرت تۆ لە شیرینی خەودا بووی،دوا ماچی ماڵ ئاوایی لێ کردی،کۆچەر گیان

هۆ کۆچەر،ڕەحمەتتان لێ بێ کەس کۆچەری نەدیوە؟ هۆ کۆچەر.

دەنگی زڕ بوە، لە بەر بە خورِی بارانەکە هەست بە فرمێسکەکانی ناکەی، فرمێسکی دایک وفرمێسکی ئاسمان لەسەر ڕووی تێکەڵاو بوون،هەرچاوی دەگێڕا بەڵکو لە بەرتیشکی گڵۆپی ئۆتۆمبیل وفانۆسەکاندا کچەکەی بەرچاو بکەوێ،دووبارە دەستی بە لاواندنەوە ی دەکرد :

کۆچەر گیان، قژە نەرم و ئاوریشمیەکەت، دەنگە ناسکەکەت،چیم لە بەرچاو نەبێ، کچە خنجیلە جانتا لە شانەکەم، هەناسە ساردەکەم ،زۆرت هەناسە هەڵکێشاکە دەستەخوشکە خوا پێ داوەکانت شتی جوانیان دەکڕی،ئەگەر ئەو سەربازیە زۆرە ملێیە نەگریسیە نەبوایە،ئێستا باوکت لە کۆڵی دەکردی،کچە بێ مرادە ماندوەکەم،خوێندەوارەکەی دایە، سێ ڕۆژ و سێ شەو بوو بەڕێوە بوین ، بە سەرما بردوویی و برسێتی وخەواڵی وماندوویی، ئەستۆم شکێ بۆ لێت بێ ئاگا بووم ؟ ،هەر سات ناساتێ پرسیارت لێ دەکردم، کەی دەگەینەوە گوندەکەی خۆمان؟حەوت ساڵە لێمان حەرام کراوە،لە ساتی لە دایک بوونی تۆوە ،هەر بۆیە ناوت کۆچەر بوو.

ژنەکە تادێ هەنگاوەکانی خێراتر دەبن وزیاتر دەپەشۆکێ،بەرۆکی خەڵک دەگرێ:

ئەرێ کۆچەری کچمتان نەدیوە؟

منالّەکەی باوەشی یەک زریکە وەستاوە، لەسەرمان ولە برسان هەر دەگری، پیاوێکی پیر کە لە ژێر کۆڵەکەی ملی پێ دربژ بووە، بانگی ژنەکە دەکا :

-کچم،بوەستە،بۆ وا پەشۆکاوی؟؟

+ چیە ؟ کۆچەرت بینیوە؟ کوا لە کوێ؟

- نا،نا، ڕۆڵە ،ئەومندالّەی کۆڵت .....

پیاوە پیرەکە ناتوانێ ڕستەکە تەواو بکا.

ژنەکە بە پەلە تاقانە کوڕەکەی لە کۆڵی دەردێنێ، دەبینێ کوڕەکەی گیانی تێدا نەماوە، بە کۆڵیەوە مردوە، ژنە کە دەحەپەسێ و ماوەیەک ئەژنۆی دەشکێن، فرمێسکی ووشک بووە و دەنگی نەماوە، تابۆ ئاوارە بگری،دەنگە دەنگ وهاوار وبانگ کردنی ڕەو کەران بە هۆ بابە وهۆدایە وهۆ کوڕم وهۆ کچم ولاواندنەوەیان لە گەڵ گریان ولاواندنەوەکانی دایکی ئاوارەو کۆچەر ئەو دۆڵەیان ئاوەدان کردۆتەوە.

دایکەکە تا ڕۆژهەڵات ،لە ڕۆیشتن دەکەوێ،پاشان بە منالّێکی مردو ویەکێکی زیندو دەست بە ڕۆیشتن دەکاتەوە ،سەری بە هەنیسکانەوە هەڵدەقەنێ، هێزی هاوارکردنی نەما،بە حاڵ نوزەی لەبەر مابوو،دەیگوت:

کۆچەر و ئاوارەکەم،دوو کۆترە باڵە فڕەکەم،بۆ بەجێتان هێشتم ؟؟

چەند کەلاوێک لە قەدپاڵی شاخەکە دەرکەوتن ، شوێنەواری دێکەی دایکی کۆچەر بوون،هەرجەند ،خەڵک هاواری دەکرد :

کە س لە ڕێ لانەدا،چونکە ئەوناوچە مین ڕێژ کراوە.

بەڵام دایکی کۆچەر بە ناو کەلاوەکاندا دەڕاو لەلای هەر کەلاوەیەک تاوێک دادەنیشێ ودارو بەردەکانی دەدوێنێ ، خۆڵەکەی ماچ دەکاو ودەی لاوێنێتەوە،پاشان دەچێتە لای گۆڕەکانی گۆڕستانەکە ولای گۆڕی دایکی دادەنیشێ و بە دەم شیردان بە منالّەکەی دەڵێ:هۆ دایە گیان چەند بەخەم بووی بۆم،چەند پێت خۆش بوو منیش بۆ منالّە کانم خەم بخۆم،خۆ ئێستا دەزانم دە م بینی واسەرگەردان وڕەنجەڕۆم،،بەڵێن بێ دایە منیش هەر لێرە دەبم وئیتر بۆ هیچ کوێ یەک نارۆم.

الملاحق



الملحق رقم (٢٣)

صور موجة النزوح الكردي الثانية إلى اتجاه المختلفة ١٩٨٠- ١٩٨٨م.



المصدر ، www.google.com.eg

کچە کەی لە بن دارەکە دادەنێ ودەچێ هەندێ چیلکە کۆ بکاتەوە ،ئاگرێک بۆ خۆ گەرم کردنەوەی خۆی وکچەکەی بکاتەوە،بەڵام مینێک لە ژێریا دەتەقێ وبەباوەشە چیلکەوەدایکی کۆچەر پارچە پارچە دەبێ وهەر کوتەی ی دەپژێ بۆسەر کەلاوەیە کی گوندەکەو گۆڕێکی خزمەکانی .

خەڵکەکە ئەوەندە مەشغوڵ وپەشۆکاون ،تەنیا سەرێک هەڵدەبڕن بۆلای شوێنی تەقینی مینەکە، منداڵەکە ش تانوزەی لێ دەبڕێ دەگریا وئە ویش بە گیان ولاشە دەبێتە میوانی هەمیشەیی گۆڕەکەی نەنکی.....

الملاحق

الملحق رقم (٢٧)

صور موجة النزوح الثالثة ١٩٩١م







المصدر ، www.google.com

چیرۆکی سێیەم:

مردن دەرگای کۆبونەوەیە.

—

تاریکیە کی ڕەش ،باڵی بە سەر بەندیخانەکەدا کێشابوو، گیراوەکان کشومات بوون ، پاسەوانەکان هاتن دەرگاکەیان کردەوە و پیاوێکی پەڕپوتیان فڕێ دایە ژوور ، ئەوەندەیان بەتوندی فڕێ دا، نەقەی لێوە هات، کەس لە دیلەکان لە جێی خۆی نەجوڵا، تەنیا شێرکۆ گوتی:

ئەمەش کلۆڵێکی تر،، ئەرێ ئەوە بۆ وا بێ دەنگن ؟ دیارە لەم زیندانە تەنگ و تاریک و بۆگەنە،کەس تاقەتی قسەشی نیە.

تارمایی مرۆڤێکی تر لە قوژبنێکی بەندیخانە کە جوڵایەوەو گوتی:

چۆنی کاک شێرکۆ؟ دەزانم هەر لەسەر مەسەلەکە گیراوی.

شێرکۆ بە سەرسوڕمانێکەوە دەستی بە چاوەکانی داهێنا، تارماییە کی لاوازی بەدی کرد، پشتی بەدیوارەکەوە دابوو، قاچە چڵکنەکانی هەڵنابوون،ڕیشێکی قژی هەبوو،،شێرکۆ هەر چەند بەچاوی کڕیار سەیری کرد، بەڵام نەیتوانی بیناسێ، بۆیە لێی پرسی:

چۆنت ناسیم؟

= ئەی بۆ تۆ من ناناسی؟ من حەمەی هاوڕێ ی مەکتەبتم،تاسێ ی ناوەندی بە یەکەوە بووین،ئیدی من وازم هێنا و بومە فیتەر.

لە ڕۆژی هێرشەکە بۆ سەرگوند چوم بە هاواری ماڵی خاڵمەوە، بەڵام کەسم لە دێ یەکە نەدیت، سەیرم کرد هەموو کە بەرەو چەقەنەکەی پشت دێ ڕایان کردبوو ، هەمویان لەوێ مردبوون ،بەفریشیان بەسەردا باری بوو، دای پۆشیبوون،منیش لە سەرمان وبرسان وترسان هیچم پێ نەکرا، بە ناچاری گەڕامەوە، لە گەڕانەوەدا گیرام،دایکیشم هیچم لێ نازانێ.

پیاوە پەڕپوتەکە جوڵا، تەواو بێ هێز بوو، دیار بوو زۆریان لێ دابوو، بەتەمەن دیار بوو ،زۆر بەزحمەت توانی هەستێتە سە ر پێ، چاوەکانی لەگەڵ تاریکیەکە ڕانەهاتبوون،بەئەسپایی بە رەو لای حەمە هەنگاوی دەنان.

حەمە بەوردی سەیری دەکرد ،هەڵساو لێی نزیک بۆوە،حەمە باوەشی پێدا گرت و گوتی :

مام فەقێ حەسەن ئەوە تۆی؟ وام زانی خێزانی ئێوەش لەگەڵ مۆڵ بوانی ژێر بەفرەکەی پشت دێن؟ شکور ئێوە ماون.

حەمە ،مام حەسەن لە تەنیشت خۆی دادەنیشێنێ ، مام حەسەن بە جامەدانەکەی فرمێسکی چاوەکانی دەسڕێتەوە، بە هێواشی دادەنیشێ ودەڵێ:

حەمە گیان، قەت چاوەڕێی تۆ نەبوم،دەڵێی خوا بۆمنی هێناوی،لەگەڵ باوکی ڕەحمەتیشت بە فە قێیەتی زۆر گەڕاین،ڕاتوێمان زۆر بەیەکەوە کۆکردەوە،لە تافی لاوی شدا بە یەکەوە بوینە پێشمەرگە،هەر ئەویش سەبەب بوو خوا خێری بنوسێ ،کە لەو زەلکاوەی دەرێنام.

شێرکۆ بە سەرسوڕمانەوە تەماشای دەکردن،خۆی پێ نەگیراو گوتی:

کامە زەلکاوە، خاڵە، مەگەر پێشمەرگایەتیش زەلکاوە؟دڵنیا بە خوا خێری سەرشۆڕی بۆ دەنوسێ،چونکە هەرخوایە داوای سەرشۆڕی هەژار بۆ زۆردار دەکا،باشە خاڵۆ بۆ وازتان هێنا؟

مام حەسەن ویستی پاڵ داتەوە،بەڵام برینەکانی کولانەوە و فرمێسک بە چاوانی دا هات،بە دەم ئاخ وئۆفەوە گوتی:

با ژیانی کەسەکان و بنەماڵەکان وڵامت بدەنەوە ، من لە تەمەنی بیست وپێنج ساڵی بۆ ماوەی حەوت ساڵ ماڵ ومنداڵ وبنەماڵەکەم خستە ناو برسێتی و مەترسی یەوە، وەک ڕۆژی ڕوون چاوم لە حەتمیەتی سەرکەوتنی شۆڕش بڕیبوو، خەڵکانی تریش کە بەدەم مامۆستای من بوون لە دڵسۆزیان بۆ بنەماکانی شۆڕش،بەڵام لە تاریکی داگیرفانەکانیان پڕ کرد،باخەڵی ئاغاکان پڕترو باخەڵی هەژارەکان بەتاڵ تر بوو،دوای حەوت ساڵ زانیم کە ستەم کار هەرستەم کارە ، جا بە هەر زمانێک بدوێ ، ستەم کردن نەتەوەو دینێکی دیاری کراوی نیە، وەدەرکم بەوە کرد کە مرۆڤی گوێ لە مستی کەسانی تر ،جا لە برسان بێ یا لە ترسان،فڕی بە ئازادیەوە نیە وکۆیلە یە، زانیم ئەگەر یەکێک لە بەر دەوڵەمەندی ڕێزی خەڵک بگرێ شایانی چونە دۆزەخە،کە زانیم پیرۆزترین ووشەو باشترین جیهاد

هەڵشاخانە بەڕووی زۆرداری دا،کە زانیم مرۆڤی سەربەست ئەو کەسەیە کە تەنیا ملکەچ وگوێ لە مستی تاقە بەدی هێنەرەکەی بێ و لە خۆ بە خوا زانان دوور بکەوێتەوە،، بەڵام دوای چی؟ ؟خەسوم بە بێوەژن کۆشی بۆ بەخێوکردنی منداڵەکانم کۆچی دوایی کرد، باوکیشم بە حەسرەت وچاوەڕوانیەوە مرد،کە گەڕامەوە ناو ماڵ ومنداڵم ،کەوتمە گەڕان لە شاروبەران بۆچارەی خێزانە خێر لە خۆ نەدیوەکەم، بەڵام داخەکەم ،هەوڵم بە فیڕۆ چوو، لە سەرە مەرگدا خێزانم ،چاوە هەڵبزوڕکاوو کوڵمە قپوتوەکانی تێ بڕیم وگوتی حەسەن بەڵێنم پێ بدە کە باوەژن بە سەر منداڵەکانم ناهێنی، منداڵەکانم بێ مرادنەکەی،دایکم هەموو ژیانی بۆ منداڵی تۆ داناو وەسیەتی بۆ کردوم کە قوربانی بۆ بکەم،ئەوەمن وەسیەتی قوربانی خۆم ودایکم دەگەیەنمە تۆ،،ئیتر دوای ئەو وەسیەتە ڕوحی دەرچوو،،

ئەمەیە ناسنامەی شۆڕشی هەژارەکان،کاکە شێرکۆ،من واز هێنانەکەم ،مل کەچ نەبوون بوو بۆ هیچ زۆردارێکی ڕەش وسپی.

شێرکۆ:

ئێ دوایی هەرزوو باوەژنت بە سەر منداڵەکانت هێنا وانیە؟

حەسەن: نەشکور

شێرکۆ: بۆ؟

حەسەن: لە بەر ئەوەی خەڵک پێشەکەوتوو خواز بوون،داوای مارەیی و شیربایی زۆریان دەکرد ، سەیری دەمی کچەکانیان نەدەکرد کە چ دەڵێن بۆ شوکردن بە کەسێک کە ژنی یەکەمی بە خەم وخەفەتەوە کوشتوە.

حەمە کە دەمێ بوو چاوەڕێی هەل بوو، گوتی :جارێ تۆ پێم بڵێ چۆن گەیشتیە ئێرە؟

مام حەسەن هەناسەیەکی هەڵکێشا وگوتی:

حەمە گیان خۆت دەزانی دوای وێران بوونی دێ یەکەمان ،پەنام بردە بەر قەدەغەکە ی خۆمان،لە لای کارێزەکە کەلاوێکمان دروست کرد، کونجی قەناعەتمان تێدا گرتبوو،بەرگەی هەموو هەڕەشە ونەهامەتیەکمان گرت،دەرگامان واڵابوو بۆ هەموو میوان و ڕێبوار و پێشمەرگەیەک،هەر بۆ ئەوەی منداڵکانم بە پاروی حەرام وسەرشۆڕی پەروەردە نەکەم، نوێژ لە سەرزەویەک نەکەم کە داگیرکراو بێ و ئازاد نەبێ .

بەڵام کە هێرشە کە هات هەڵاتین،بەو بەفر وباران وکڕێوە ،لە برسان ولە بەر سەرماو ترس نەمان دەزانی ڕوو لە کوێ بکەین،هەورە بروسکەو بۆمبا بارانمان لێ تێکەڵاو بوو بوو،سەرەڕای نەخۆشی خۆم و ساوایی کوڕەزاکانم ،دایکیشم کەنەفت بوو ،خۆی بەسەرپشتی ئەسپەوە نەگرت،لە کۆڵم کرد، تا گەیشتینە سەرسنوور ،لە وێ گیانی

سپارد، ئەوەی ماینەوە دوو بژاردەمان لەبەردەم بوو ،یا ئاوارەیی ئێران،یا دیلی وتەسلیم بوون،لە ناچاری دا چوینە پەنای مستە شارێک، ئەویش زۆر نامەردانە فرۆشتنی، حکومەتیش پیرو منداڵ وژن وپیاوی لێک دابڕین، ئیدی ئەوە من لێرە فڕێ دراوم، کەسم نە ماوە.

زیندانیەکی تری پەڕیوت کە لەنکاوی کارەساتەکە ماوەیەک بوو لە پەل وپۆی خستبوو، لەوسەرەوە هەستاو بەرەولای حەمە ومام حەسەن هات، مام حەسەن بە ئەسپایی هەستاو بەدەم پێشوازی لێ کردنەوە گوتی:

کاکە شێخە ئەوە تۆش لێرەی؟

شێخە لە کاتێکدا خەریک بولایان دانیشێ گوتی:

ئەی خۆ هەرکەسانی شەرەف مەند لێرەن، مام حەسەن،چاوەڕێ مەبە ئەوکەسانە ببینی کە ناپاکی ودزی وبەرەڵایی دەکەن .

مام حەسەن :وە ڵا ڕاست دەکەی ،ئێمە تاوان دەرحەق کراوین و کەچی لە زیندان داین ، ئەوانەی تاوانیشیان بەرامبەر کردوین ،خاوەنی پلەو پایە وکاربەدەستن، تاوانبار بوون سەنگی مەحەکی پەسندیە لە ناو کۆمەڵدا، ئەوەی تاوانبار نەبێ کەس دانی خێری پێدا نانێ،کەواتە گشت کۆمەڵگانە خۆشە، ئەگەر نا،چۆن تا تاوانبار ترن، بە ڕێزتر وبە هێز ترن ؟؟

من مەگەر دوای مردن منالّ وبوک ونەوەکانم ببینمەوە، ئەگەرنا لە م دنیایەدا مەحاڵە،دایکی حەمەش تا دەتوانێ بۆ حەمە دەگریا،مەگەر خوا سێبوری بدا،منداڵەکانی کاکە شێخەش تا بێ ئومێد دەبن چاوەڕێی دەبن، کوڕی کوژراوانی قادسیەش بوونە خاوەنی کۆشک وتەلارو پلە وپایەو مافیان هەیە لە خوێندن وزانکۆو پلەوپایە کاندا، یاڕەبی منداڵەکان لە زیندااندا ئیمانیان پاریزراو بێ،تالەو دنیادا بەسەرفرازی پێ یان شاد ببمەوە، ئەگەرنا دنیا هیچ نیە.

شێرکۆ: نەزانی وداماوی ئەم گەلەی ئێمە لەوەدایە ،لە دوای دێ سوتان وگیران ولێک دابڕان و ڕیشە کێش کران، بە ئەفسانەی دوای مەرگ دڵخۆش دەبین، قەساب کە تێشکا ،دەڵێ بەگونانم.

حەسەن: ئەی ڕۆڵە گیان تۆ بڵێی ڕۆژان ببنە ڕێبوار، بێ کرێی فرمێسک وسزای ستەمکار؟؟ نا ،هەرگیز وامەزانە ئەم جیهانە ئەوەندە بێ هودە بێ،ئەوەندە بێ ئەنجام وئاکام بێ،دەبێ لێپرسینەوەی دوا هەوار هەبێ..

شێرکۆ:باشە خوا بۆچی ئەم پاداشتانە دەداتە ئێمە دوای مردن؟ لێمان دەترسێ؟ یان هەست بەتاوان باری دەکا؟ئەی بۆ لە دنیادا نامان داتێ؟

هەر بەوە بزانە ،ئەوە خەونی خەڵەتاندنی هەژارانە ولە بەرژەوەندی ستەمکارانە.

حەسەن: پەروەردگار لەبەر میهرەبانی بێ سنوری ئەم جیهانە پڕ یاسا وڕێسا و هاوسەنگەی دروست کردوە و لە شێوان پاراستویەتی وبەردەوامی پێ داوە،بەرنامەڕێژی وڕێنمایشی بۆ هەموو گەردیلەیەک لە گیاندار وبێ گیانەکان داناوە،هەریەکەیان بەپێی ئاڵۆزی وسادەیی پێکهاتەیی وبەڕێوەچونی، مرۆڤ بەهەستەکانی پێ زانینە سەرەتایی وخۆرسکیەکان هەڵدەسەنگێنێ ، بەهۆش وئەندێشە وئەزمونەکانی شیان دەکاتەوە، لە ئەنجام دا دەگاتە ئەو دەرەنجامەی مەبەستی بوونی خۆی دەزانێ وچاوگ وبەدیهێنەری بونەوەر دەناسێ،باوەڕی بەوەش دەبێ کە ئەو بەدیهێنەرە تواناکانی بێ سنورن و بەڵێنەکانی جێی متمانەن، بۆیە بەهەشت و ژیانی دوای مردن ،دەبنە هۆی ئەوەی مرۆڤ هیچ کات مل شۆڕی قبوڵ نەکا،وەک ئەبو زەڕ بە ڕووی هەموو جۆرە ستەم وجیاوازیەک هەڵوێستی بوێرانەی هەبێ، ئیمانداران بە پاداشتی پەروەردگار،نە لە ستەم کار دەترسن ونە کلکە سوێی دەوڵەمەندان دەکەن،چونکە وڵاتە بێ سنورەکەی ئەوان لە م جیهانە سنورداردا بنیات نانرێ وجێی نابێتەوە،،کە هەیان بێ ،زۆر بەخشندەن،کە نەیانبێ زۆر چاوتێرن، بێداری شەوان وخەباتکاری ڕۆژانن،بەمەش بوونە هاوشانی پەیام بەران.

شێرکۆ:

خاڵە،مەسەلەکە بڕوا بوون بە بەهەشت نیە، بەڵکو بوونی چینایەتیە، چینی دەسەڵات دار هەمیشە هەوڵی لە ناوبردنی هەر چینێک دەدا کە مەترسی شەڕە چەپۆکی لێ بکرێ، نایەوێ سامانی کەڵەکە بووی باپیرانی لە دەست دەربچێ .

مام حەسەن بەدەم خاوێن کردنەوەی خوێنە مەیوەکەی قاچەکانی ،گوتی :

ڕۆڵە گیان،سەدام وهیتلەر و ستالین وتیتۆ، کوڕی هەژار بوون،هەمویان سەردەمێک ،سرودی سەرزاری ڕۆشنبیرەکانی گەل ونەتەوەکانیان بوون، ئایا چیان زیاتر بوو لەپاشاکان وقەیسەر و کیسراکان ؟؟

کە مێژوو بە ستەمکاری داناون ، بەڵام ناحەقت ناگرم، ئێمەی نیمچە خوێندوار، بەهۆی ئەوستەمەی لێمان کراوە، بۆ چرا ڕەشکەیەکیش سەما دەکەین و بە خۆری دەرەخشانی دەزانین، هەر تروسکەیەک ناوێکی بریقەداری لە خۆی نابێ،ئێمە بوینە پەروانەی هەڵپڕوزاو بۆی .

نەخێر ڕۆڵە،چینایەتی هۆکاری ستەمەکە نیە، جیاوازی چینەکان لە جیاوازی عەقڵ وپیشە وخولیاو هونەر وئارەزووی مرۆڤەکانەوە سەرچاوەی گرتوە،هەر دەشمێنێ،نەمان وبنبڕکردنیشی ئەوپەڕی بیر تەسکی و ستەم کاری وتاک ڕەوی وبنە بڕکردنی هاوسەنگی و فراوانی فرە ڕەنگیە،تۆی چین پەرست،کە هەموو حەق لە چینەکەی خۆت

دادەبینی وچینەکانی تر بە ستەم کار،جاکە بویە فەرمانڕەوا،دیکتاتۆری چینەکەت ڕادەگەیەنی وگشت چینەکانی دیکە زیندەبەچاڵ دەکەی .

کێشەی ئێمە نەبوونی دەوڵەتیش نیە،بیست ودوو دەوڵەتی عەرەب وسەدان دەوڵەتی جیهان ، کە ناویان دەوڵەتی سەربەخۆیە، کەچی زیندانەکانیان پڕن لە گیراو و گەلەکانیان ژێر دەستەو چەوساوەن، حاکم وفەرمانڕەواکانیان پاسەوان وپارێزەرێ بەرژەوەندیەکانی زلهێزە بەرژەوەندی پەرستەکانی ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوان .

شێرکۆ:

بەڵام کێ دەڵێ ئەو پێغەمبەرانەی داوای بوونی خوا و غەیب و ژیانی نەبڕاوەیان کردووە ،هەر بۆ گەیشتن بە پلەوپایە نەبوە؟! .

حەسەن:مرۆڤ هەربە خۆڕسک باوەڕی بە خالق وبەدی هێنەرێک هەیە،بەڵام یان زیادە ڕەوی لەو بڕوایەی هەیە،یان مافی خۆی ناداتێ، پەیام بەران هاتوون ،بۆ ئەوەی مرۆڤەکان ئەو زیادە ڕەوی وکەمتەرخەمیە نەکەن، ئەوان ڕێنمایی کەروو ئاڕاستەکەرن،نەک گیرفان پڕکەرو گزی کەر،کە سامانی گشت پێغەمبەران کۆ بکەیەوە، هێندەی پێشەواو سەرۆکێکی ئەم سەردەمەیان نەبوە.

ئێمەی سنوردارو بێ دەسەڵات ونەزان ،نەک هەر پەی بە دروست کار و پەروەردگار نابەین ، بەڵکو پەی بە خۆشمان نابەین،ئێمە وەک ئەو نوستوەین کە تازە لە خەو هەستاوین ولە ژووری تاریک چوینەتە بەر خۆر، تا چاو هەڵ دەگلۆفین ،دەمرین، بۆیە هۆشیاری وبێداری ڕاستەقینە وبینینی ڕاستەقینەمان دوای مردنە..

⊞⊞⊞⊞⊞⊞⊞⊞⊞⊞⊞⊞⊞⊞⊞⊞⊞⊞⊞⊞

لە بەرەبەیانێکدا کە چۆلە کەکان تازە بێداربونەوەو جریوەیان دەهات،لەم گۆشەی بەندیخانەشدا ،نااڵە وئاخ وئۆفی چەند برسی و بریندارو پەککەوتە ونەخۆشێک دەبیسترێ، بۆنی عەرەق وخوێن بەری لوت دەگرێ،دەبێ ئەم ڕۆ چ

برپارێکی لە گەڵ قەدەری خۆی هێنابێ بۆ ئەم دیلانە؟

ئەم دیلانە کە ئەم چەند ڕۆژ کۆبونەوە کردونیە خێزانێک، نوێژەکانیان بە تەیەموم دەکەن و زۆربەی کاتیان بە زکرو نوێژ بەسەر دەبەن،بەڵام مام حەسەن سەرماو برسێتی وپیری توشی نەخۆشیەکی کوشندەیان کردوە ،بۆیە دەیانەوێ بەری بدەن و ئەرکی لە چاڵ نانی لە کۆڵ خۆیان بکەنەوەو بۆیەکی مرۆڤ پەروەریش لە ڕووی ڕەشی ڕژێمەکەیان بدەن، بەڵام هەر ئەمڕۆ هەریەک لە شێخە و شێرکۆ بەرەوسێدارە دەبەن،مام حەسەن دەستیان لە

مل دەکاو پێ یان دەڵێ، ئەمە ڕێگەیە وئێمەش ڕێبوار،تاکە تونێلیش بۆ ئەوەی لە مەلەکوتی باڵای ڕوح لە دایک ببینەوە ، ئەوەیە کە بمرین، باوەڕتان بەوەبێ کە مردن بۆ ئێمە دەرچونە لە مەینەت، ڕۆیشتنە بەرەو سەرفرازی و نەمری ومیهرەبانی ، سەلاممان بگەیەننە مامۆستاو پێشەوایانمان، پاسەوانە ڕەشپۆش ودەمامک ڕەشەکان لە چاو تروکانێکدا هەردوکیان بردن، پاشان مام حەسەن وحەمەش ماڵ ئاوایی لێک دەکەن، مام حەسەن دەهاوێژنە ناو زیلێکی عەسکەری و لە نزیک شارۆچکەیکی ناوچەکەی خۆی فڕێی دەدەن .

مام حەسەن خۆی داوێتە سەرگۆچانەکەی وبەلۆژەلۆژ خۆی دەگەیەنێتە ناو شار ، ڕیشێکی قژن وجل وبەرگێکی شڕ و شێوەیەکی نامۆ، هەر بەلادا دەکەوێ،نازانێ ڕوو لە کوێ بکا.

شوفێرێک هاوار دەکا:

خاڵە ،دەتەوێ خۆتمان پێ ساغ کەیتەوە،گیرفانمان زۆر پڕە!.

مام حەسەن بەپەلە دەگەڕێتەوە، دەست بە دیوارەکە دەگرێ، کە بە دروشمی بریقەدار بەجۆرەها ڕەنگ نوسراوە، لە بەر خۆیەوە دەڵێ:

کاکی شوفێر، میرات گرم لە سەر زەوی نەماون، مەترسە، گیرفانت بەتاڵ ناکەم، ئێستا کە منداڵەکانم زیندە بەچاڵ نەدەکران، دەهاتنە پێشوازیم خۆزگە هەر لە بەندیخانە مردبام، ئێستە کێ نانێکم دەداتێ؟

بەرەو مەخزەنێک دەڕوا کە لۆریەک ئارد ڕاوەستاوەو کۆمەڵێک ئارد دادەگرن، هاواردەکا:

کاکە ئەوە عەمباڵی دیکەتان ناوێ؟

یەکێک لە حەمالەکان:بڕۆ خاڵە شەڕمان لێ لادە،تۆ ئەوە ناتوانی بەڕێوە بڕۆی،ئەم کارە بەتۆ دەکرێ؟

مام حەسەن بە دەم ڕۆیشتن بەرەو مزگەوت دەڵێ:

بەڵام تۆ بڵێی بتوانم دەست پان بکەمەوەو سواڵ بکەم ؟ لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا کە لە مزگەوتان دەماینەوە، هەر سواڵکەرێک بهاتایە ،هەڤاڵەکانم دەیان نارده لای من ودەیان گوت مەلا خێر دەکا و دەیەوێ بچێتە بەهەشتێ، سواڵکەریش بە کەسیفی دەهات داوای لە من دەکرد،،منیش لێی تورە دەبووم، ئەویش بە نائومێدی دەگەڕایەوەو دەیگوت، جولەکەش لە مەلایان چاکترن .

لە دوای وازهێنانیشم ،ئەوەندەم نەبووە تاخێری پێ بکەم ،ئێستاش واخۆم لەبەر قاپی کۆمەڵگا مشەخۆر وسواڵکەرم،جا ئیدی کۆمەڵگا خۆی و ویژدانی ..

مام حەسەن بەدەم ئەم خەیاڵانە ،خەریک بوو لای سواڵ کەرێک دانیشێ، سواڵکەرەکە بە تورەیی پێی گوت:

خاڵە لێرە دامەنیشە، من ئەوە چەند دانیشتوم هیچم وەرنەگرتوە، برۆ بۆ خۆت شوێنێکی دی ببینەوە.

مام حەسەن زۆر گەڕا،ماندو بوو لە قوژبنێک دانیشت،سەری بەر خۆنا،زۆری برسی بوو ، لە بەر خۆیەوە دەیگوت:

لەم بازاڕە سەری ئارو مێرووی تێدایە، شتی وای لێیە هەرنەت دیوە، کەچی کۆنەپەرستی وەک حەواندنەوەی نامۆ وغەریب و داڵدەی میوان و ڕێبوارو پەک کەوتان ودڵ فراوانی ،لە م بازاڕە دەست ناکەوێ،شارێکی هاوچەرخ دیارە .

جلە چڵکن وشڕەکانی وسەر و ڕیش وسمێڵە سپیەکانی خەڵکیان لێ دەڕەویەوە،کەسانی گەنج ودیسکۆ پێ یان ڕادەوارد و دەیانگوت ،خاڵە کەی لیرەو کیلۆ زێڕەکانت ئاشکرا دەکەی ؟ دواتر پێی پێ دەکەنین و بەجێ یان دەهێشت، تا ڕۆژ ئاوا چەند فلسێکیان دابویە، چوە چێشتخانە یەک،شاگردەکە ویستی دەری بکا،بەڵام مام حەسەن پارە وردەکەی بۆ لە سەر مێزەکە هەڵ ڕشت، وەستاش خێرا پارەکەی لە دەخیلەکە کردو بە شاگردەکەی گوت نان وچایەکی بۆبێنێ، باقیەکەشی چوە پاڵ ئەو باقیە زۆرانەی تر کە لەم دنیایەدا بۆی نەگەڕێنرانەوە ، مام حەسەن نانە کەی خواردو تۆزێک دانیشت خاوەنی چێشتخانەکە گوتی خاڵە ئێرە ئوتێل نیە، مام حەسەن لە چێشتخانە کە هاتە دەرەوەو نیازی مانەوە لە مزگەوتی هەبوو، وای زانی وەک مزگەوتی گوندانە، بەڵام سەیری کرد دەرگای مزگەوت داخراوە، بە نائومێدی گەڕایەوەو بە کۆڵانە پێچاوپێچەکاندا، لەبازاڕەکە دوور کەوتەوە ، لە کۆڵانێکی چۆڵ ولە پشت باڵەخانەیەکی چەند نهۆمی لە بەر ماندو بوون وهیلاکی وبێ ئومێدی بە لادا هات وکەوت،بەدەم گریان ونااڵەو ونوزەیەکی کز، منداڵ ونەوەکانی وەک تارمایی دەهاتنە پێش چاوی، مام حەسەن چاوەکانی لە ئەستێرەکانی ئاسمان بڕیبوو،کە هەر ئەستێرەیەک ببوە ترمایی یەکێ لە ئازیزانی کۆچ کردووی،هەوڵی دەدا دەست ڕاکێشێ و بێ ئەوەی جگە لە بیستەر و بینای بانی سەر کەس گوێی لێ بێ، دەیگوت ،ئەی پەروەردگار،دەزانم تەنیا مردن ،دەرگاو جێگای کۆبونەوەیەو لە مەینەت دەرچونە،دەڕێم بدە بامنیش بێمەوە لای تۆ، اشهد ان لااله الا الله واشهد ان محمد رسول الله.

مام حەسەن بەدەم ئەم ئازارو موناجاتەوە، ئەوەندەی پەروەردگاری ویستی لەسەربوو مایەوە،دانیشتوانی ئەو کۆشکە ی کە لە تەنیشتی بوو وبە پارەی هەرزان فرۆشکردنی ئەنفالکراوان دروست کرابوو ، لە بەر کەیف وسەفای خۆیان ئاگایان لەو نەبوو،بەڵام ئەویش ئاگای لە سەرماو ماندوێتی نەما.

لەناخی خۆی و لە دڵ ودەروونی خرۆشاوی و بەفرمێسکی چاوان وئاماژەی دەستەکانی ونوزە کزەکانی ئەم نااڵەی خەمەی دەگەیاندە مەلەکوتی ئاسمان و وەک دوا پەیامی ئەم ژیانە لەگەڵی ئاوێتە بوو بوو..

ئەمە نااڵە ی خەمە،،

شیوەنی کەس وکار جینۆساید کراوێکە، بۆ قاپی میهرەبانی بەبەزەیی وبۆ مێژووی ڕەش پۆشی دەنێرم ..

ئەمڕۆ لە م شارە وێرانە

لە ناو ئەم کۆڕی ژیانە

ئەشک و هەنیسک وفرمێسک

ژانی مۆخ وخوێن و ئێسک

لە ناو ناخ کەڵەکە بووە

خەمی درێژی ڕابردووە

ئەمڕۆ و سبەی تارماییە

تەمی دوێنێ وچانی نیە

هەرەسێکی ماڵ وێران کەر

مێژوو ڕوخێن،ئەزمون داخ کەر

کوێر بووچاوم،کەڕ بوو گوێم

نازانم ڕێبواری کوێم؟

بەڵام کەلاوەی مێژوو

ئەو خانوەی بوو بە ڕەژوو

بۆ هەمیشە سەرای پشوە

جێگەی ئاوارە وماندوە

ئەو تارماییە ڕێبوارە

هەردێ ودەچێ لەم شارە

ئۆقرە ناگرێ تا ئێوارە

دیارە شێت وشەیدای یارە

میوانی نەنە مێژووە

وێڵی ناخی بزر بووە

لەم شارە بێ خەندەیەدا

لەم لاڵیە بێ دەنگیەدا

مامەی ڕیش سپی بێ چارە

کۆتری بێ لانەو ئاوارە

چڵکن وبێ پەتی وبێ مراد

سەرکز و داماو و و ناشاد

کروشمە بوە بەتەنێ

کوا خەڵکی بۆ گوێی نادەنێ؟

بۆچ ناپرسن لە ئەشکی ڕوون؟

بۆ سەودا ناکەن،سۆی دەروون؟

بۆ نازانن خەندەی باوە

لەگەڵ ڕۆڵانی دزراوە ؟

بۆ نازانن خەنینی منااڵ

بێ بەش بوون لێی زۆر تاڵە تاڵ؟

کە دێتە گوێی نوزەی شەوێ

دڵ بەژوارە،دەچێ سوێ

کە دەکا یادگاری جاران

کۆبونەوەی سبە و ئێواران

کێ نازی خەندە دەکێشێ؟

کێ بۆ ژانیان لەشی دێشێ؟

کێ بەیانی زەردە پەڕێ؟

لەگەڵیان پەرێز دەگەڕێ؟

بۆ کۆشکی کێ ڕەنج دەکێشن؟

لە دوای کام بەند ئەشک دەڕێژن؟

لە کام چاڵا دەناڵێنن؟

لە چ مەزرێک دەنوزێنن؟

کام گورگ ناخیان دەکۆڵێ؟

دەکا دەست لە ملی ناسکۆڵێ؟

ئەی شەو بێدارم ،بابگرین

تائەوساتەی ڕێی مەرگ دەگرین

شەوگاری تاریکی فرەڕەنگ

خەم وخۆشی ،سادە و قەشەنگ

قەڵای ڕەشی مرۆڤانە شەو

بۆمن بێداریە،دوور لە خەو

نوزەی کوانێ ڕۆڵەکەم؟

تریقەی نایە کێژۆڵەکەم؟

کام قەلەڕەش ناخ دەکۆڵێ؟

لێی دزیم کابانی لانکۆڵێ؟

ڕۆڵە یادت دەم هەژێنێ

خەمەکانم دەدوێنێ

خونچەی باخی دوا؟ڕۆژبووی

بۆکۆشی سۆز بە پەرۆش بووی

بولبولی مەستی ئاسۆمی

خوێنمی،پارچەیەک لەخۆمی

باوەشێنی پشکۆی دڵی

چاوگی ئەشکی بەکوڵی

خەندەت ڕێبواری دەروونە

نازانی باوە زەبوونە؟

شاتابلۆی ئەم گەردوونەم

تۆبووی شاخۆزگەی ئەم ژینەم

کەی چاو لە چاوم دەبڕی؟

هەناسەی قوڵت دەچڕی؟

لە ناخما دەتوێ یەوە

لە گەڵ ئاخم دە تلێیەوە

بە گریان وئەشکەکانت

گڕوو وفرمێسکی شەوانت

چاوی ڕەش وقژی نەرمت

قسەوگوفتاری پڕلەشەرمت

بۆتە وێردی ڕۆژگارانم

بۆتە سرودی شەوگارانم

لە گەڵتا ئازار دەچێژم

فرمێسکی سوێر دەڕێژم

لەگەڵ ئاواتی دوورتدا

لەگەڵ برین وژوارتدا

ڕێبوارێکی هەرنەخەوم

شەونخونی درێژی شەوم

ڕۆڵەی ژیانم ،واهاتم

سروەی شەوانم واهاتم

ڕێبوارێکی کۆڵ پڕ لە ژوار

لە بیابانێکی بێ بەهار

لەگەڵ فرمێسک ،شەوانە

بوینە هاوڕێ لە م بیابانە

کواسایەی ماندوی ڕۆژگار؟

کوا سێبەر بۆ هەڵگری ژوار؟

کوانێ شەماڵێکی پایز؟

بۆ م بێنێ پەیامی ئازیز؟

هۆ ورشەی مانگی زیوین

باهەردوو هاودەم هەربگرین

من تەنیایەکی ڕۆژگارم

کڵۆڵێکی بێ دەوارم

لاشەکەم خێوێ دەنوێنێ

وەکو تارماییە کەی دوێنێ

زیندو ومردوو دەهەژێنێ

چریکەیەکی بەرزی مێژووم

لەبۆتەی دێرین ڕاهاتوم

ئەوەندەی وەلی بۆشەم

لەدڵم گرتوە ژان و خەم

پاروویەکی چەوری ژینم

ڕەش بووە دڵم وبەقینم

بومەتە شاگردی ڕۆژگار

چاوێکی بە شەو چاوەنوار

بای ڕۆژئاوا سرودی هیوا

خەونی دوورو کۆشی بریا

بای ژووروووش ڕوو تەزێنە

لێی گوم کردوین خەزێنە

کەچی ئەی ئەمڕۆ بۆچی

بۆتە قەتاری کاروانچی؟

گشتیان سرودی بێ هودەیین

بومەلەرزەی بێ بەزەیین

ئەزمونیان کردۆتە پاروو

کڕیان هەست وهۆش وبازوو

لەناو بێشکە هەژاندیانین

بۆ دوا جار ماندیانین

ڕۆڵەکانم،کڵۆڵەکانم

سێبەر من و سێبەرتانم

من زریانی ماڵ هەڵگر نیم

گەردەلولی وێرانکەر نیم

شنەی شەماڵێکی شەوم

بێ وچان وسڕەوت وخەوم

هەرچەندە منتان نەدیوە

دوژمن ئێمەی لێک دزیوە

بەڵام وێنەی مناڵ دزراوێ

بێ جێ وڕێ وبێ ماڵ ماوێ

لە خەیاڵتان شەپۆل دەدا

وانەی خەمۆکی دادەدا

وشکی بیابان،زەریای بەرین

ناتوانن بخنکێنن ئەوین

پەیکەری مێژوو دەتاشم

لە دامێنی چیاو شاخم

کاکۆڵی جوان دەبزوێنم

مەل وباڵندە دەدوێنم

پرسیار دەکەم لەم بیابانە

کام هۆبە هی ڕێبوارانە؟

ئازارەکان بەچڕپەوە

دەخەمە بۆتەی میژووەوە

بەخوێنم دەیاننوسمەوە

بە هەنگاو دەیانهۆنمەوە

نەڕەشایی وتاریکی شەو

نە مت بوون ونەپرخەی خەو

لە خۆشەویستی وەم ناکەن

لە خۆنەویستی خۆم ناکەن

هەرچەند زۆر سەرشێتانە

بدەن لەو دڵە سەرگەردانە

ڕازونیازی منە بۆ وەیە

تەنیاناوی وەی پێوەیە

واتێ مەگەن کەمن ماتم

ڕۆڵەکانم،ئەواهاتم

چاوەڕێ بن لە ئێواران

بۆتارمایی ون بوی جاران

بۆو مرۆڤە بە نادڵە وخەمە

تارماییە یاخود تەمە؟

بەتاریکی شەوان دادێ

تەم ومژی ژیان دەبڕێ

نا دڵنیابن بێزاران

زریکەی ئەم جارە وەک جاران

بریایەکی خوازراو نیە

تەراویلکەی بیابان نیە

دێم ودەتان نێمە ئامێز

هەڵدەڕێژم ئەشکی بەسۆز

باوکێکی جگەرسوتام

لە نازتان بێ بەش کراوم

ئێوەی بێ ناز زۆرگریاون

جەرگ ودڵی منن،پڕژاون

هەردوو بۆیەکتر بەتاسە

بۆیەکتر بوینە هەناسە

هەرچەند تائێستا مەحاڵە

خەونەومۆتەکەی خەیاڵە

بەڵام دەگەینە سەربەستی

بنیات دەنێین خۆشەویستی

.....

هەرزوو لاڵانەوەکەی مام حەسەن وڵام درایەوەو ئەو ڕوحەی کە لە بنچینەدا هی ئاسمان بوو گەڕایەوە ئاسمان ولاشەی گڵیش لە سەرگڵ بەجێما.

مام حەسەن بەچاوی کراوە وبەدەمی بەخەندەو پێکەنینەوە گیانی دەرچو....

1992-ڕانیە...


كل رسالة-15-3
قارئ PDF
الملحق
الملحق رقم (٨)
صور المقابر الجماعية في حملات الأنفال
Shatelarab.com
المصدر ، www. Google.com .eg
٢٠٠
الملحق
ملحق رقم (٩)
خارطة الإبادة الجماعية للبارزانيون

كل رسالة-15-3
قارئ PDF
الملحق
الملحق رقم (١٠)
صور لحملات الأنفال ونقل المؤنفلين.
المصدر ، www.google.com.eg
٢٠٠٢
الملحق



الملحق رقم (١٦)

خريطة قصف مناطق الكردية بأسلحة الكيماوية

المصدر ، **فەرید ئەسەرد ، ئەتلەسی سیاسی** ، مرجع سابق ، ص١٦٠.

٢٢

الملاحق

الملحق رقم (١٧)

صور قصف الكيماوي على حلبجة ١٩٨٨م.

صور لنزوح الكرد الفيليين ١٩٦٨– ١٩٧٥

المصدر : www.google.eg

چیرۆکی چوارەم:

تاوانباری بێ تاوان.

چوار مانگە ئەو کەلاوە بۆتە جێگەت، بە ڕۆژ شاخە پڕ بەفرەکەی ئەوبەر ، کە لە پەنجەرە بچوکەکە وە سەیری دەکەی، بۆتە شاشەی یادگاریەکانت، شەوانیش بێجگە لە ڕوناکی جگەرەکەت وهەورە بروسکە ڕوناکی دیکە نابینی، بۆ سەرە ژەمەکان نەبێ ،کە چۆڕە شۆرباوێکت بۆ دێنن،ئەگەرنا مرۆڤیش نابینی، سێ شەوو ڕۆژە بەفر دەبارێ .

ئێوارەیە،وەکو خوی خۆت،لە ژوورەکە پیاسە دەکەی،لە وچۆڵیە پاکەتت دەست ناکەون،ناچار توتن وپەڕە سیغارت پەیدا کردون ، لە کەلێنی دەرگاکەوە سەیری دەرێ دەکەی،لە سپیایی بەفر بەولاوە،چی تر نابینی،هەر چەندە دەنگە دەنگ وهاوار هاوار و تۆپ بارانێکی خەستت گوێ لێ یە، بەڵام نازانی چ باسە؟ ژانت گرتوە،لەم تەنیاییەدا، قمێکت لە سیغارەکە دا،لەگەڵ بەبا کردنی دوکەڵە کە ئاهێکت هەڵکێشا،لە لای دیوارەکە وەستای،،

(* من دەزانم چوار مانگە دیلم، بەڵام لەوانەیە پێچەوانەکەی ڕاستتر بێ،چوار مانگە سەربەستم، کاتێک منداڵ بووم ،پیاوێکی کزۆڵە نازی دەکێشام،من بەو مرۆڤەم دەگوت بابە،ماڵمان لە شارێکی گەورە بوو، من هەروەک ئێستا تەنیاو دیلی ژوور بووم،دایکم زۆربەی کات لە ماڵ نەبوو، هەندێ جار دایکم لە گەڵ خۆی دەیبردم ولە ماڵی نەنکم بە جێی دەهێشتم،نەنکیشم هەر لە دەڵاڵی دەزانی،بە بیرم نایە جارێک دایکم ونەنکم ماچیان کردبم، دایکم هەر خەریکی خۆ جوان کردن بوو*)..

خولێک بە ژوورەکەدا سوڕایەوەو لە قوژبنەکە هەڵتروشکای و چاوەکانت لە سەریەک دانان.

(*دایکم دوو مانگ بوو بزر بوو،باوکم بەیانیان دەچوە ئیش و ئێواران بە خەمباری دەگەڕایەوە،بەڵام من بڕوی هەردوکیانم نابوو، لەگەڵ باوکم زۆر نەژیابووم،دایکیشم گرنگی پێ نەدەدام،خوا خوام بوو کەس لە ماڵێ نەبێ، تا نوێنەکان لە سەریەک دانێم و یاریان پێ بکەم،تا ماندوو دەبووم یاریم دەکرد، پاشانیش لە لایەک خەو دەیبردمەوە،بەیانی کە هەڵدەستام برابوومە سەر جێگاکەم، هەندێک خواردنیان لە پەنا دانابووم،دەم خواردو دەمەوێست دەرگا بکەمەوە،بەڵام مخابن دەرگا داخرابوو،لەلای من ئەوشارەی ماڵەکەمانی لێ بوو،شارێکی گەورە بوو،بەڵام من نەم دیبو،لەژوورەوە تورە دەبوم و زۆر جار ئەوی بە بەر پەلانم کەوتبا دەم شکاند .

ئێوارە کە باوکم بەخەمباری دەهاتەوە،نە چاک نەخراپ هیچ نەی دەدواندم،ماندوو وخەمباربوو،هەر ئێوارە خەوی لێ دەکەوت،من نەم دەزانی کەی دەمباتە سەرجێ؟ بەیانی کە هەڵدەستام ،ئەو لە ماڵ نەمابوو*)

ڕەشەبا تونددەکە،خەیاڵەکەی پێ بڕی،

خۆت خڕ کرد بۆوە،زۆرت سەرما بوو، دەنگی مەڕ ومااڵت وخەڵکی لە دوورەوە لەگەڵ دەنگی ڕەشەباکە تێکەڵ بوو بوو،دەستەکانت لێک خشاندو خستتە ناو ڕانەکانتەوە،خەیاڵ بردیەوە بۆ ئەو ڕۆژەی دایکت گەڕایەوە.

(*وەکو ئێستا دیل بووم،لەپەنجەرەکەوە چاوم لە دایکم بوو، بەپەلە بەرەو دەرگاکە ڕام کرد،دایکم دەرگای کردەوەو پاڵێکی پێوە نام، منیش لێی کشامەوە، پاشان پۆلیسێک هات ، کە باوکم هاتەوە لەگەڵ پۆلیسەکە ودایکم بووە هەرایان، من هیچ تێ نەدەگەیشتم،باوکم هەڵی گرتم و بردمیە پێش پۆلیسەکە وبە تورەیی گوتی : ئەوە کوڕی من وئەو ژنەیە، پاشان دایکم پەلی گرتم وبردمیە ماڵی نەنکم، نەنکیشم بردمیە ماڵێکی دیکە و بە جێی هێشتم ، من

نەمدەزانی هاتومە کوێ؟بەڵام باکم نەبوو، بۆمن هەموو شوێن وەک یەک بوون،هەر نیوە تێر بومایە ،بەسم بوو،ماڵەکە ئەوەندەی لە ماڵ بووم ئیشی ناوماڵ و منداڵە بەریان پێ دەکردم ، لە دەرەوەش شوانی بەرخ وکاریلە و ڕەزەوانی، لە شوێنێکی تاریکی دوور لە خۆیان دەیان نواندم، هەرچەند هاوارم بکردبایە کەس بە دەنگمەوە نەدەهات،دوای دوو ساڵ دایکم هاتە لام و بۆ یەکەم جار ودوا جار ماچی کردم،لە گەڵ خۆی بردمیەوە شار،چوینە ناو باڵەخانەیەکی گەورە،باوکیشم لەوێ بوو،دایکم نەی هێشت بچمە لای،چوینە ژووریێکی گەورە،خەڵکی زۆر و کورسی زۆری لێ بوون،پیاوێکی عەینەک لە چاو هەندێک لە گەڵ دایکم وباوکم دوا،پاشان لە باڵە خانە کە چوینە دەرێ،لە بەر دەرگاکە باوکم لەنەنکمی ستاندم و ماچی کردم ودەستێک جلی دامێ،پاشان ئەو پیاوە ئاشنایە بە جێی هێشتم،تەمەنم هەشت نۆ ساڵان بوو،چومەوە ماڵی نەنکم،منداڵان سەریان دەشکاندم،لێ یان دەدام،کەس خۆی نەدەکردە خاوەنم،دایکم بزر بوو،هەر کە باسم دەکرد،نەنکم خۆی لێ مۆڕ دەکردمەوەو لێم چراخێ دەبوو وبە سەریدا دەچریکاندم،:ئەو کچەی من دایکت نیە،خۆ هەرشوشی نەکردبوو،دایکت لەکاتی بوونتدا بەسەرتەوە چوە،نەخەڵەتابی جارێکی دی بەکچی من بڵێی دایە ،ها ..

منیش بە ناچاری بوومە درندە،هەموو خەڵک لێم وەڕس وبێزار بوون،قوڕاوم زۆر پێ هەڵپرژان،هەر نەنکم و خۆم بوین، دوای ئەویش مرد،بەجاشەتی ودزی وچەتەیی وقۆڵ بڕین وهەڵکوتانە سەر ماڵان پارەیەکی باشم کۆ کردەوە،لەگەڵ دەستەیەکی لە خۆم بەد تر بوومە هاوڕێ،ڕۆژتا ئێوارە شەقام پێوان وچاو داگرتن لە کچان و تەشقەڵە کردن بە ژنان ئیشمان بوو،بوینە تەواری وئیستخبارات وجەرگی زۆر دایکمان بە کوتکێ وە داو سەدان کەسمان لە زیندان نان .

دوای چەند ساڵ ئەو ژنەی کە پێم دەگوت دایە، هاتەوە ،منداڵێکی بە باوەش وسێ ی تریشی بەدواوە بوو،من هەرلە بیرم نەمابوو،خەریک بوو نەی ناسمەوە،زۆر قەڵەو بوو بوو،لە چارەنوسی نەنکمی هەر نەپێچایەوە،زانیبووی گیرفانم وەزعی باشە،هاتبوو تا بزانێ ئاخۆ وایە کە حاڵم باشە،ئەوجارە هەر لە بەر دەرگا هەندێ پرسیاری لێ کردم وڕۆیشت، بەڵام مانگانە چەند کچی جوانی بۆ بەڕێ دەکردم وگیرفانیان دەدۆشیم، من سەرەتا نەم زانی ئەوە فیتی ئەوە،دوایی زانیم، من گوێم لێ نەبوو بزانم یان نەزانم، شەوانەمان خواردنەوەو گاڵتە وگەپ بوو*)

دنیا تاریک بوو،دەنگی کاتیۆشاو ڕاجمەکان کە بەسەر بەندیخانەکەدا دێن زۆر ساماناکن،سیغارەکەت دادەگیرسێنی ودووبارە دەکەویە بژاردنی تاوانەکانت.

(* ژیانم پێ لەق بوو،خەڵک وەک دوژمنی باوە کوشتەیان سەیریان دەکردم، مانەوەم لە خانوەکەی نەنکم کارەسات بوو،پیرەژن وژنەکان بە یادی کەس وکاری بێ سەر وشوێنکراویان تابەیانی لورە لوریان بوو، شەو خەوم لێ نەدەکەوت،لە خشپەی مار و مێروو زەندەقم دەچوو، لەگەڵ هاوڕێ چەتەکانم لەسەر تاڵانێک ناکۆک

بووین،هەموو تاوانەکەیان بە سەرمن دا هێنا،منیش تکام لە دایکم کرد کە بمباتەوە ماڵی خۆیان،هەموو ئەو تاڵانەی گرتومە دەیدەمێ،دایکم تەماع گرتی،هەر زوو ماڵەکەی بۆ پێچامەوەو بردمیە شارەکەی خۆیان،لە ڕێگە هەر بیرم لە باوکم دەکردەوە،، کە گەیشتین پیاوێکی قەڵەو پێشوازی لێ کردین، زۆر خەمبار بووم کە ئەو پیاوە نەبوو کە بەڕوحی من ئاشنا بوو،بە دایکم گوت ،کوا بابم؟ ئەویش بە پێکەنینەوە ئاماژەی بۆ پیاوە قەڵەوەکە کرد،خانوەکە سێ قات بوو، دایکم کچی زۆری هەبوون،تۆزێک دڵم بەخۆم خۆش بوو،ڕۆژێک دایکم گوتی، ئەوپیاوەی لە منداڵی پێت دەگوت بابە،خاڵت بوو،چیتر بیری لێ مەکەوە،پاش ماوەیەک گیرفانم بەتاڵ بوون وماڵەکەم چوە بنی گۆمەوە،کە داوای هەرشتێکم لە دایکم دەکرد،هەڕەشەو قسەی سوکی پێ دەگوتم، منیش لێی دەپاڕامەوە ماڵی خاڵم نیشان بدا،سەیر ئەوەبوو هیچ پاچە کاغەزێکم نەبوو کە بزانم کێم وکوڕی کێم، ڕۆژێک دایکم کچێکی قەدباریکی باڵا بەرزی پرچ زەردی لەگەڵ خۆی هێنا،وەک ئەوانەی خەونم پێوە دەدیتن،دوای ڕۆیشتنی بزەیەکی بۆ هاویشتمە سەر لێو،هەر ئەوەندە بەس بوو بۆ خەڵەتانم، پاشان دایکم بانگی کردم، دەستی کرد بە نوزە نوزو ونوکە نوک،گوتی ، ئەوی ڕاستی بێ زاهیر بابت نیە، بابت پیاوێکی لە برسان مردوە،بەخێوی نەکردی،بەڵام ئێستا دەوڵەمەندە وژنی دیکەی هێناوە،بۆبەختی تۆ هەر کچی هەن،جا دایکی خۆت چیت پێ دەڵێ وابکە، هەڕۆوە ماڵی نەنکت،جواب بۆ باوکت دەنێرم ،کە چی دی کوڕی تۆ بەخێو ناکەم، تۆ لە گەڵ باوکت بڕۆوە،بزانە ،زێڕ،پارە،هەر شتێک بێ،بیدزە وبهێنە،یان هەر بیکوژەو خۆت تاکە میرات گری ئەوی، تا دێیەوە،دایکت هەمووشتت بۆ ئامادە دەکا،، داکم وێنەیەکی کچەکەی دامێ وگوتی، هەر کاتێک دوودڵ بووی لە کارەکە تەماشای ئەو وێنە بکە،لەقە لە بەشی خۆت مەدە*)

دنیا تاریک بوو،پاسەوانەکە هەر دیار نەبوو، پێت سەیر بوو کە سەرکردایەتیەکی واگەورە بەوشێوە بێ،زۆرت برسی بوو.

(*چۆن یەکلابومەوە لە گەڵ دەروونی خۆم؟چۆن پیلانی دایکم ڕاپەڕاند؟ئەو دایکەی دەمێک دایکم بوو،دەمێک هەرکچ بوو وشوی نەکردبوو،بێجگە لە خۆپەرستی خۆی لە هەموو کەس وبەها و پیرۆزیەک یاخی بوو، دەمێک دۆستەکەی دەکردە بابم وبابمی دەکردە خاڵم،دەمێکی دی خاڵم دەبوەوە بابم ودۆستەکەی دەبوە بێگانە!!لە ماڵی نەنکم بووم کە ئەو مرۆڤەی کە هەرگیز وێنەکەم لەیاد نەدەچوو،بە ڕوویەکی گەشەوە هاتەوە لام ولە باوەشی گرتم وپێمەوە گریا،بە یەکەوە چوینەوە بۆ ماڵی باوکم،لە خۆشیاندا خەریک بوو باڵ بگرێ،خانوەکەیان سێ ژوورو هەیوان وباخچەیەکی خنجیلە بوو، ئەوشەوە تا بەیانی نەنوستین،باوکم خەڵکێکی زۆری لە خۆشی گەڕانەوەی من بانگهێشت کردبوو ، مەولودنامەی پێغەمبەری خوێندەوە،لە ناو خەڵکەکە وەک کوڕی چواردە ساڵ لەناو خەڵک

هەڵ دەسوڕاو خزمەتی دەکرد ،پاش ڕۆیشتنی میوانەکان، بابم هاتە لامەوە، ڕووناکی لە چاوەکانی دەبریسکایەوە،هەوڵی دەدا چیرۆکی مەینەتباری خۆمی بۆبگێڕمەوە.*)

= ئێ نەجات گیان،کوڕی خۆم،ماڵەکەمانت ڕووناک کردەوە، پێم بڵێ؟ بۆم بگێڕەوە؟دوای جیابونەوەی من ودایکت ،چۆن ژیانت بردە سەر؟پێش جیابونەوە،زۆرهاتمە لات،بەڵام نەمدیتی،دوای جیا بوونەوەش محکمە منی لە تۆ بێ بەش کرد،دوای بێ ئومێد بوونم لە گێڕانەوەی تۆ،بە دەست خستنی پاروویی بژێوی ژیانم کە بەدڕکەوە نوسابوو زۆر خەریک بووم،دایکت هەرتۆی لە من نەبرد،بەڵکو بەرهەمی تەقەللای بیست ساڵی تەمەنیشی بەتاڵان بردم،هێنامیەوە سەرساجی عەلی،بۆیە چومەوە لا ماڵی مامۆم ،دەمێک سەپان،دەمێک ڕەزەوان ،دەمێک گاوان بووم،جار جاریش ڕووم لە کورەی کەرکوک دەکرد،زۆر ماندوو بووم، هەوڵێکی خەیاڵیم دا،تاتوانیم خۆم دروست بکەمەوە،ئەو ناوزڕانەی کە توشم هاتبوو لە ئەنجامی جیا بونەوەم تۆزێک بسڕمەوەو ڕووی دەست پێ کردنەوەی ژیانم هەبێ،ئەمە بە کورتی چیرۆکی من بوو،دوای تۆ،ئیدی ئەوەبوو ماڵم پێکەوە نایەوەو هاتمە ئێرەو بوومە باخەوان ،هەتا ئەمڕۆ ..

(*مەینەتیەکانی باوکیشم لە مەینەتیەکانی من زیاتر بوو ،ڕووتێنرابۆوە و ڕەنجی برا بوو،نەم دەزانی چ بۆ باوکم باس بکەم،توک و هەڵ نوزانی پیرەژنان؟چۆنێتی بەگرت دانی نانەواو تەلەبەو کاسبکارەکان؟یا وڕێنەکانی کاتی سەرخۆشی؟باسی مرۆڤی بۆ بکەم یان درندە؟من هەرگیز سۆزێک،بە زەییەک، لە دەروونمدا بۆ هیچ کەس نەبوو،ئەوەشم بە میراتی لە نەنکم ودایکم وەرگرتبوو،جگە لەخۆم ،هەموو کۆمەڵگا تاوانبار وشایانی ڕووتاندنەوەو تاڵان کردن وبنەبڕ کردنە،بۆیە کە هیچم بە پیرەژن وپیرەمێردەکانی هاوسێم شک ببردایە ،لێم دەدزین،وام دەزانی ژیان ئەوەیە کە ئێمە دەیکەین،خۆشەویستی واتە داوێن پیسی لەگەڵ کچ وژنی خەڵکدا،بەرانانە بکەوینە ناو ڕانەمەڕ،،ماف وڕاستی، خواردن وخەوتنە،سەرکەوتو ئەو کەسەیە کە زۆرت هەبێ،جا چۆن پەیدای دەکەی گرنگ نیە ..

باوکم هەر چاوەڕێ بوو قسەی بۆ بکەم،بەڵام پرسیارەکەی دووبارە نەکردەوە،،*)

هەستایە سەرپێ،دەستەکانت ڕێک خشاندن،سڕ بوو بووی،ڕەشەباکە تەنانەت سیغارەکەشی لێ کوژاندیەوە،چەقەڵەکان دەلورێنن، دڵخۆشی خۆت بەوە دەدایەوە،کە دیارە بارەگا زۆرقەرەباڵغە بەهۆی زۆری ئاوارەو هەڵاتوی گوندەکانی دەوروو بەر،تا تۆیان بیر دێتەوەو تۆزێک شۆربات بۆ دێنن،بنمیچەکانی ژوورەکەت بەچۆڕاوکە ئاوی بەفرە تواوەکەی لێ دێتە خوارێ،چەند ڕۆژە بەفرەکە کەڵەکە بووە، کەس نەی ماڵیوە، دوورنیە بانەکەش بەسەرتا بڕوخێ،کەواتە مردنت نزیکە،زۆرت لا گران بوو.

(*دەبێ بۆ هێندە لە مردن بترسیم؟هەرچونکە تاوانبارم؟ بەڵام،بۆچی من تاوانبارم؟*)

بە هەموو دەنگی خۆت هاوارت کرد :

×نا،،تاوانبار نیم،تاوانبار،دایکمە،،ئەی بۆ نەنکم نەبێ ، کە دایکمی فێری بە دڕەوشتی وخۆپەرستی کرد؟ ئەی بۆ ئەو دەوروبەرو زروف وکۆمەڵگە تاوانبارنیە کە دەستی باوکمی بەست ولە بەرامبەر ژن دا دەستەوستانی کرد؟ ئەی سەرسەرێتی وبەرەڵایی هاوتەمەنانم؟ ئەی باشە ،کوا ڕۆڵی چاکە خوازانی ناو کۆمەڵگا؟ بۆ بوونی خۆیان ناسەملێنن؟بۆنابنەئەوهێزەی کە جێی بێ هێزی کە سە لاوازو ئیرادە داگیرکراوەکان بگرنەوە؟کەواتە گشت کۆمەڵگا تاوان بارە،چونکە کارو هەڵوێستە لاڕێ بوەکانی چاک نەکردەوە،ئەگەر سنور بۆ هەڵسوکەوت ودەسەڵاتی هێزە دژ بە یەکەکان دانەنرێ ،ئەوە هەندێک دەبنە یەک ونیوو وزیاتریش ولاوازەکانیش دەبنە نیوەو چارەک وبوون و ویستیان دەسڕێتەوەو داگیر دەکرێ،باشە تاکەی کۆمەڵگا لە خۆی ناپرسێتەوەو خۆی چارە ناکا؟؟*)

وەها گەرم داهاتبوی ،بیرت لای سەرماو بۆمبەباران نەمابوو،ڕاستە دەڵێن کە ئەزمون وژیانی نەهامەت کەسە نەخوێندەوارە کانیش دەکاتە بیرمەندو حەکیم وفەیلە سوف و چاکە خواز،پیاو کوژو منداڵانی هەڵگیراوە دەکاتە پێشەنگ،یاخی بووان دەکاتە کاریزما، ڕیز پەڕان دەکاتە مامۆستا وپەیام هەڵگر، ستەمکاران دەگۆڕێ بۆ تەرازوی هاوسەنگی ...

سیغارەکەت داگیرساندەوەو گوێت لە ترپەی هەنگاوەکانی پاسەوانەکە بوو کە بەفرەکەی دەشێلا،شۆربایەکەی بۆ دانایی ودەرگاکەی کردەوە ،پێ ی گوتی:

+ ئەوهاوارهاوارەت لە چ بوو؟

× دەمەویست هەڵەو تاوانی خۆم بە گەورەیی لە سەر خەڵکی تۆ مار بکەم.

+ تەماشای ئەوقسە زلانەی کە،بابیشت لێت بێ خەمە،دیارە نایەوێ وەی ڕوتێنی،خۆ دایکیشت خەوبەم ڕۆژەوە دەبینێ.

× دەزانم کە باوکم نەی زانیوە،ئەرێ خاڵە، باوکم هیچ کەس وکاری نین؟

+ کوڕم،بابت خەڵکی کوردستانی ئەودیوە،لە ساڵی گرانیە کە هەموو کوردستانی ئەودیو لەبرسان هاتنە کوردستانی ئەم دیو ،ماڵی بابت،باپیرو نەنک وپورەکانت ،،زۆر بەهەژاری ولێقەوماوی هاتن،باپیرت پورەکانتی بەنانەزگی دایە شو تا لە برسانا نەمرن، بابت بە پێخواس وڕووتی هاتە ئەم دیو،هەر بە منداڵی بووە سەپان وجوتێر،پاشان چوە شارو بوە شاگردە چاخانەو چێشتخانە،تا توشی بوو بە توشی دایکتەوە،ئەویش خێری بۆ نەدایەوە.

× ئەی خاڵە،ئەم هات وهاواره چیە؟ چ باسە؟

+ ئەوە هێرشی ئەنفالی یەکیان ناولێناوە، ئەو ڕژێمەی چەند ساڵ خزمەتت کرد،هاتوە خاک وسامان ومردوو وزیندووت دەسوتێنێ وتاڵان وئەنفال دەکا،دەڵێن ئەنفال بە واتای تاڵانە، تۆ بە تاڵان وبۆ تاڵان خەڵکت لە ناوبرد،داکت بۆ تاڵانکردنی تۆو بابت بوو بە دوژمنتان، ئێستاش ئەوان تاڵانە گەورەکە دەکەن، دەڵێن سوڕەتی تاڵان وئەنفال لە قورئاندا هەیە،هەزاران ساڵە ئوممەت لە دوای ئوممەت وشارستانی دوای شارستانی،یەکتر بەنەفرین وجینۆسایدو تاڵان دەکەین، دەڵێن ڕۆژی خوا هەزار ساڵە، لە هەر هەزارێکدا گەلێک دەبێتە تاڵان کەرو گەلانی دی تاڵان دەکا،پاشانیش کە ئەوگەلانە سەرەیان هات ئەوانیش تاڵان دەکەن،دنیا هەموو قەرایێنی منداڵانە،هەرتەنیا گەلێک لەسەر قەرا دەستی بەسەر قەراکەدا گرتوەو منداڵانی تر لەدەوری قەراکە هەوڵ دەدەن لای دەن.

× ئەی خاڵە بۆ بەرم نادەن، خۆ دیارە هەموو هەڵدێن،بامنیش پەلەقاژەیەکی خۆ نەجات دان بکەم؟

+ بەرەڵات دەکەین، بەڵام تۆش ومنیش وهەمو ئەو هەڵاتوانە ،بواری نەجات بوونمان زۆر کەمە، کە بە بۆردومانەکەش نەڕۆین ،یان سەرما وبرسێتی،یان کیمیاییەکە لێمان دەبێتە ئیزرایل، والحاسڵ دەبێ تۆش هەر ببیە یەکێک لە شەهیدانی هێرشی ئەنفالی یەک ،چارت ناچارە، بۆ مێژووش ،دەڵێن شۆڕش گێڕ بووی، ئاوات باشترە، هەرچ نەبێ ناوبانگت نازڕێ.

پاسەوانەکە دەرگاکەی کردەوەو هاتیە دەر،تۆزێک لە وئاگرۆچکەی پاسەوانەکە لە بەر هەیوانە کە کردبویەوە هەڵتروشکای وشۆرباکەت هەڵ قۆڕاند، بایەکی یەکجار ساردی دەهات.

(*دوای مانگێک لە گەڕانەوە بۆلای بابم ژان گرتبوومی،چۆن پیلانەکەم جێ بە جێ بکەم؟ هەر کە کەس لە ماڵ نەدەما، هەموو شتم دەپشکنی، هەرچی سندوق ودۆڵاب هەبوو شکاندبووم ،جل وجۆڕم بڵاو دەکردن،کە باجی سکاڵای لێ دەکردم ،بابم دەی گوت ئەوە ئەو نیە،ئێوەن ئەو کارەدەکەن وبەمل وی دادێنن ..

ئەوڕۆژە بابم نوستبو،هەموو شتێک بۆ نەخشەی دوومی پیلانەکە، کە کوشتنی بابم بوو ،لە دەمانچەوچەقۆ ئامادەبوو، تەماشام کرد کە بابم ،گیرفانێکی بچوکی لە باخەڵی کردوە،گومانم وابوو کلیلی خەزێنەکە لەوێدایە، لەکاتی نوستنی بابم ئەویشم پشکنی، کلیلە کەم دەرێنا، کلیلەکە وێنەی منداڵیم بوو لە باوەشی باوکمدا،کلیلەکە کلیلی ویژدانە داخراوەکەی خۆم بوو، وێنەی بابم بەسەر وێنەی کچە پرچ درێژەکەی داکم دا سەرکەوت، بۆ یەکەم جار ویژدانم جوڵا،بڕیارم دا بۆ یەکجاری واز لە پیلانەکە بێنم، داخوا بابم بە سەیر کردنی ئەو وێنەوە چەند شەوانی ڕۆژ کردۆتەوە!!؟

بۆ بەیانی چومە لای باخچەکە، هێشتاباجی خواردنی بەیانی نەهێنابوو، منداڵەکان کە بە ئیشی باخچە ماندوو و برسی بوون، هەر نەخشەی هاتنی دایکیان دادەنا، یەکێ دەیگوت،ئەوە دایکم لەماڵ هاتە دەر، ئەوی تر دەی گوت،وا لای ئاشەکەیە، سێیەم دەی گووت ئەوەگە یشت، جاکە نەخشە کەیان هەڵە دەر دەچوو ،دوبارە دەستیان پێ دەکردەوە، ئەمە ئیشی ڕۆژانەیان بوو، بابیشم پێیان پێ دەکەنی ..

بە بابم گوت کە ،بۆ چەند ڕۆژ دەگەڕێمەوە لای داکم،بابم هەندێ پارەی دامێ ولە گەڵم هاتە گەراج و بە ڕێی کردم،هەر دەی گوت زوو بگەڕێوە،نازانم بۆ ئەم بڕیاری چونەوەم بۆلای دایکم دابوو؟ دایکم زۆری پێ ناخۆش بوو کە گەڕامەوە لای،خۆی وپیاوەکەی لە ماڵ دەریان کردم، چەند پیاوێکی کەتەوخول بەدەست بەستراوی لە ئۆتۆمبیلێکیان هاویشتم ولە دەری شار، تەسلیمی مچەی هاوڕێ تەواری وماموستامیان کردم ، کە مامۆستام بوو لە کوشتن وبڕین ودزین دا،ئێستاش مامۆستای شۆڕشگێڕانە لە دەستگیر کردنی تاوانباراندا٭)

داروچکە ت لە خۆڵە کەوە دەژنین، دەڵێی دەتەوێ دوا نەخشە لەسە ر ڕووی زەوی بکێشی، پاسەوانەکە ئاگرەکەی خۆش دەکرد،لەسەرمان وترسان لەرزت لێ هاتبوو، خەڵکێکی زۆر کە هەر تارماییان دیار بوو، دەهاتن ولە چاو تروکانێکدا بزر دەبوون، هەموو پرێسکەی بەری ژیانیان لە کۆڵیان بەستبوو،بەفرەکە کردیە باران، دەنگی تۆپ باران نەماو تادەهات دەنگی فڕۆکەکان نزیکتر دەبوو،تەق وتۆق کەم بوو، چەک و سیلاح چارەیان گران بوو،هەر کەس دەیەویست خۆی دەرباز کا، پاسەوانەکەشت لێ بزر بوو، نەت دەزانی چ بکەی، ڕۆیشتی، بەری بەیان بوو، لاشەی زۆرت دی لێرەو لەوێ،کەوتبوون،پرێسکەی بەری ڕەنجیش ئەمڕۆ نەیکڕینەوە و دادی نەدان،بۆنێکی ناخۆشت کرد،وات هەست دەکرد لاشەت توێ توێ دەکەن، هەناسەت تەنگ بوو،هەنگاوەکانت بەرەو خاوبوونەوە دەچوون،چاوت لە هاتنی مردن بڕبوو، بەڵام بۆ بەهاتنی نیگەران بی؟پێت وایە کە بمێنیەوە چاکەی زۆر دەکەی؟ بە چی ؟تەنیا کەسێک کە لەم ژیانەدا چاوەڕێی گەڕانەوەت بێ باوکتە،تەنیا پرێسکەیەک لە بوخچەی تۆدایە،تاوان وحەسرەت وپەشیمانیە، دواجار چۆکت داداو پشتت بە گاشە بەردێکەوە داو چاوی پڕ لە هیوات لە ئاسۆی ئاسمانی میهرەبانی پەروەردگارت بڕی و بینیت کە سۆز و میهر و ڕەحمەتی ئەو زۆر لە تاوانەکانت بەرفراوانتر بوو،بۆیە گیانت بڕیاری بەجێهێشتنی لاشە چڵکنەکەتی دا و بەرەو جیهانی پاکبوونەوە لە شەقەی باڵی دا...

—

٢:٢٥
٩ يونيو ٢٠١٦
١١:٤٩ ص
مشاركة
تعديل
الإضافة إلى
المهملات

نەخشەی کارگێڕی ناحیەی بنگرد
N
بنگرد
دەریاچەی دوركان
Scale1:40000

چیرۆکی پێنجەم:

کوا تەرمی منداڵەکانم؟.

نوسینی:محمد عزیز لۆتەری

بەیانی زوو بوو،گوندەکە خامۆش بوو،لە پەنجا ماڵ،تەنیا دوازدە ماڵی لێ مابوو،دەمێک بوو حکومەتی بەعس مۆری موحەرەمەی لە وناوچە دابوو، مێگەلی مەڕ وگاڕانەکە بەرەو چەقەن وپەرێزەکان بەڕێ کەوتن، ڕەزەوان وباخەوان وجوتیارەکان ،بەرەو کارەکانیان بەڕێ کەوتن .

مام عەولا بەیانی زوو هەڵسا ونوێژی کرد وگوێ درێژەکەی کورتان کرد، منداڵەکانی تێشو بەرەیان بۆ پێچایەوە و کوندە ئاوەکەیان بۆ بە پاڵوی کورتانە کەوە هەڵواسی، مام عەولا کە خەریکی تیمار کردنی بریندی قاچی گوێ درێژە کە بوو ،گووتی :

ئافرەت،دوای نان خواردن بچنە یارمەتی ماڵی پورە مێر، هەموو جارێ ترۆزی وکاڵەک لە دەمی هەتیوەکانی دەگرێتەوەو بۆ ئێمەی دێنێ، عەیبە .

خێزانەکەی کە گوریسەکەی هەڵدەوێزنی، گوتی:

باشە.

مام عەولا تەورداسەکەی لە بن پشتێنەکە ی داو بە ڕێگا پێچاو پێچە کەدا سەرکەوت،ئەو ڕێ یەی کە لەوەتی ئە و ئاوەدانیە هەیە سوار و پیادەی کۆکردۆتەوە، لە هەورازەکە مام عەولا لە گوێ درێژەکە دابەزی، گە یشتە کۆمەڵێک دارکەری دیکە وبە دەنگی بڵند پێی گوتن:

ماندوو نەبن.

* بۆخۆت ماندو نەبی مام عەولا.

دارکەرەکان گەیشتنە ئەودیوی شاخەکە وهەتاو هەڵات، لەنکاو دەنگی فڕۆکە دێ،دارکەرەکان گوێ قوڵاغ دەبن ،مام عەولا دەڵێ:

جا ئەوە سەرسوڕمانی بۆ چیە؟ بۆ خۆتان نازانن ئەو دنیایە خوا خوایەتی لە شەڕ وهەرای دوور کەوێتەوە،کەچی ئەم عیراقە شەو و ڕۆژ بە زەوی وبە ئاسمانێ دا هەر لە شەڕو گێچەڵان دەگەڕێ.

گوێ درێژەکان لە شوێنێکی بەلەوەڕ دەبەستنەوە، دارکەرەکان بڵاو دەبن وهەر یەکەی ڕوو لە لایەک دەکەن، تەقەی تەورداس و قاسپەی کەو و کو کو ی کۆترە باریکە وجریوەی باڵندەکان و ورشەی شنەی شەماڵ کە لە پوش ودرەختەکان دەدا،لە گەڵ دەنگی زەڕینی گوێ درێژەکان و هاوار وبانگی دارکەرەکان ئەو چۆڵەی ئاوەدان کردۆتەوە.

دارکەرەکان جاری وابوو تەورداسەکەیان بەرز دەکردەوەو کە گوێ یان لە دەنگی فڕۆکە دەبوو،دەستیان ڕادەگرت و هەستیان ڕادەگرت،زۆرجار دەستیان لە پشت چاو دادەنا،بەڵام هیچیان نەدەدی،بە دوو دڵی دەستیان دەکردەوە

بە داربڕین، جار جار دەچوون فڕێک ئاویان لە کوندە ومەتارەکانیان دەخواردەوە،کە بە قەدی درەختەکان هەڵیان واسیبوو .

کاتی ژەمی نیوەڕۆ هات، دارکەرەکان لەژێر دار بەڕوێکی گەورە کۆ بوونەوەو خوانیان ڕاخست وچیان لە تۆشوبەرەکان دا هەبوو زۆر بە دادوەرانە لە نێوان خۆیان دابەش کرد و فراوینی نیوەڕۆژەیان خوارد، مام عەوڵا کیسە توتنەکە لە قەدی دەکاتەوە و سیغارێک دەپێچێتەوە،دەڵێ:

کوڕینە -قمێک لە سیغارەکە دەدا- دەبێ چ لە گۆڕێ بێ؟ کە هاتین چ باس نەبوو؟

مام عەوڵا چاوی لە دۆڵەکەی ئەوبەر بڕیبوو،ئەو بەڵاڵوکەی لە نزیک بەردە گەورەکە کە هەفتەیەک لەمەوبەر دەستنیشانی کردبوو،دەبێ نەگەییبێ؟، مام عەوڵا گورج هەڵساو بەرەو ئەوێ چوو، تەماشای کرد،زۆر چاک گەیشتبوون،چارۆکەی تۆشوبەرەکەی بۆ ڕاخست ،بەڵاڵوکەکانی چنین وچارۆکەکەی پێچایەوەو توند لە پشتی بەستەوە .

(ئای کە بە حوسێنم دەگوت کە بەڵاڵوکت بۆ دێنم،ئێستا هەتا دەچومەوە هەر چاوەڕێ ی دەکردم)

مام عەوڵا گوێ ی لە زەڕەی کەرەکەی بوو،بە پەلە ڕای کردەوە لای، دارکەرەکان دەمێک بوو بارە کانیان تەواو کردبوو، دەستیان کردبوو بە بار لێنان،یە کێک لە دارکەرەکان بانگی کرد:

هۆ مام عەوڵا،ئێمە تەواو بووین،نابێ گلەیی بکەی، زۆر دڵمان سەغڵەتە، بەجێت دێڵین،فرۆکەکان ئەمڕۆ هەر دەنگیان هات .

مام عەوڵا:

باشە برام خواو لە گەڵ .

مام عەوڵا دەست وبردی کردو بارە دارەکەی تەواوکرد وچاوێکیشی لە هاوڕێ دارکەرەکانی نەدەتروکاند تا لێی بزر بوون،بە خێرایی بارە دارەکەی لێنا وبەڕێ کەوت ،بەو دیودا شۆڕ بۆوە،چڕوشێکی چۆڵ وخامۆش ومەنگ،چاوی لە تارمایی مرۆڤێکە ،بانگی دەکا:

ئەرێ هۆ ئامۆزا،پێم ناڵێی چ باسە؟

پیاوەکە لە جێی خۆی وەستا،مام عەوڵا هەر لە دوورەوە ناسی،ئەوە مام عەلیە و خەڵکی گوندە کەی ئەوبەرە، مام عەوڵا هەر لە دوورەوە دەڵێ:

دەک بەخێر بێی کاک عەلی،قەت هەلی ئاوام بۆ هەڵ ناکەوێتەوە،تازە ئەم شەو نایەڵم بڕۆیەوە، دەبێ گەورەمان بکەی.

مام عەلی دەنگ ناکا، فرمێسک لە چاوەکانی قەتیس بوون،بە دەنگێکی نزم دەڵێ:

کوڕە کاکە عەوڵا کارەسات ڕووی داوە بە قوربان.

مام عەوڵا:

چ ڕووی داوە ،ماڵ وێران؟

مام عەلی بە قوڕگی پڕ گریان :

بۆ نەت زانیوە؟ دوێنێ دوای عەسر دێکەی ئێمە کیمیا باران کراوە،من بۆ خۆم لە شاری بووم ،منداڵەکان لای بزنەگەلەکە بوون،ئێستا هەموویان یان مردوون ،یان خەستەن،ئێستا دەبێ بچمەوە شاری ،بزانم کێ ماوەوکێ نەماوە .

مام عەوڵا،دەستەکانی بڵند دەکاو ڕوو لە ئاسمان دەڵێ، :

یارپی تۆ هەڵی نەگری، ئەم ستەمە چیتر بە سەریەوە نەچێ ، ئەی ئەم گوندەی مە ؟ دەبێ چ باس بێ؟ بەم شەوە ناگەیە چ جێ یان ،وەرە لای برات.

مام عەلی:

کاکە؟عەوڵا ،بە قوربانت بم،دوێنێ لای مەبوو،ئەمڕۆ لای وەیە، خۆ دێکەی وەش کەسی تێدانەماوە.

مام عەوڵا ،هەرکە ئەوە دەبیستێ ،بارەدارو مام عەلی بەجێ دێڵێ و بە ڕاکردن دەچێتە گوند،عەسکەر وجاشەکان ،هەر زوو ڕای دەگرن ،پێی دەڵێن کە گوند چۆڵە،مام عەوڵا لەو دەشتە ڕادەکا و بەسەریاندا دەشیڕێنێ، کوا کێ منداڵەکانمی بردوە ؟ ،کوا حەسەن،حوسێن،؟

خۆمن قەت وەک ئەمڕۆ دوا نەکەوتوم بۆناهاتن بەپیلمەوە ؟

جاشە کان ،هەندێ دەگرین،هەندێ پێدە کەنن ، یەکێکی ڕانکوچۆغە سورو کڵاش لە پێ، کە دیارە مەسئول جاشە ،دەڵێ:

خاڵە بە مردوویی وبە زیندوویی ،کەس لێرە نەماوە،هەموو لە شارن، خەستەکان لە نەخۆشخانە ومردووەکان لە دائیرەی ئەمنن ..

مام عەوڵا هەر بەو شەوە،بە ڕاکردن بەرەو شار بەڕێ دەکەوێ،سواری سەیارەیەکی جاشەکان دەبێ، خۆی دەگەیەنێتە خەستەخانە، دەبینێ کەس تیمار ناکرێ ،تا نەڵێ ئەم کیمیایە ئێران ڕشتویەتی، یەک بە یەک دەچێتە سەریان ،هەموو ئامۆزاو خاڵۆزان ،بەڵام منداڵەکانی لێرە نین،لە بریندارەخەستەکان هەواڵی مردنی هەر شەش منداڵەکەی وخێزانەکەی دەزانێ،هەر بەو شەوە بەرەو دائیرەی ئەمن دەچێ،بێ گوێ دان بە تێڕاخوڕین وهەڕەشەو چەخماخ لێ ڕاکێشان ومیل لێ هێنانەوە، بە دەرگا دەکێشێ و هاوار دەکا:

کوا تەرمی منداڵە کانم؟؟ کوا تەرمی منداڵەکانم؟؟

بەڵام ئەمنەکان دەیگرن،هەر بەتەورداسەکەی خۆی سەری دەشکێنن ،لە خوێنی خوێدا دەی گەوزێنن،بەڵاڵوکەکان بەو گۆڕەی وەر دەبن، مام عەوڵا بە بریندارى لە پاشی سەیارە دەخەن و بەسەر دارو بەرددا ڕای دەکێشن،جاشەکانیش سەریان شۆڕ دەکەن وناتوانن هیچ بڵێن،هەر بە ڕاکێشان مام عەوڵای نیوە مردوو دەگەیەنرێتە بەندیخانە و بەوحاڵەوە فرێ دەدرێتە بەندیخانەوە، کێ دەزانێ تا ژیانی تێداماوە ئەودارکەرە هەرلە بەندیخانەدا دەبێ؟ یان هەر ئەو ڕۆ ئەویش بەهۆی بریندەکانی دەگاتە قافڵەی ڕوحی منداڵکانی وگیانی دەردەچێ؟؟

6-9-1991

—





چیرۆکی شەشەم:

پیرەژنە چاونەترسەکە.

دوا مانگی پایزە،درەنگانێکی شەوە،کەچی هەموو گوندە کە هێشتا بێدارن،خەریکی خۆ پێچانەوەو ئامادەکاری ڕەو کردنن ، دەنگی بۆردومان دەبیسترێ،پەشۆکاوی بەهەڵسو کەوتی خەڵکەکە وە دیارە.

ماڵی برایمی دوکانداری گوند،گشتیان لە سەر بانێژەکە ن وچاوەڕێ ی گەڕانەوەی برایمن لە بارەگا، پورە بە سێ ،تەسبیحێکی درێژی بە دەستەوەیە ،بەدەم سەلەوات لێدانەوە،چاوی لە دەرگای حەوشەکە برپوە ،داخوا کەنگێ جیڕەی دێ ودەکرێتەوەو برایم دەگەڕێتەوە.

(ئەو هەتیوە سەگە بەقسەی کاکی نەکرد،فەقیرە ماڵ ومنداڵی وردە،کوا دەرەتانی ڕاکردنی دەکرێ؟ئەم هەموو دوکانەش دەدزرێ،ئاغا لە بیانویەکی وا دەگەڕا کە برایمی پێ لێ بخا)

گەڕەکەکانی گوند پێچا و پێچن، سەگەکان هەر دەم دەوەڕن، کەڵەبابەکان دەخوێنن، پورە بەسێ گۆزەیەک هەڵدەگرێ ودەچێ بۆ کانی،تریفەی مانگ لە حەوزەکەی داوە، لە بەر خوڕەی ئاوو دەنگی بۆقەکان هەست بە چۆڵی سەرکانی ناکرێ، چەند ژنێکی دیکەی گوندیش دێنە ،سەرکانی،پورەبەس دەست نوێژ دەگرێ، مام ئۆمەر بانگ دەدا، پورە بەس دەچێتە سەر تاتە بەردەکانی دەم حەوزەکە ونوێژی بەیانی دەکا و گۆزەکە هەڵدەگرێ وبە پەلە دەگەڕێتەوە.

(خوایە تۆ ئاگات لە منداڵەکانم بێ،بیان پارێزی،ئەوەتا نە شەومان شەوەو نە ڕۆژمان ڕۆژە،خەویشمان نەماوە)

بارەگا بە تەواوی چۆڵ بووە،ئەم بەیانیە لە جیاتی گاڕان ڕۆیشتن بۆ مەزرای دێ،خەڵکی دێ ،جەڵەب، جەڵەب، مانگاکانیان بەرەو دەرووی شاخەکە لێ دەخوڕن، ژن وپیاو کۆڵیان لە کۆڵ ناوەو منداڵە کانیشیان بە خەوالێ لە کۆڵ کردووە، برایم دوای بەڕێ کردنی خدری برایی وهەڤاڵەکانی گەڕایەوەو هەر ئەو بەیانیە بە خۆی ومنداڵەکانی زۆرێک

لە کەلوپەلی دوکانەکەی بردە لای شەخسەکە،ئەوسەحابە چاکی چاکردنەوەی هەموو دەردو بەڵایەک وپارێزەری هەموو شتێکی گوندەکەیە،خەڵکی گوندەکە زۆر متمانەیان پێ یەتی.

ماڵی برایم نەیان توانی شەبەق بەیانی بۆی دەرچن، لە چێشتەنگاوێکی درەنگ،ئەوانیش ماڵاتەکەیان پێش خۆ دا و ڕۆیشتن، پورە بەسێ هەریەکەی چەند جار ماچی کردن ،تابن چەقەنەکە لە گەڵیان ڕۆیشت،بە گریانەوە،بە ڕێ ی کردن،هەر لەو چەقەنە لە بن بەردە گەورەکە تەماشای کردن تا لە گەروەکەش ئاودیو بوون،باران بەلێزمە دەباری، شڵت وشۆیان لێ برا،تا کاتی پێش ڕۆژ ئاوا بوون ڕۆیشتن، زۆر شەکەت بوون،پەنایەکی بە لاوەیان لە بن تەڵاشە شاخێک دیاری کرد،بۆ مانەوەی شەویان،بەو پەڕۆوپاتاڵ ونایلۆنەی لە کۆڵیان بوو هەرچۆنێک بێ جێ ی حەوانەوەیان بۆخۆیان دروست کرد، پووش و کەرە گەڵای وشکیان ڕاخست، دەڵێن بزن جێ بۆ شەوێکی خۆش دەکا، بەڵام لەنکاو برایم پەشۆکا،وەک ئەوەی شتێکی لێ بزر بووبێ، خێزانەکەی پرسی:

= برایم، ئەوە چ خێرتە؟ چت لێ کەوتوە؟

* پارەم لێ کەوتوە،لە دەمی ئەو منداڵە ڕەش و ڕوتانەم گرتەوە، تا بەکەڵکی ڕۆژێکی ئەوا ڕەشم بێ، خودایە هەزار شکور بەبەشت، دەبێ نەفسی کێم تێ وەستابێ، یان غەدرم لە کێ کردبێ؟ نازانم؟

=دەی بێ ئومێد مەبە،باش بیر بکەوە بەڵکو لێت نەکەوتبێ؟ بزانە لە شوێنێکت دانابێ ولە بیرت چوبێتەوە،،لە ماندوویان بەبیرت نایەتەوە.

* خۆزگە وابوایە، بەڵام کواداری خۆزگە بەر هەمی دەبێ؟

= ئێستا تۆ دوو ڕۆژو دووشەوە نەخەوتوی ،سەرخەوێک بشکێنە ،بەیانی کە بەردیش ببارن دەبێ خۆمان بگەیەنینە گوندێک ونوایەک بۆ خۆمان وماڵاتەکە پەیدا بکەین، خۆ ئەو بەستەزمانانە نابێ هەر لە بەر باران بن،خوابکەم تا بەیانی گورگ نەیان خوا و بەرنەهاون لە سەرمان ،،زەردر لە نیوەی بگەڕێتەوە قازانج حسێبە،پارەکەت کە ڕۆیشتبێ بابە هیلاک نەچی بە شەونخونی، با ماڵاتەکە ش بەڵایەکی بەسەر نەیا .

شەوی تاریک ڕۆیشت و ڕۆژ بووەوە ،بارانەکە هەر بروکەی نەدا،ماڵی برایمیش هەر بەیانی زوو ،کۆڵەکانیان بەکۆڵ دا دەدەنەوە و ڕوو لە یەکی لەو گوندانە دەکەن ولە ماڵی دۆستێکیان نەوایەکیان بۆخۆیان وماڵاتەکەیان دەست دەکەوێ..

& & & & & & & &

تەنیا کەسانی پیرو پەک کەوتە کە بڕیان نەکردوە لە گوندە کە ماون، پورە بەسێ زۆر دەترسێ،پیرە ژن و پیرەمێردەکانی دیکەی گوند ڕووی خۆی نادەنێ، لە بەر ئەوەی داکی پێشمەرگەیە،نە سەردانی دەکەن ونە دەهێڵن بچێتە لایان دانیشێ، تەنانەت نایەڵن لە بەربەڕۆچکەش بچێتە لایان ،دەڵێن داکەکەم ،با ئێمەش بە تۆوە بەربەڵا نەبین، ،هەموو ڕۆژێ ،سەربازەکان ،خەڵکی گوندەکە لە مۆڵە مەڕەکە کۆ دەکەنەوە،خۆشیان بە ناوی تەفتیش وپشکنینی ماڵەکان ،ئەوەی تۆزێک کەڵکی هەبێ دەی بەن.

مچە لاڵ جیرانی پورە بەسێ یە،دایکێکی پیری هەیە،تاکو پورە بەسێ هەست بەچۆڵی وتەنیایی نەکا مچە دێتە دەرەوەو دەست دەکا بە قیژە قیژ،مغاویرە ڕەشە چاو بز و ڕوو تاڵە کان ڕۆژ تا ئێوارە لە ناو ئەو گەڕەکانە دەسوڕێنەوە،تومەز زانیویانە کە پورە بەس دایکی پێشمەرگەیە، بۆیە زۆر ئازاری دەدەن،دەبێ چ کەسێک ئەوەی پێ گوتبن؟دار دوژمنی لە خۆی نەبێ سەد ساڵ دەژی،مغاویرەکان پورە بەس ڕادەکێشنە دەرەوە بە قۆناعە تفەنگ ونوکی نێزەی چەکەکانیان هەموو لەشی دەبێژنەوە، گشت کەل وپەلی ماڵەکەیان سەروبن دەکەن، پاشان ماڵەکەیان ئاگردەدەن، پورە بەسێ دەکەنە سیپاڵە کۆن و لەناو خوێنی خۆی ودوکەڵ وخۆڵە مێشی خانوەکەی بە جێ دێڵن، سەرمای سەرەتای زستانە وکار لەئێسقی مرۆڤ دەکا، هەموو شتێک بۆتە شەختە وبەند ، پورە بەسێ هێشتا ڕوحی نەسپاردوە ، بەڵام دەنگ و جوڵەی نەماوە، مچە دێتە سەر سە ری و بۆی دەگری، ئەو هەر دەزانێ بڵێ ئا،،ئۆ،، ها،، دەستەکانی بەرزکاتەوەو ڕوو لە ئاسمان دەکاو دەگری ..

(پەروەردگاری بینەرو وبیستەر،هەرتۆ نەوای بێ نەواودەلیلی داماوانی، هەرتۆی کە گوێ لەسکاڵاکانمان بگری،یا ڕەبی ئێمە تاکەی بەم دەردە ببڕێین و وا مەینەت بارو کۆست کەوتو بین؟

مچە گیان، گەلێک شیرت لە گەڵ خلە خواردوە، دەزانم دەتەوێ بەنەعلەتیان کەی ،ڕسوایان کەی، بڵێ ی وبقیژێنی، دەزانم تۆ زۆرت لە دڵ دایە ،هەر بەداکت بڵێ دوعام بۆ بکە، مچە گیان،ئەم مەینەتیەشم بۆخلە بگێڕەوە، بە ئیشارەت بە دەست وچاوو پێ بۆی بگێڕەوە، تێی گەیەنە کە لەبەر ئەو چیان لێ کردم ؟

چۆن کوشتیانم؟ چۆن ماڵیان سوتاندم؟ دەبا ئەو ناکەس بەچانەش ئەوەیان بیر نەچێ، سبەینێ دیسان مەینەتیەکانمان هەرزان فرۆش نەکەن،)

مچە جاجمێک دێنێ وڕای دەخاو نوایەک بۆ لاشە شەکەتەکەی پورە بەسێ دروست دەکا ،تا لە بەر بەفر و باران نەبێ ،جاجمەکەی تێ وە دەپێچێ و هەر دەڵێ ئا ئۆو ،هۆو، بەڵام پورە بەسێ تەواو هەستی لەم دنیایە پچڕاوە،ئەو

ئێستا لەگەڵ هەموو مشتێکی خانوەکەو لەگەڵ گشت دار و بەردەکانی قسە دەکا و ماڵ ئاوای یان لێ دەکا،ئەو ئێستا تارمایی هەموو کەسە مردوو و زیندوەکانی هاتۆتە لا و دەیانبینێ و دەیان دوێنێ،ئەوەتا هەمویان لە لانی ..

(بەقوربانتان بم ،کاتێکی باش هاتوون،توخوا بە جێم مەهێڵن ،با منیش بێم لە گەڵتان، با منیش وەک ئێوە باڵە فڕیم ، با هەموومان پێکەوە بڕۆین ،دەی ئەوە منیش هاتم ،منیش هاتم ،ئیدی دنیا چی دی دیلی تۆ نابم، وابەستەی تۆ نابم ،تۆ هەر مەینەت و دەرد بوی بۆ مان ، ئەوە منیش هاتم،،،)

مچە لای لاشەکە هەڵتروشکاوە و فرمێسکە کانی بەسەر ڕووی پورە بەسێ دا هەڵ دەوەرێنێ و دەزانێ کە ئە ولاشە شەکەتە هێلانەیەکی خاڵیە لە ژیان وڕوحەکەی بەیەکجاری فڕیوە....

چیرۆکی حەوتەم:

مەکتەبی عارەبی.

وەکو ڕۆژان، بەڕێوەبەری مەکتەب ،بە تورە بونێکی تونددەوە،وڵامی دایەوە،بە خەفەت وڕقێکی زۆرەوە ژووری بەڕێوەبەری بەجێ هێشت،بەرەوماڵ گەڕایەوە،ئەمە پێنجەم کوتابخانەیە کە داوای لێ بکا برا بچوکەکەی بۆ قەید بکەن،ئەوە لە بیستی نۆوە ئەم کوتابخانە وئەو کوتابخانە دەکا،بە چاوی خۆشی چاوی لێ یە ماڵە دەوڵەمەندەکان دەمی بەڕێوەبەرەکان چەوردەکەن وئەم هەموو موستەشارو ئامرسریە وبەعسی یە خۆماڵیانە هەن، منداڵەکانیان لە مەکتەبی کوردی وەردەگیرێن،کە ئەو هیچ شک نابا دەمیان چەوربکا،خۆ ئەو باش دەزانێ مەسەلەکەی ئەو تەنیا دەم چەورکردن نیە، بەڵکو ئەو ڕابردوەیە کە ئەو وبنەماڵەی ئەو پێی ناسراوە،بەهیچ شێوە لە هیچ دام ودەزگایەکی ڕژێم بەشدار نابن، بۆیە ئەم بڕیارە ی پەروەردە بۆ هەموو کورد نیە،تەنیا بۆو کوردانەیە کە مل نادەن بۆ دام ودەزگای بەعس، ئەوەندەی بۆ دوبارە کراوەتەوە، بڕیارەکەی لە دەمی مدیرەکانەوە لەبەرکردوە ،(ئەمە چەندجارم پێ گووتی، تەوجیە وئەمرێ ڕەسمیمان بۆ هاتوە لە تەربیەوە کە ئەمسااڵ هەرچی قوتابی نوێ یە دەبێ لە مەکتەبی عەرەبی وەربگیرێ)

ئەو هەموو جارێ بە مدیرەکانی دەگوت ، ئەو مەکتەبانە بۆمنداڵی بنەماڵە وموچە خۆر و کارمەندە عەرەبەکان وئارەزو مەندەکانە و بۆ گشت خەڵکی نیە . مدیرەکان بە هەڕەشەوە هاواریان دەکرد بە سەریدا: جابۆ تۆ جەنابت تەعلیمات بۆ حکومەت دادەنێ ی؟؟دەزانی ئەم دەم درێژیانەت بە یەکجاری سەرنگونت دەکەن !

لە ڕێگای گەڕانە وە بۆ ماڵ ،هەر بیری لەوە دەکردەوە،ئایا برا بچوکەکەی بۆ دوا جار بفرۆشێ؟چونکە ئەو دەیزانی ئەو قوتابخانانە هەروا ئاسایی نین، بۆ پێگەیاندنی وەچەیەکی دەروون ومێشک شۆراوە لە هەموو شتێک و پڕ کراوە بە خۆشەویستی وهۆگربوون بە ڕژێم وئامانەجەکانی بن،جگە لە ڕژێم هەموو شت وکەسێک ببێزێنن، کاکە هێمنی

ژیکەڵە ئەوە سێ هەفتەیە هەموو مەکتەبەکانی شار لەگەڵ کاکی گەڕاوە،لەگەڵ هاوار کردنی هەموو مدیرەکان ڕاچەنیوە،هەموو ڕۆژێ بە نائومێدی دەگەڕێتەوە، بەشەرمەوە پرسیار لە کاکی دەکا :

کاکە ،تازەمن ناخوێنم ؟هیچ مەکتەبێ وەرم ناگرێ؟ خۆ هەرتۆ دایک وباوکمت ڕازی کرد تامن بخوێنم و وەک تۆ بێ شەهادە نەبم.

کاکی هیچ وڵامی نیە، چۆتە ناو بیرەوەری ویادگاریەکانی ..

(منیش وەک تۆ منداڵێکی بێ داروبار وبێ بەخت بووم، نەم دەتوانی لە گەڵ منداڵە دەرەبەگ و دەوڵەمەندەکان هەڵکەم ،کە دەچوومە مەکتەب ،یان لە دوای هەموو تەلەبەکان،یان لە پێش هە موویان دەڕۆیشتم ، لە ڕێش یان سەگ هێرشیان دەکردمە سەر، یان ئاوی خڕەکە دەیبردم، یا لە تەلان ولێژاییەکان دەکەوتم وهەڵدەدێرام، زۆر جار بە پێخاوسی دەگەڕامەوە ماڵ،داخەکەم خۆم تەواوم نەکرد،حەزم دەکرد تۆ بتخوێندایە ،بەڵام وادیارە ئەم هیوایەشم نایەتەدی)

هێمن ،بەدرێژایی ڕێ ،چاوەڕێ بوو وڵامێکی کاکی گوێ لێ بێ،بۆیە کە وڵام نەبوو ،دیسان بە قوڕگی پڕ گریان گوتی:

بابم دەیگووت ،تۆ لەگەڵ منداڵان نەدەگونجای،بەڵام من زۆر لەگەڵ منداڵان بەینم خۆشە، کاکە توخوا بابخوێنم

.

(بەڵێ زۆر ڕاستە نامۆ بووم،کەس نەی دەوێرا چیلکەیەک لە چاکەکە ببڕێ،منیش دەچووم گوێ درێژو ئاژەڵەکانم تێدا دەبەستەوەو ئاگرم بەدارەکانی دەکردەوە و بەڕوەکانیم دەبرژاند ودەم خوارد،کەبۆ باوکمیان دەگێڕایەوە،دەستی شل دەبوون هێندەی لێ دەدام،ناچار دەیگوت ،خەڵکینە ،کوڕەکەم شێتە، چی لێ بکەم ..

جارێکیان کاغەزێک هاتبوە مەکتەب،لێ ی نوسرابوو کە شێخ خەونی دیوەبە پێغەمبەرەوە،وەهەرکەسێ کاغەزەکە بخوێنێتەوە دەبێ شازدە جار بینوسێتەوە، ئەگەرنا خراپی بەسەردێ، قوتابیەکان خەمی ئەوەیان بوو کە دەفتەرەکانیان بەشی ئەم هەموو جار نوسینەوە ناکا، من لەبەردەمی ئەوان ،وەرەقەکەم بۆ کردنە دووسەد پارچە وبۆم لە تەنەکەی خۆڵە کە هاویشتن، من وام زانی پشت گیریم دەکەن، کەچی بە هەموویان لێ یان دام ، جواب گەیشتەوە بابم ئەویش زۆری لێ دام ودەری کردم ،پاش چەند ڕۆژ خاڵم بردمیەوە ماڵەوەو دڵی باوکمی چاک کردەوە،)

هێمن هەرلە کاکی ڕامابوو،ئەو وڵام نەدانەوە بێزاری کردبوو،بێ ئاگا لەوەی کە گوتەکەی ئەو بۆ کاکی ،ئەم بێ دەنگیە وبیرەوەریەی بۆ کاکی هێناون ..

(ڕۆژێک دیتم لە مزگەوت یەکێک لە هاوڕێکانی مەکتەبم چۆنێتی دروست بوونی هەورو بارانی بۆ مەلا باس دەکرد کە لە کتێبی جوگرافیا خوێندبوومان، مەلاش هەر دەیگوت،استغفرالله ،استغفرالله ،کوڕم بزانە عاسمان وەک بێژینگێ کون کونە، مەلایکەکان بەگورزی گران لە بەحری موحیت ئاوێ دێنن وبەو بێژینگەی دادەکەن، خۆت کافر نەکەی ،ئەوە عیلمی شەیتانیە، پێتان دەڵێن ..

جا منیش بۆم بوو،بە تەلەبە دینداڕەکانم دەگوت ،بۆ خۆتان کافردەکەن؟ هاتوون علمی شەیتانی دەخوێنن،مەلا گوتویەتی ئەوە علمی شەیتانیە، هێندەم پێ گوتن، تا ناچاربوون گەلە کۆمەکیم لێ بکەن ولێم بدەن، بەباوکمیان گوتبوو کوڕەکەت کافربووە، باوکم بە گریانەوە لە مزگەوت هاتەوە،گوتی ڕۆڵە ڕاستە دەڵێن کافربووی؟ ، گوتم نا باوەڕ مەکە، بەڵام ئەوان سەرەوەی مزگەوت دەدەنە کوڕی دەرەبەگەکان،کەهەژارێ دەمرێ کەس ناناسێ وکە دەوڵەمەندێ دەمرێ دنیای بۆ ژێر و ژوور دەکەن، ئەی خۆ خوا خوای هەموانمانە؟ باوکیشم لەناخەوە دەکوڵا،دەیزانی ..

من لەبەر دڵی بابم نوێژم دەکردن،بەڵام ڕقم لە نەتەوەو دین وهەموو دیاردە کۆمەڵایەتیەکان دەبووەوە بەدیاردەیەکی دەرەبەگیم دەزانین ،هەموو گۆڕانکاریەکم بە ستبوو بە کارکەرە ئابوریەکەوە، بەڵام ڕۆژگارو ئەزموون وتەمەن بۆی دەرخستم ،ئەو بیرەش کاڵایەک بوو بەباڵای من نەبڕابوو،هەموو مژدە وژیانە یۆتۆپیاکەی کە لە گەڵ دیالیکتیکی مێژوویی وماتریالیزم ومادی گرێدابوو بەڵام کە ماتڕیالیزم ودیالێکتیکیش ناردیان ماڵی ئێمە مانانی پێنەزانی ئەویش هەر چوەوە ماڵی گەلانی بەدەسەڵات ودەوڵەمەند وئێمە چاکتر پڵیشاینەوە، هەروەها ژیانێکی خاڵی لە کۆشی پاڕانەوەو لاڵانەوەو سکاڵا ،جیهانێکی بێ پەروەردگارێکی بەدیهێنەر و بەڕێوەبەر و پارێزەر، زۆر ناخۆش وتاڵ بوو،)

هێمن لەم بیرەوەریانەی دەرهێنای و ڕای وەشاندی ، گوتی :

ئەوەگەیشتینەوە ماڵ،چ بە دایکم بڵێم ها؟؟

* پێ ی بڵی ،تەنیا مەکتەبی عارەبی وەرم دەگرێ، بەڵام دەێ تۆ پەیمان بدەی هێمن گیان ،کەبەتەنیا خوێندن ونوسینیان لێ وەربگری ،شیعرەکانیان، سرودەکانیان، شیعارو دروشمەکانیان ،ئاگرو دەردو ژەهری مارن ..

هێمن: ئەی بەرگی تەلائیع ؟؟

* ئەویش هێمن گیان ئەویش وەرمەگرە ..

هێمن بەڕاکردن دەچێتە وە ژوور تا مژدەکە بداتە دایکی،کاکی بە دە م سەیرکردنی هێمنەوە ،عەرەبانەی عەمبالێیەکەی لە دارتێلەکەی بەردەم دارگا دەکاتەوە،و ڕای دەکێشێ بەرەوبازاڕ،،(خۆزگە هێمن نەدەبویە گەرایەکی بێگانە لە بەرگی خۆماڵیدا،،)

4-2-1992



حران مدينة سورية قديمة تقع... - التنمية...

چیرۆکی هەشتەم:

کرێکارەکانی وڵاتی تێکدان.

لەم وڵاتە سنوور پۆڵاییندا،کە بازاڕەکانی هەموو کاتێک بە کاغەزو پۆسکارتی هەمەڕەنگ ڕازێنراونەوە و ئاڵا و واڵا کراون ، هەردەم سروودی اللە یخلی الرئیس لە بڵند گۆکانی مونەزەمە و ئییستخباراتەوە گوێ ی خەڵکی کاس کردوە،لە م وڵاتە کشتوکاڵی وپڕ ئاوو و زەوی بە پیتەدا کە بازاڕەکانی میوەو دانەوێڵەی پێویستی تێدا دەست ناکەوێ،دەوڵەمەندان تەنگانەی لە برسان مردن لەبەر گەمارۆ ی ئابووری بۆتە مۆتەکەیان و کەچی هەژاران هەر بیریشی لێ ناکەنەوە،ئەم وڵاتە بە ڕوکەش ڕازاوەیە،بەڵام ناواخنەکەی وێرانەیە وزۆر سامناکە ..

سە عید هەروەک ڕۆژان بە شەکەتی لەسەر کار دەگەڕێتەوە،ئەگەر دەتەوێ هێماو پەیکەری کرێکاری کڵۆڵ و هەژار

لە م وڵاتە ببینی وبکێشی ،وەرە سەیری بکە،پاتەی شڕی پینەکراوو پانتۆڵ وچۆغە لە ڕەنگی جیاو مێزەری سپی بوەو لاشەیەکی لاواز و بێ دارو بارو ڕیشێکی کوڵکن،دوکاندارەکانی بازاڕیش کە چاوەڕێ ی خێر و سودی باش لەم چینە ناکەن ،خواخوایانە نەیانبینن وهەر زوو لە دوکانەکانیان دەنگیان دەدەن،

سە عید بە دەستێک کیسی تەماتە وپیواز و بە دەستە کەی دیکەی نانی گەرمی لە سەر دە ست داناوە،منداڵە کانی هەر زوو شتەکانی لێ وەر دە گرن و سەعید ماچی کردن و بە پەلە چوە لای خێزانە نەخۆشە کە ی کە لە جێدا کەوتبوو، ئەویش تە نیا پەیکەرێک ئێسک ماوە،بە حاڵ نوزەی دێ، بەخێر هاتنەوەی سەعیدی کرد، سەعید لە کاتێکدا دەستی لە سەر نێوچاوانی دانابوو وڵامی دایەوە:

خوا لێت خۆش بێ، ئێستا چۆنی؟ تایەکەت زۆرنیە، باشتر نەبووی؟

= ئازارم زۆرە، ناتوانم هەستم ، سەرم لە گێژەوە دێ، هەنگوینم بەزاری تاڵە ..

* چاک دەبی ان شا اللە..

منداڵە کان بە غەمناکی سەیری دایک وباوکیان دەکەن،تەمەنی یاری وپێکەنین وگاڵتە و گەپیان بۆتە تابلۆی خەم وخەفەت و ئاخ هەڵکێشان، سە عید دوای نوێژ زۆر لە خوا دەپارێتەوە کە منداڵەکانی بێ دایک نەبن، پاشان سەرنانەکە ڕادەخا و زەڵاتەکە ورد دەکاو نانە کە بە سەر منداڵەکان دابەش دەکا ،بابۆڵێک بۆخێزانەکەی دەکا و دەیداتە دەستی، هەرچەندە دەڵێ پێم ناخورێ، بەڵام سەعید هەر بە زۆر دای دەنیشێنێ وئاوی بۆ لە پەرداخەکە دەکاو بە دەستێ ئاوو وبەدەستێ بابۆڵە ی بۆ ڕاگرتوەو دەڵێ:

دەی بەبەکە ، ئەتۆ ئێستا بچوک بوویەوە، خۆ ناتوانم مەمک وشیرت بۆ بکرم ،دەی جادوای حەب ودەرمانەکانیشت بخۆ ،نابێ بەگەدەی خاڵی دەرمان بخۆی، منداڵەکانیش پێدەکەنن ...

دوای نان خواردن ،بێ دەنگی باڵ بەسەر خێزانەکەدا دەکێشێ، منداڵەکان هەریەک لەلایەک خەو دەیانباتەوە،سەعید جێگاکەیان بۆ ڕادەخاو دەیانباتە سەرجێگا، تانیوە شەو گوێ لە ناڵەی خێزانەکەی ڕادەگرێ،هەرشەونخونی کردن ودڵدانەوەی لە دەست دێ، لە گەڵ سەیر کردنی پەنجەرەکە،جارجار دەست بۆ گیرفانی دەبا،لە بیری چۆتەوە کە بڕیاری تەرک کردنی جگەرەی داوە،یان ڕاستتر بڵێین باری گوزەران وگیرفانی لێ ی قەدەغە کردووە.

(نا،تاوانە،خۆم ومنداڵم نەخۆش وبرسی بین و بێ بەرگ وبێ داوو دەرمان بین کەچی بچم ڕۆژانەکەم بەدەردێکی کوشندە وژەهر بدەم تا دەرد و بەڵا توشی خۆم وکەسانی دەورو بەرم بکەم،ئەوە گێلیە زگت لە برسان قۆڕەی بێ وگیرفانت پاکەتی تێدابێ،کڕێ خانوت پێ نەدرێ وکە چی ئالیارت لە سەربان بێ،)

کەڵەبابەکان دەخوێنن ودەنگی بانگ وسەڵا لە بڵندگۆی مزگەوتەکان بەرز دەبێتەوە،،سەعید هەر لە لای خێزانەکەی بە دانیشتنەوە ،سەری بە دیوارەکەوە ناوەو خەوی لێ کەوتوە، هەڵدەستێ، چاوەکانی هەڵدەگلۆڤێ، بەتانیەکان بە منداڵ وخێزانەکەی دادە داتەوە، دەست نوێژ دەگرێ و پاڕانەوەو لاڵانەوەی ئەمیش تێکەڵ بە جریوەو خوێندنی باڵندەکان دەبێ ،عەلا دینەکە هەڵ دەکاو چای بەسەر دەنێ ونان دەڕشێنێ، پاش نان وچا خواردن ،منداڵەکان بێدار دەکاتەوە:

نان و چاکەتان بخۆن وئاگاتان لە دایکتان بێ، تا لە ئیش دێمەوەو دەیبەمەوە خەستەخانە.

بەختیار:ئەی بۆ ئێستا نایبەی؟ ئاخر دەبا داکم چاک بێتەوە،ئێستا بە جێمان مەهێڵە، ئێمە ناتوانین هیچی بۆ بکەین.

* نا کوڕم، تۆ دەتوانی زۆری بۆبکەی،بیشێلە ودای نیشێنە وببە سەرین وپشتی بۆ پشت پشتی،دڵی بدەوەو دوعای بۆبکە، منیش دەچمە مەیدان ،بەڵکو یەکێک بەکڕێم بگرێ وتۆزێک پارە پەیدا بکەم ودایکتی پێ چارەسەربکەم ..

بەختیار تا باوکی لە چاوان بزر دەبێ لە لاشیپانەی دەرگاکەوە سەیری دەکا،بەیانی هەوا ی سارەد،سەمون فرۆشەکان لە گشت کۆڵانەکان بڵاو بوونەوە، هاواری یاڵڵا سەمونی گەرم، ئەو ناوەی پڕ کردوە،

(ئەمڕۆ ئەوەی جاش وئەمن وئیستخبارات نەبێ،موچە خۆری میری نەبێ،دەبێ بەکولە مەرگی بژی، جاران ئیش زۆر تر بوو، ئێستا ئەو ڕژێمە نەگریسە گوندو دێهاتی نەهێشتن، هەمووی وێران کردن،خەڵکەکەی ئەنفال وسەرنگون کردن،ئەوانی دیکەش هەموو لەم دوو سێ شارانە خزاون،بە نانە زگیش ئیش دەکەن،نە کشتوکاڵ ماوە،نە باخچە و بێستان ماوە، نە ئاژەڵ وپەلەوەر ماوە، هەموی وێران بووە، قوڕی پێ وەربووە، بۆیە ئاوا ژیان بە زەحمەت بووە..)

سەعید دەگاتە مەیدانی کرێکاران، لە تەنیشت ئەو پیاوە غەریبە دادەنیشێ کە دوو ڕۆژ لەمەو پێش ناسیویەتی.

* مام سمایل چۆنی؟ دوێنێ ئیشت کرد؟

٪ بەتەمای خوای ،نەخێر ئیشم نەکرد،کەس بەکرێی نەگرتم،

* ئیش زۆر کەمە،

٪ بەخوای بریم چ، ئیشی باش کمە،ئی خراپ زۆرە،

* ماڵتان لە کوێ یە مام سمایل؟

٪ مار،چما مار مایە تا لە کێ بی؟هەرشە وە لە کونەکی ڕۆژێ دەکەمەوە ..

* بۆ؟ ژنت نەهێناوە؟

٪ خۆزی وابوایە، ژنم نەینابا، ڕۆرە چ بڕێم ،ژن و مندارم هەبوو ،باخ وبیستانم هەبوو،لە دەشتێ،حە موو چوو، فەوتا، باسی مەکە ،باتوشی موشکیلەکی نەبی، مستەشار ئەوی پارە کرد فرۆشتیان ،ئەمنیش ئەوە مایمەوە،خۆزگە ئەمنیش ،ئەنفال بوومایە وپاشی وان نەمامایە ..

ئەدی ئەوانە ئیستیشارە وڕاوێژی هەندێ دەدەنە دوژمنەکەیان تاخوا کو فەقیر وفوقاراتی لە بەین ببا،میللەتەکەی قڕان بکا.

بە درێژایی بن دیوارەکە ،کرێکارەکان دانیشتون، هەندێکیان شەوی ماوە کەهاتون، باوێشک دەدەن،میسریە شووشە فرۆشەکە دوو کارتۆنی گەورەی بەملدا کردووە، خۆی ودجداشە چڵکنەکەی لە نێوان کارتۆنەکاندا بزر بوون، تەنیا کڵاوە سپیەکەی سەری دیارماوە، بەکۆڵانکاندا دەگەڕێ.

ئەوانەی بۆ کرێکار گرتن دێن، دەڵێی بۆ کۆیلە کڕین دێن،بەچاوی مشتەری سەیریان دەکەن،بازاڕ قەرەباڵغ دەبێ، پڕ و پاگەندەی سەوزە فرۆشەکان دەست پێ دەکا،کۆمەڵێک تەلەبە بە پێکەنینەوە بەوێدا ڕەت دەبن، ئای کە دەیانزانی ئەم کۆمەڵگایە چیان لێ داوا دەکا؟ هەرگیز پێ نەدەکەنین، عەمباڵێکی مێرد منداڵ ملی پێ درێژ بووە ،نە لە هەورازان دەزانێ لێ خورێ و نە لە سەرەو لێژان، دیارە ئەویش تازە ئاوارەیە .

لە نکاو ،لۆریەک لە بەردەم کرێکارەکان ڕادەوەستێ،چەند کەسێکی تێدایە بە مەسئول دەچن، یەکێکیان بانگی کرێکارەکان دەکا، کرێکارەکان لە خۆشیانا دەگەشێنەوە، ئەوان خەریک بوو لە ئیشی ئەمڕۆ بێ ئومێد دەبوون، بە پەلە سواری لۆریەکە دەبن، بەڕێ دەکەون، دوای ماوەیەک ڕۆیشتن لۆریەکە لە چۆڵەوانیەکی دەری شار ڕادەوەستێ، کۆمەڵێک تەواری دەمامک ڕەش وچەکدار سەردەکەون دەست ودەم وچاوی هەموو کرێکارەکان دەبەستن، لۆریەکە بەڕێ دەکەوێتە وە، ماوەیەکی باش دەڕوا، کرێکارەکان لە ترسان هەڵ دەلەرزن، لۆریەکە ڕادەوەستێ و تەواریەکان دەست وچاوی کرێکارەکان دەکەنەوە،لە دەم ڕوبارێکن،ڕوبارە یان پاشاوو گۆمە ئاوە، نازانن، کرێکاری دیکەشی لێ یە،ئیشەکە ئەوەیە کە تورەکە هەڵبگرن و هەڵیدەنە ناو ڕوبار وگۆمەکەوە،بۆنێکی ناخۆش دێ، تورەکە کەڵەکە کراوە،عەسکەریە و سەرباز ئەو ناوەیان گشت تەنیوە، کرێکارە نوێکان دەنگ دەدرێن ،بۆ دەست بە کارکردن ،تورەکەکان هەموو لاشەی مرۆڤیان تێدایە،گەورە وبچوکیان هەیە، قەدەغەیە کەس لەگەڵ کەس بدوێ،تا ئێوارە ئەمە ئیشیانە، کەس نانی نیوەڕۆی لە بیر نیە،شەو دادێ ،هەندێ لە کرێکارەکان دەبورێنەوە،هەندێ تر دەڕشێنەوە،هەندێ حەپەساون وسام گرتوونی،دەترسێن ئەوانیش دووای کارەکە بکوژرێن وبخرێنە ناو ئاوەکە،پاسەوانەکان جار بە هەڕەشەو هەندێ جاریش بەکرێی زۆر بەڵێن دەدەن،شەو بەسەر دەچێ، کەس ناتوانێ بنوێ،بۆ ڕۆژی دواتر هەم ئیش و تورەکە فرێ دانە تا شەو،بێ خواردن وخواردنەوە، کرێکارەکان دەزانن کە ئەوانیش هەر لە برسان وتینوان دەکوژرێن، سەعید لە بەرەبەیانی شەوی دووەم بە بیانوی میزکردن خۆی دەدزێتەوە، داخوا دوعای کێی بۆ گیرابوە،چاوی پاسەوانەکانی بۆ دەبەستێ، ئەو ڕۆژە تا ئێوارە بە ناو چۆڵەوانی ودارستاندا ،هەر ڕادەکا،تاکو نیوە شەو دەگاتەوە ناو شار،دەترسێ لە ماڵەوە نەی ناسنەوە،ڕەنگی زۆر گۆڕاوە، کە دەچێتە ژوور منداڵەکانی شاگەشکە دەبن، خێزانەکەی دەڵێ:

خۆ سەعید دیار نەمانی تۆ،نەخۆشی وئێش ولە پێ پەڕینی لە بیر بردمەوە، لەتاوانت لە جێ هاتمە دەر چووم مەیدان وبازاڕ، گشتی گەڕام لە گەڵ منداڵەکان ،لە هەموو ناسیاوانم پرسی،زۆر ترسام،

سەعید بەقورگی پڕ گریانەوە دەڵێ:

بەڵام ئێمە ئەوە چەند ڕۆژە دڵی دایکان بەکوتکێ وە دەدەین وپشتی باوکان دەشکێنین و بێوەژن و هەتیوان بێ ئومێد دەکەین،تەرمی ژن ومنداڵ وپیاو فڕێ دەدەینە ناو ئاو، کرێکار کە لە گشت دنیا کاری بنیات نان بێ، لەم وێرانەی ئێمە کاری تێکدانە و ڕووخاندنە، هەرئێستا کەس باوەڕ ناکا کە سەدان کەس ،ئەوە چەند ڕۆژە ئەوە کارمانە ،ئەی خەڵکی داهاتوو چۆن باوەڕ بەم ئەفسانە دەکەن؟؟

1992-2-18چوارشەممە.

ئەم چیرۆکە لە یادی ڕۆژی کرێکارانی ساڵی 1997دا لە ڕۆژنامەی ڕاپەڕین بڵاو کراوەتەوە..



لایەڕی ١ | ساڵا نێکن | ژمارا ١

کردستان

١٣١٥

هەچین دقێت گاغازەکێ فرێکت . دقێت فرێکەتە مصرێ لسەر نافێ خۆدانێ فێ رۆژنامێ

لاوێ باردخان پاشا (مقداد مدحت بگ)

هەرجار دوهزار رۆژناما بێ پارە نارذێ فرێکەمە کوردستانێ دا بدن خەلکێ

پازدە رۆژا جارەکێ نێت نڤیسادن

نۆکە دەمێ هشیارکرنا کوردانە یو ب دەستڤەنێنا زانستان

رۆژنامەیەکا کوردی یە هەر پازدە رۆژا جارەکێ دەردکەڤیت

نڤیسادن

نافـ و نیشان مصر – رۆژنامـا "کردستان"

یا سەرنڤیسەر و خۆدانێ وێ (میقداد میدحەت)

ژ هەر چاپەکێ ٢٠٠٠ دانە دنێتە هنارتن بو کوردستانێ دا ل گوند و باژێران بێتە بەلاڤەکرن

ژ دەرڤەی کوردستان بهایێ بەشداریکرنا سالانە ٨٠ قروشن

دنافـ کوردستانێ دێ ل دیڤـ داکارێا تابیعات ، بێ بەرامبەر دێ نێتە هنارتن

روژا پێنجشەمبێ ٣٠ ذو القعدە سالا ١٣١٥ پێنجشەمبێ ٩ نیسانێ سالا ١٣١٤

بسم الله الرحمن الرحيم

سەد هزار شوکر و حامد ژ خۆدێ کەعالا را نام موسلمان خەلق کرین ، و ژ زانینا علم ومەعریفەتێ را هش و زکا دامە ، دەرحەقا فێربوونا زانست و مەعریفەتێ را گەلەک نایەتێن جەلیل و فەرمودێن شەریف بێت هەین، د دونیایی دا چاند موسلمان هەین ، دگوند و باژێرێن هەمیان دا مەکتەب و قوتابخانە و رۆژنامە بێت هەین ، د دونیایی دا چ چێدبیت چ چێنابیت رۆژنامە د نڤیسن، حەیفا من دنێت ژ کورد را کورد ژ گەلەک قەومـا زێدەتر خۆدانێن هش و زیرەکیێ نە جامێرن د دینی خودا دراست و د قەومێنە و دخورتن بەلێ پا ودکی قەومێن دی نە د خواندەڤانن و نە د دەولەماندن ، د دنیایی دا چ چێدبت؟ حیرانی وان (موسکو)چەوایە؟ دێ چ کت ؟ نزانن. لەوما د رێیا خۆدێ دا من نەڤـ رۆژنامە نڤیسی ب نامەهیا خۆدێ کەعالا ژ نهو پێدا هەر پازدە رۆژا جارەکێ نارذ دێ رۆژنامەکێ نڤیسم، نافـ فێ من کریە (کردستان) د فێ رۆژنامایێ دا نارذ دێ بەحسێ قەنجیا علم و مەعریفەتێ کم ،

ل کیڤە مرۆڤ فێربیت ؟ ل کیڤە قوتابخانە و مەکتەبێن باش هەنە نارذ دێ نیشا کوردا دم ، ل کیڤە چ شەر چێ دبن ، دەماێتێن مازن چ دکن؟ چاوا شەرا دکن؟ بازرگانی چاوا دبە؟ نارذ دێ هەمیا بەحس کم ، هەتا نوکە کەسەکێ رۆژنامەکا هوسا نە نڤیسیە، نەڤە رۆژناما من یا نێکێ یە ، لەوا دێ گەلەک کێماسی هەبن. نارذ هیڤی دکم کێماسیێن رۆژنامێ بو من بنڤیسن ، هەمی تشت دەمێ ژ نوی چێدبن د کێمن پاشی هندی وێڤەنڤرە د نێتە گەهورین ، نەڤە نیڤی نارذ دێ دەست پ مافقصادێ کم (ومن الله التوفيق)

حەزرەتێ پێغەمبەر علیه الصلوة والسلام گوتیە (العلماء ورثة الانبياء) ئانکو زانا وارسێن پێغەمبەرانە ژ لایێ خۆدێ قە نامر پێ هاتیە کرن وەعز و ناسیحاتا بدەنە خەلکێ ، رێیا گەنج نیشا وان بدن، لەوما گەلی زانایێن کوردا چاوا هوین وەعز و ناسیحاتا نڤێژن ددەن ، وەسا دڤێت هوین وان میر و ناغا و کرماتجێن دنیاسن حالێ کرنا زانینا زانست و مەعریفەتێ ل دڤـ پەیداکن، رێیا گەنج نیشا وان بدن ، ئەگەر هوین وێ نەکن ، گونەها هەمیا ل ستۆیێن وێیە

—

چیرۆکی نۆیەم:

گەڕانەوە.

زستانەکە خەریک بوو بەسەر دەچوو، وەرزی بەهار کەزی وپرچە سەوزەکانی لە لق وپۆپی درەخت ودەشتەکاندا پەخشان دەکردن، چەپکە گوڵی هەمەڕەنگی لە قژی سەوز و سەرو پرچی درەخشانی دەدا،پەڕەسێلکە کان وا گەڕاونەوەو لەبەر هەیوانەکان هێلانە دروست دەکەن.

مام عە لی ئەوە هەفتەیەکە کێچی کەوتۆتە کەوڵی،هەربیر لەوە دەکاتە وە، چۆن بگەڕێتەوەو سەردانێکی دێ یەکەیان بکا، ئەم شەو دەبێ بڕیارەکەی بدا، لەسەر قەرەوێڵەکە ڕاکشاوەو سەیری هێلانەی پەڕەسێلکەکە دەکا ،ئەو بڕیاری داوە لەگەڵ گەڕانەوەی پەڕەسێلکەکان بگەڕێتەوە.

(داکم دەیگوت ،کە پەڕەسێلکە دە خوێنێ، دەڵێ ئاوێ دێنم لە مەدینێ،قوڕێ دێنم لە قوڕەشینێ، ئەوەی هێلانە م تێک دەدا ،خێرێ لە دای وبابان نەبینێ ...

پەڕەسێلکەکانیش لەمە بەوەفاترن ،بەکیمیایی وتۆپ بارانیش کەلاوەکانیان چۆڵ نەکردوون، ئێستا دڵنیام وەک چۆن هاتونەوە ئێرە، چونەوە گوندیش،ئێستا ماڵە کان نایەڵن پەڕەسێلکە هێلانەیان لە بەر هەیوانێ ماڵان بکەن، دەڵێن ماڵمان لێ پیس دەکەن وخەوی بەیانیانمان لە دەست دەدەن،،بەیانی خوا یاربێ لەگەڵ سمایلۆکەی بابی سەرێکی لە گوندی هەڵدێنین ..

....

بەیانی زوو، دوو تارمایی بەڕێ باریکەلۆکەکەدا دەڕۆن ، ئەو تووڵە ڕێ یە هەر چەندە بۆ شەش ساڵ دەچێ ڕێ ی ڕێبواران نەماوەو خەڵکی گوندەکان بۆ شار کۆ ناکاتەوە، بەڵام شوێنەواریشی هەر کوێر نەبۆتەوە،چۆن نامێنێ؟ ئەو ڕێیە ڕێی چوار فەسڵی ساڵی سەدان گوند بووە بۆ شارو خۆیان و کەرو ئێسترو مەڕ و ماڵاتیان پێ یدا ڕەت بووە

مام عەلی لە ئاست هەردەشت وگرد وتەپۆلکەیەکد ئاخێکی قوڵ هەڵدەکێشێ، ئەی بۆ نا؟ ئەو لە گەڵ هەر درەخت ودەوەنێکدا،لە گەڵ هەر بەرد وبستوێکدا چیرۆکێکی هەیە، هەموو جێ یەک لای ئەو ناو وناسنامەی خۆی هەیە،لە هەموو شوێنەکان یادگاری بەجێ هێشتوە .

پێش ئەوەی بگەنە گۆندەکە ،چاکی گوند و گۆڕستانی گوند و ڕوحیانەتی باپیران پێشوازیان لێ دەکەن ، بۆیە ئەوانیش جارێ ڕوو لەو شارە ئاوەدانە دەکەن وبەک یەکە گۆڕەکان بە سەر دەکەنەوە، مام عەلی لە سەر گۆڕی دایکی دادەنیشێ،یادگاری دەیبەنەوە ڕۆژانی منداڵی ..

(کاتێ دایکم مرد، شوانی مێگەلە بەرخی ماڵی ئاغا بووم ،باوکم ڕۆژتا ئێوارە لە دیوەخانی ئاغا نەدەبزووت،پیاوێکی خۆراو تەمبەڵ بوو،دایکم بەنەخۆشی لە ماڵ بەجێ هێشت، من لەسەرئەم بەردە دانیشتبووم کە پورە فات بەلام دا ڕەت بوو ،تەماشای کردم وگوتی :

ئەی هاوار،عەلیلە نەی زانیوە دایکی مردوە،، منیش ڕاچڵە کیم ،بەرخەکانم جێهێشت و ڕام کردەوە ماڵ، بەڵام تازە مردبوو ،هاتن ئەم گۆڕەیان بۆ هەڵ کەند، هەردووکمان ڕۆژانە لێرەبووین ،ئەو لە ناوگۆڕو منیش لە دەری گۆڕ، ئەو باوەشە سۆزەشم نەما،ساڵ دوازدە مانگ ،شوان وجوتێر و سەپان بووم،خوشکیشم ژنی بۆ باوکم کرد،،)

مام عەلی هەستا وسمایلی بە ناو گۆڕەکاندا گێڕا، یەک یەکە گۆڕەکانی پێ ناساندن، چیرۆکی ڕەمەندو کەڵەک ودرەختەکانی بۆ باس کرد، یادگاری پەنجا ساڵ کۆشش وتەقەللای خۆی و ئەو چیرۆک وسەربردانەش کە لە پیر وپێشینانی بیستبوو لەلای کەڵەکە ببوو.

هاتە ناو گوند و چیرۆکی یاریەکانی شەوو ڕۆژانی لە گەڵ منداڵان بۆ سمایل دەگێڕایەوە ،شوێنی هەللوکێن وکێل بەردێن وکەلایێن وجوغزێن وبازبازێن وخۆشارکێن وقەراقەراییێنی پیشانی سمایل دەدا، چونە سەرکەلاوەکەی خۆیان ،ژوورو دیوارەکانی پیشانی سمایل دان،پاشان لەسەر کەلاوەکە هەڵتروشکان ..

(بابم ئاواتی بوو داکم ماندوو بکا، هەر کارێک داکم حەزی لێ بوایە ،بابم لێ ی تێک دەدا، بۆیە کە داکم خەریکی کارێک بوایە ،لە بابمی دەشاردەوە،ساڵانە دەرپێ وچاکەت وکڵاوێکی خامی بۆ دەدرووم ،دەبوایە جەژن تەواوی بکا،شەوێکی جەژن بابم داکمی تا نیوەشەو خەریک کرد، تا بابم نوست، داکم لە سەر بانیژەکە لەبەرشۆق مانگەشەو جلەکانی بۆ درووم ،کەچومە لای ،وای زانی بابمە، خێرا جلەکانی شاردەوە،پاشان کەزانی منم ،زۆرم پێوە گریاو بەخۆوەی گوشیم ،تا بەیانی نەنوست وجلەکانی بۆ دووریم)

مام عەلی وسمایل چوونە سەر کارێزی کاکل، دوو لوێچ ئاوی لە کانیەکە خواردەوە،کیسە کەی لە قەدی کردەوەو سەبیلێکی تێ کرد،لە گەڵ بەبا کردنی دوکەڵەکەدا دەستی بە قسە کرد:

* شەوێک بابم چەند میوانێکی ڕەبەن وتەمبەڵی کۆ کردبونەوە،دەیەویست وەک ماڵی کوێخا دیوەخانی ئاوەدان بێ، چێشتی دۆکەشک وڕۆنمان هەبوو، زیافەتی میوانان ئەوکات ئەوەبوو،من نەمدەتوانی لەگەڵ میوانان دانیشم،داکم پاش ئەوەی میوان نانیان دەخوارد، لە بن دیوارێک هەندێک چێشتی بۆ تێ دەکردم وبەپەلە هەڵم دەلووشی، ئەو ئێوارە گۆزە سورەکەم لە پەنا میوانەکان دانا، بابم تێم ڕاخوڕی ،گووتی ،وا با هەڵی کرد،بڕۆ سینیە باسوخەکان لە سەکۆکە داگرەو لە بێڵا یان دانێ،منیش چووم کارەکەم کرد، دوو باسوخ ،کەوتنە سەرزەوی،من نەم خستنە ناو سینیەکەوخواردمن،نەم زانی بابم چاوی لێ یە، هێرشی بۆ هێنام وبڵندی کردم ولەسەر بانێژەکەوە فڕێ ی دامە حەوشەکەو خۆم لە بن پێ ی مانگاکان دیتەوە،لە ترسانا میزم بەخۆمدا کرد،هەر بە پێ ی پەتی تا توانیم ڕام کرد،هاتمە سەر ئەم کانیە، دیتم کە مینە ش کاکی لە ماڵ دەری کردوە، ئیدی بوینە دوو دەرکراو، مینە گوتی لەو چەمە دوو مێو پێ دەزانم تڕێ ی زۆریان پێوەیە، دەبێ حاجی وەتمان بترسێنین وخۆمان وەک خێو لێ بکەین ،سەری خۆمان قژن کرد،خۆمان ڕووت کردەوە،دوو پەیکەر ئێسق بووین، مام وەتمان لە ترسان وبە اعوز باللە لە ڕەمەندەکە بەسەر درکە زیەکاندا کەوت، ئیدی چوین خێرا تڕێکەمان لێ کردەوە ڕۆیشتین،دوای چوینە لای هەنجیرەکانی ماڵی مچە ومچەشمان بەودەردە برد ولێی بووینە هەنگاوتە،ئەوجار بەهەنجیرو تڕێ چوینە ناوخەرمانە نیسکەکە ی مام حسێن، لەوێ نازانم چاومان چۆتە خەو، هەرئەوەندە چاومان کردەوە دیمان گێرەمان لەسەر دەگەڕێ،ئێمە بە جووتە ڕامان کرد، گاکانیش بەدوای مەدا ڕایان کردو گێرەکەریان بەسەر کەڵەک وڕەمەندەکاندا ڕادەکێشا و ،هاواری دەکرد،خەڵکینە بم گەنێ ،کەمتیار لە گێرەکەی داوە، پاشان مینە بەدزیەوە چوەوە ماڵ من بەتەنیا مامەوە، چومە ناو حەوشەکەی پورە خازێ، گۆزەکەری گوند،گۆزەکانم لەسەر سەکۆکە داگرتن ولەسەر سەکۆکە لێی درێژ بووم ،لە تەقە تەق گۆچانە کەی پورەخازێ وبسم اللە ی ئەو بەئاگا هاتم ودەرپەڕیم،هاواری دەکرد دەی گووت سووڕە ئەسحابە،ئەوجا نەم دەزانی بچمە کوێ ، چوومە مزگەوت، وبەیانی هات ،جارێ کوڕەکەی مام وەتمانی هاتە مزگەوت گوتی کوڕە مەلا لەنیوە شەوێوە ،لێت دەگەڕێم ،شوێن نەما لێتی نەکەم، ئەمشەو خێوی کانی کاکلی لە بابەی،داوە، براکەی مچەش هەردوای ئەوهات، گوتی کوڕە کاکە مەلا،ئەتۆ بۆ ئەمشەو هەتیوت کردین وبۆهەنگاوتانت بەجێ هێشتین، ئەوجا سلێمانیش هات وگوتی نەنکە خازێم ئەسحابەی هاتۆتە بەرچاوان ،مەلا وەرەیاسینی لەسەر بخوێنە، مەلاش دەیگوت ،وەڵا بابم مام حسێن مەشغوڵی کردم ،فەقیرە کەمتیار لە گێرەکەی داوە، ئەمشەو هەر لە سەر سەری وی بووم چی ژێنێ ی نیە،ئێ خۆ من نەشم زانیوە زاری کەمتیاری ببەستڕێ، هەر بۆ گورگیم زانیوە.

ئەوە چیرۆکی شەوێکی یاخی بوونی بابت ،بوو ،دەبزانم تۆ دەسااڵن یاخی بی ئەوەندە بەزمانە دەنێ یەوە کوڕم.

سمایلیش بە زەردەخەنە وە شانی هەڵدەتەکاند، مام عەلی هەستا،سمایلیش بە دوایەوە ،یەک یەک ،جێ خانوەکانی بەسمایل دەناساند،ئەوەماڵی مام شەریفە کە تاقانە کچەکەی دایە برازای ئاغاو ئاغاش لەسەر ئەوە بەشەو خنکاندی،ئەوەش ماڵی مام خدرە،تا لە گوند بوو لە خانوکردن نەبۆوەو هەربۆی چاک نەبوو،تا ئاوارەیی بۆی ئاوالێ کرد،،ئەوەش ماڵی حەمەی زڕ برامە،بۆخۆم بۆم دروست کردو هێشتا هەرنام ناسێ ..

دوو بارە گەڕایەوە سەر جێ خانوەکەی خۆی، پەنجا ساڵ خەزووری خەریکی ئەم خانوە بوو، دوای ئەوەی مام عەلیش بوە زاوای و ماڵی بابی بۆ زڕداک وزڕبرایان بەجێ هێشت ،بوە شەریک برابەشی خێزانی .

* سمایل داکت لە دیواردانان لە من بەدیقەت تربوو ،کە قوڕی بۆخشتەکانیش دەگرتەوە،وەک هەویر دەی شێلا،بۆیە خشتەکانی قایم تر بوون،زۆری زەحمەت بەم خانوەوە بینی،هەتا بەردیشمان لەو چەقەنە بە قەرتاڵە دەهێنان ،داخەکەم دوای هەڵاتنەکە لە ئاوارەیی سەری نایەوە، بەمردوویش خاکی باپیرانی بەنسیب نەبوو.

مام عەلی لەسەر پاشماوەی دیوارێک دانیشت، بیست ویەک ساڵ لەم کەلاوەدا بووم ،دوازدە ژووری ژێرخان وسەرخانە،مام عەلی هەر خەریکی سێ ودووی دڵی خۆی بوو ،بۆ گەڕانەوە بۆ گوند، بەدەم بیرکردنەوە خەو بردیەوە، لە خەویدا باپیری دیت لە بەرماڵان جوتی دەکرد،خوا بەقوەتەی لێ کرد ،بەساردی جوابی دایەوە، داکی مام عەلی هات نانی بۆ با بی هێنابوو ،ئەویش بە ساردی گوتی ،تاتۆ دوو دڵ بی لە هەڵبژاردنی ئێمە، ئێمەش سارد دەبین لەگەڵت، هاتەوە بۆماڵ، نەنکی شەی دەکرد،گوتی بۆ کوێ دەچی بچوو ئێمە لەگەڵت نایەین، هاتەوە ماڵی خەزووری وخێزانی ،بینی تەنها کەڵەبابێک لە دێدا هەیە ئەویش ، لە ماڵی ئەوانە، کەڵەبابەکە خوێندی ودایکی وباپیری ونەنکی وخەزووری هەمویان بەپێکەنینەو هاتنە لای مام عەلی،،

مام عەلی کە لە خەو هەستا ،خەونەکەی بۆ سمایل گێڕایەوەو گوتی:

ئە م خانوە یەکەم خانوو دەبێ کە ئاوەدانی دەکەینەوەو ڕوحی مردوان و زیندوان بەگەڕانەوەمان بۆ گوند شاد دەکەین.

ئەوەی گوت و چوو لە کانیەکە دەست نوێژی ششت و لەوشوێنەی کەڵەبابەکەی لێ دی بوو لە وێ بانگی نوێژی عەسری دا...

—

یەیجی کوردی لۆتە


محەمەد
مستەفا
ڕاپەڕین


@hardi-hassan

چیرۆکی دەیەم :

دایەی دێ یەکە.

دێ یەکە لە باوەشی تاریکیەکی ئەنگوستەچاودا نوستوە،هەموو شتێک بەو ڕەشەبایە ساردە بەستویەتی،لەبەر گڤە و ورشەی با گوێت لە هیچ دەنگێکی دیکە نیە،بەفری گەڕەک و دەشتەکانیشی هەموو هێناوەو لە پەنا وپەسیو و بن سوانە ودیوارەکان خڕی کردۆتەوە ،پورە سەبری بە کوتە کوتی گۆچان ،بەرەو کانی دەچێ،،گۆچانەکە هەم چراو هەم قاچە لەم تاریکیەدا،ئەو دانە چۆقەی پێ کەوتوە،لە سەرمان،ڕەشەبایەکە هەر دەمە بەلایەکی دا دەڕەتێنێ،زۆر بەوریایی دەڕوا تاکوهەڵ نە خلیسکێ،لە بەرخۆیە وە هەر مینگە مینگی دێ.

* ئێسستا دەدەچم ،ججلە کان دەەشۆم،ئەو ژنە ککڵۆڵە ببە ناشکوری ننالێم ،ججلی ددیکەی نین، مێردێکی هییچ و پپوچی هەییە،ججا خۆ بە ززل زان و تورە وککە للە ڕڕەق،ژژنی ددەوڵەمەندان کە ککوڕیان ددەبێ، حەڵوایان ببۆ دەکەن،جێی گەرمیان ببۆ سساز دەکەن،ککەچی ئە وژنە ززەییستانە،ئەوە سسێ ششە وو سسێ ڕڕۆژە بە منداڵ ببونێوەیە،کەس لێی نەپرسیوە،ئێەرێ مردوە؟ مماوە؟ مێردەککەشی ئەوە پپازدە ڕڕۆژی ڕەبەقە ددیارنیە،کۆڵان گەڕو دۆم،سسەی پێ سوتاو ،ئاخر ئێەتو لە چ ددەسوڕێیەوە؟ل ل لە بباتی ششەواررەو ئێێشک لێ ککرتن،یاڕەبی ککەس بۆ خۆی بێ بەخت

ننەبێ، ببەڕە هەرلەلای تتەنکیەوە دەدەڕڕێ،دەبێ ئئەو کڵۆڵەبابان ووێرانەش ووەکوممن، خەمی زسستان ووەهاوینی لەبەربێ،هەاوین پشتوکێشی ،پپایز تتەششی ڕێسی، ببەهار کنگر و ککاردوو ،شینەشاتتتەڕە هێنان،منداڵەککانی ممنیش لە ببرسسان وسەرممان وترسان ،خخەویان لێ ناککەوێ، خخۆزگە هەربمبردانایە لای مننداڵەکانی ئەو ککڵۆڵەی، پپێککەوە دەدەخافڵان،ئیستا چچاوییان ککسکە کسکیەتی، چچاوەڕڕێن دداخوا ددااکیان چچی خخوشیان ببۆ دێنێ،دە خخوایە بە قوو ربانت بم ،خۆھەر فەقیر وبێ دەرەتانە کان ،قەە دری عافێت ددەزانن، چچ دەبوو ھەێندە دووڕنەکەوتباممایەوە بۆ ئئەوخرەی کانیە ژنە زاوان،ھەەر لە ککانیە مززگەوتێ بم ششتنایییە،یارەبی ممنداڵە ککانم ھەەتیو ننەکەی، لە ھەنگاوتە وخخێوان بمپپارێزی،،

دایە سەبری دەچێتە سەر کارێزی ژنە زاوان، لەدەری دێ یە، ئاوەکەی دەست دەتەزێنێ، ھاژە ھاژی ئاوەکەو لورەی چەقەڵ و سەگ وگورگ ئەوچۆڵەوانیەی ئاوەدان کردۆتەوە، دەست دەکا بە جل شوشتن ،بەبێ ئەوەی ھیچ ببینێ، چاوێک لەو بەری کارێزەکە دەبڕێ ، بۆڕەواندنەوەی ترس وتەنیایی وتاریکی ،خەیاڵ دەگاتە فریای، تارمای حەمەی مێردی دەبینێ ،جۆکە زەردبوەو دروێنەدەکا،گۆزەسورەکەی لە بن دارە بەنەکەداناوەو دەچێ ئاو دەخواتەوە،ڕیحانی خرپنۆکە باڵەکانی بۆبابی دەکاتەوەو مامەحەمەش ھەڵی دەگرێ وماچی دەکا،ئایشە گوڵیش لە کۆڵ دەکا،مامە حەمە بزوێکی سپاتی لەبەرن، بەھەسانەکە داسەکە دەسوێ،بە سەبری دەڵێ، دوای ئەو کە بەزگ ھێشە لە بێگاری ماڵی ئاغامردم، لەم سەپانیە چتان پێ برا، پورە سەبری وا چۆتە ناو دیمەنەکەوە،ھەربەڕاستی لای ئەویش شەونیە ڕۆژەو زستان نیە ھاوینەو تاریک نیە ڕوناکە، وڵامی دەداتەوە:

وە ڵا لە ترسی دزو چەتە جۆیەکەمان بردە ماڵی ئاغا ،لە تەنیشت ھیزرەکەی ئەوان جۆکەمان لە کەندوێکی گڵ کرد،بەڵام مشکێکی خێرخوازکەندوەکەی کون کردبوو،بەرەو ھیزرەکە،کە زستان تەماشامان کرد کەندوەبۆر ،دەنکی جۆی تێدا نەمابوو، دەشیان گوت دزراوە، جاجگە لە خۆیان کێ قودرەتای ھەیە پڕ بەچاوان لە ماڵێ ئاغای بڕوانێ؟ ؟

شتێکی ڕەق لەناوجلە کانی گەوھەردا،دایە سەبری بەئاگادێنێتەوە،دەی ھێنێتەوە ڕەشە شەوەکە،ئئە وە نیشتوە، ننیشتوی تترسە ، ددێوببەندە،ممەلا ئەحمەد ببۆ گەوھەری ککردووە، خخۆ ئئەوپپیاوە ددەرک ودوو تتڕەی ئەو سسااڵ دوازدە مانگ بەماڵێ ناکەووێتتەوە،لە وماڵە چچەپەک ولاپپە ڕە ئەو گگەوھەرە نازززارەی ببە جێ ددێڵێ.

دایە سەبری ،گەوھەر دێنێتە پێش چاوی خۆی،ئاگرەکە دامردوەو ھەرچەند بزوتێک ماون، مەلۆتکەکە لەسەر بێژینگەکە لە پەڕۆیان پێچراوە،گەوھەر دەست لە سەر بێژنگەکە ھەڵناگرێ، لە خشپەی مشک وجانەوەر ڕادەچەنێ،ھەردەم لە سەر ھەستە ،نایەوێ بخەوێ ،منداڵەکانیشی لە دەوروبەری مۆڵ بوون وخەو بردوونیەوە، ئەوە سێ ڕۆژ بوو ئەوانیش وەک دایکیان بە زانێ وەبوون، نەخەو نەخۆراکیان نەبوو.

ئێستاش هەر چوار دەوری دایکیان ومەلۆتکەکەیان گرتوە، تا ببنە قەڵغانی دایکیان ومیوانە نوێ یەکەیان، ئەوە دەبێتە کاکیان وچاو سور وشوانیان.

دایە سەبری لەجل شتن و ئاوەڵە وپزدان شاردنەوە دەبێتەوە،،گوێی لە دەنگی کەڵەبابی یەکەمە، پەلە دەکابۆ گەڕانەوەبۆ ماڵەوە،تەنیا ڕوناکی بەرهەیوانی ماڵی ئاغا دیارە لەو گوندە، ئەو دەزانێ دەبێ بە لای ڕاستی دابڕواو دیوەخان بخاتە لای دەستە چەپی، دەبێ لێی دوور بڕوا تاسەیەکان ونجڕونجڕی نەکەن،تارمایی خۆی لای قوژبنی خوارەوەی دیوەخان دەبینێ، کە بە هەفتە لە گەنم پاک کردن وکەو کردن وخوری شەکردن ودەستاڕکردنی ساوەر نەبۆتەوە، تەنیا بە نانەزگی خۆی ومندااڵەکانی،ئەوەتا ئایشەگوڵ وەک پشیلەی کە بۆنی خواردنێکی کردبێ،بە سەر پلەکان هەڵدەگەڕێ ودێ لە پەنای دادەنیشێ،ئەویش وەک پیشەی خۆی، ژەمی نیوەڕۆی خۆی بۆ کردۆتە بابۆڵەو بۆی هەڵ گرتوە،دەیداتێ،ئەویش بەدڵ خۆشی بەڕاکردن دەڕواتەوەماڵ، ئەمیش بەسکی برسی و وێژدانی تێرەوە،دەستی لەسەر دەسکی دەستاڕەکە داناوەو سەیری دەکا تا دگاتەوە ماڵێ .

پورە سەبری بەگەرمایی وڕوناکایی ئەویادگاریانەوە دەگاتەوە ماڵ ،جل وسیپاڵە کانی گەوهەر هەرلە بن بانیژەو پشتیرەکە هەڵ دەواسێ، حەوشەکەیان کەڵەکە بەردە، دەرگای حەوشە چەپەرە، باکە لەبەریەکی کرودۆتەوە، دەچێتە ژوور، مندااڵەکان وەک جاران بە دەمیەوە نایەن ،دیارە نوستون، ڕەشەبایەکە وەک گورگی برسی بەکەلێنی دەرگەو بن میچەکاندا دێتە ژووری، ئەویش زمانی لەگۆ کەوتوە، دەستەکانی چوون، پێ یەکانی دەلەرزن، ماندووبی و سەرماو برسێتی بڕستی لەبەربڕیوە، بایەکە لە چەندلایەکەوە سوانەکانی هەڵداوەو شەبەق لە خانوەکە کردوە، دەرگاکانی لە ڕێسمە بردوە، فەرقی دەرێ وژووری نیە بۆ سەرما، پورە سەبری هەوڵ دەدا بە بەردە ئەسکوێ و تۆزە پوشێک ڕوناکیەک پەیدا کا،بەڵام دەستەکانی گۆناکەن،بەدەست کوتان سێ مندااڵەکانی دەدۆزێتەوە ،هەرچی سیپاڵ ولبادە ڕایان خستوەو لە خۆیانەوە پێچاوە،بە دەستە سڕیوەکانی مندااڵەکان ڕادەوەشێنێ وبە زمانە لە گۆ کەوتوەکەی بانگیان دەکا، تا بەڵکو ئەوان بتوانن بەردە ئەسکوێ کە بەکار بێنن، ئاگرێک بکەنەوە،نەورۆزێک بەرپاکەن،زوحاکێک گۆڕ بە گۆڕکەن، بەڵام کە دەبینێ جوڵە وتەنانەت هەناسەشیان نیە،سەر وملیان شکاوە، تۆۆ ببڵێێ؟؟؟ نا،،نانا،،

ڕڕۆۆڵە گیان ،خخۆ هەنگاوتەش بەوەی بەخشیوم ولێی نەداوم،مێوژم لە دەمی گەوهەرومندااڵەکانی گرتونەوەبۆ ئێوە...

هەوڵ دەدا هاوار کا،دەنگی نیە، هەوڵ دەدا هەستێ، قەڵەمی دەست وقاچەکانی دەشکێ ولە پێ دەکەوێ،فرمێسک، چەکی دەستەوستانان، لە چاوەکانی جۆگەلە دەبەستن، بەقونە خشکە ،منااڵەکان نزیک بەیەک دەکاو وەک مریشک

کەلە سەرجوجکەکانی هەڵدەنیشێ، ئەوا دایە سەبری کە دایە ی گەورەوبچوکی ئەو دێ یەیە چاو بەسێ منداڵەکانی دادەگرێ،ڕوح لە شوێنێکی قایمەو دەرنایە ،تەنیا نوزەیەکی کزی ماوە،ئاوو چڵم لە لوتی ناوەستێ،

(ڕۆڵەکانم ئیدی کێ بەر ئاگرم ئاوەدان بکاتەوە؟چیلکەوچاڵ وتەپاڵەوگەمڕەو بەڕوم لەگەڵ بچنێتەوە؟ کێ شەوانە دەستم لە مل کا وگوێ لە چیرۆکەکانم بگرێ؟لەگەڵ کێ دەسکەنە ودروێنە بکەم؟زۆر زوو بوو ،دەبوایە بەجێتان نەهێشتمایە،دە منیش ببەن، هۆ خوایە خۆ هێشتا ئیزرائیلەکەت لە کە لاوەکەمدایە، دەئەمربکە یان سێ کۆرپەلەکانم بدەوە، یان بامنیش بێم و هەرچوارمان پێکەوە بمرین ،دەی ئەم داوایەم ڕەت مەکەوە، دەی،،

دایە ی دێ بەدەم ئەم لاوانەوەو گریانە وخەیاڵانە ئاگای لەخۆی نامێنێ، فرمێسکەکانی هەر لە سەر کوڵمەکانی دەبن بە شەختە، ڕەشەباکە دایکە هەڵنیشتوەکە لە سەر منداڵەکانی دەکاتە بن سوانە وپەنایەکی دیکەو وردەوردە گلوە بەفر بە شەبەق بن میچەکاندا دێنێ ، دەوری دایەش دەبێتە ڕنوە بەفرو سپی دەبێ، زەمەن وکات لێرە نوستوەو مت بووە،تا ژنێکی دیکەی دێ پێویستی بە مامان نەبێ کەس لە دەرگای دایەنە هەڵنیشتوەکە نادا، شەبەق بن سوانەکانیش تادێ گەورەتردەبن، وا خەریکە بەفر بارینەکەش دەست پێ دەکاتەوە، ئیدی بەتەواوی ڕێگای ناوگەڕەکەکانی گوند دەگیرێ، ئەمە هەمووی قەدەری پەروەردگار ڕێکی خستوە ،تا ئەو تاکە داوایەی دایەنەکە بێتەدی وبۆ دوا جارو هەتاهەتایە وەک شێرە بەفرینە لە سەر بەچکەکانی بخەوێ وبای ڕەش تارایەکی سپی بۆئەم مەوکیبە پڕ شکۆیە پێک بێنێ، کە هەرچی پەیکەرتاشی دنیایە دەستەوستان بێ لە داهێنانێکی لەو شێوە دا...

–



پەیجی گوندی لۆتەر

چیرۆکی یازدەهەم:

ئیسقات.

تاوێرە بەردە زلەکان مەزرای هەر دوو دێ یەکە لێکتر جیا دەکەنەوە، ڕێگەی نێوانیان بە پیادە سە عاتە ڕێ یەکە،کاک ڕەسو ،دانیشتوی گوندی باکورە، هەر لەوەتی ڕاست وچەپی خۆی ناسیوە،بۆتە وردەواڵە فرۆش،ئەم بەیانیەش وەک ڕۆژان گوێدرێژەکەی بار کرد،نوقڵ وچوکلێت وپێڵاوو کوتاڵ وقاپ وقاچاغی ماڵی لە ئەم لاو ئەو لای تێڕەکە بەستن وشتەسوکەکانی کردە سەربار، بەرەو دێی باشوور کەوتە ڕێ،لە ڕێ کاک مستەفای جەڵە ب کرێشی بوو بە هاوڕێ.

* دەڵێن ڕێگا خەڵک کۆکەرەوەیە، ماندوو نەبی فە قێ ڕەسو،

= بۆ خۆت ماندوو نەبیەوە، فەقێ مستەفا،دەڵێن چاو بە چاوان دەکەوێ وکێو بە کێوان ناکەوێ، ئەوە کوا ئەمڕۆ سەڵتی؟کوا جەڵەبەکەت؟

* فەقێ گیان ،جارێ ئی فرۆشتنێم نین، دەچم بزانم لە باشور چم دەست دەکەوێ؟ ئەدی ئەتۆ ئەم چەرچێتیە زۆرت لەسەرناکەوێ؟

= چت عەرز کەم؟ زەحمەتی زۆرە،جارەکەی دی کە هێلکەکانم بردە شار و گەڕامەوە خەریک بوو هەر گورگیش بم خۆن،لە قەراغی دەریاکە چومە ژووی قایەغەوانەکە ،کەرەکەم پشت خۆم خست، کۆڵەسی پشت دەرگاکەم ڕاست وچەپ کرد،هەتابەیانی بە هومێدی ژیان نەبووم، گورگ چ نەمابوو دەرگاکە بشکێنن وخۆم ورەفیقەکەم لەت وپەت بکەن،

* ڕەفیقی شاریت لە گەڵ بوو؟

= نارەفیقی شار و گوندانم،چرای شەوان وگۆچانی هەورازانم ،گوێ درێژەکەم، ئەی ئەو چامەی نالیت نەخوێندۆتەوە کە دەڵێ:

عاقڵێ بوو،ناوی کەر بوو،قاتیعی ڕێگە و سەفەر.

خۆش سلوک تر بوو لە سەد ئینسانی گێژو وێژ.

هێندە پێم خۆش بوو ،زمانی حاڵی دەیگوت نالیا.

هەردوو حەیوانین، ئەتۆ گوێ کورت و منیش گوێ درێژ.

* باشە بەهۆی وردە واڵەی، فەقێ ،خوێندەواریەکەت باش بووە، کەچی من لە ناو گۆلک ومانگایان خەریکە ناوی خۆشم لە بیر دەچێتەوە.

= باش بوو لەم کێشەی زەکات وتەلاق ومیرات ومارەیی بەسەلامەتی نەجاتمان بوو،ئەوا ئیمانمان سەلامەت تر، ئەتو مەگەر زاری گورگی ببەستی؟ ،دەنا باوەڕناکەم ،چی دیکە بکەی .

گەیشتنە دەروازەی گوندی باشوور،دوو دارە گەورەو ئەستوورو بەتەمەنەکە، سێبەریان بەسەر کارێزو تاتەکانی دا کردبوو ، بەبیری کەس لە دانیشتووی ئەم دوودێ یە نایە ئەم دوو درەختە کەی ڕواون؟ ئەو دۆڵەی نێوان کارێزەکەو ماڵەکان هەمیشە سەوزە، درەختەکانی هەنجیرو توو و هەنار وچنارو قەیسی وخۆخ وەک پاسەوان بەڕیز لە هەر دوو لای دۆڵە کە ڕاوەستاون، دار مێوەکانیش وەک خاتون وخانم خۆیان لە قەدوباڵای ئەو درەختە سەر کەشانە

ئاڵاندووە، ناوەڕاستەکەشی پارچە پاچە کراوە بۆ سەوزە وبێستان ،کاک ڕەسو ڕاستەوخۆ بەرەو سەربانی مزگەوت چوو ،پێش ئەوەی جانفازە گەورەکە ڕاخا وبارەکە بخا ودەست بکا بە ڕێزکردنی شتەکان ،دەستی کردە هاوارکردن :

= وردە واڵە ،کوتاڵی جوان،بۆ پشتێن وکراس، پێڵاوی چاک ،بۆ پێی پێخواس، بلور وبڵیتەی لامپاو فانۆس،پاتری ڕادوێن بۆ دەنگ وباس،قاپ وقاچاغ،کەوچک وکاس، دەی بابەکەم،،

خەڵک پۆل،پۆل ،منداڵ وپیاوو ژن ،بۆ لای کاک ڕەسو دەهاتن و قەشیلەیان لە وردەواڵەکە دابوو .

حودە پێ پان،لە کۆڵانی مزگەوت پاڵی دابۆوە،لولاکە چڵکن وقاچە گەورەکانی هڵکردبوون،کڵۆجەیەکی شڕی لەبەردا بوو ،مێزەرێکی چڵکنی بێ کڵاوی لەسەربوو..

دەنگی زۆر گەورە بوو، ماوەیەک گاوان بوو ،بەڵام خەڵکەکە گوتیان بەردی گەورە بە مانگایان دادەدا،بۆیە گاوانیە کەیان دایە مام سمایل.

حودە:کاک ڕەسو پەڕە سیغارت هێناون؟

کاک ڕەسو دەستە گەورەو زبرەکانی گوشین،

= حودە،ئەوپێڵاوە گەورانە،تاکەوتاکن، هەربۆتۆ باشن، ئەوەش پەڕە سیغار، دەبەڵام برۆ لەناو گەڕەکان بۆم هاوار کە،

حودە:ئەی بەچاوان، ئێستا هەموو دێ یەکەت لێ خڕ دەکەمەوە.هەموانت بەسەردەکەم.

پورە فات ،بێوەژنێکی خاوەن هەتیوە، کۆشە زەویەکی هەیە وژیانی لە سەر پەلەوەر ڕاگرتنە،کاک ڕەسو ،شتەکانی بە هێلکەو پەنیرو ڕۆن وکەشک و بزوو و هەنگوین و میوەی وشک کراو مێووژ وهەر شتێکی خۆماڵی دەفرۆشێ، پاشان ئەوشتانەی لەماڵی خۆی زیادبێ لە شار ساغیان دەکاتەوە،

= دیارە ان شا اللە هێلکەی زۆرت بۆ گرتووم ،پورە فات.

پورە فات،ئەرێ واللە بە ڵا گێڕت بم ،سێ چینە کایانت بۆ پڕ لە هێلکە دەکەم.

کاک ڕەسو هەرچینەهێلکەیەک وچینێکی کای لەناو سندوق چادا دادەنا،تا هێلکەکان نەشکێن..

مام حەکیم خاوەنی شازدە سەر خێزانە،هاوینان سەپانە وزستانانیش خزمەتی مزگەوت دەکا،کاک ڕەسو زۆر جار بە پارچە قوماش وجامەدانە یارمەتی دەدا،مام حەکیم دەستەکانی هەڵدەبڕێ ودوعای بۆدەکا.

دوای نیوەڕۆ کاک ڕەسو دەچێتە ماڵی مام سالحی خاوەن باخچە،لە حەسارەکەیان لەبەر شتی هەڵخراو ڕێ نابێ بڕۆی.

= کاک سالح ئەوەبۆ ئاوە تەماتە یان لێ دروست ناکەن؟

مام سالح: ئەوە پێرار حەمەی میرزا لە شاری هێنابووی ،گەلێک زەریف بوو،جا ئەوە چۆن دروست دەکرێ؟

= بێ قەزا بی، بیفلێقێنەوەو تۆپکلەکەی فڕێ دەو بیپاڵێوە لە تۆوەکەی و خوێی پێکە ولەبەرەتاوێ دایێ،تا خەست دەبێتەوە، ئەوە ئاوە تەماتەیە.

لە نوێژی عەسردا هەموو مەلاکانی گوندانی دەور و بەر لەوێ بوون، دیار بوو بۆ بەش کردنی ئیسقاتی حاجی وەسمان هاتبوون، ئەو شەوە کاک ڕەسوشیان دەعوەت کرد، هەر زوو نوێژی شێوانیان بەپەلە کرد،چونە ماڵی حاجی وەسمان، هەر دوو سێ مەلا سەریان پێکەوە نابوو،سرکە سرک و سرتە سرتیان بوو، پرێسکەیەک لە دەستی مەلا عەوڵای دابوو، گووتی:

خزمینە ،ئەوە ئیسقاتی حاجی وەسمانە، بەڕەحمەت بێ،بەشی دەکەین،بەسەر موستەحەقان وئەهلی ئیسقات وئەوانەی ئەم خێرەیان پێ دەشیا،جا لە پێش هەموو شتێک فاتیحایەک بۆ مام حاجی دادەن:

هەموو بە مینگە مینگ فاتحا بە لوت دەخوێنن،پاشان مەلا عەوڵا پرێسکەکە دەداتە نوری کوڕە گەورەی حاجی ودەڵێ ،بمدەیەو بڵێ ئەوە لە جیاتی نوێژە چوەکانی مەرحومی باوکم،پاشان مەلا عەوڵا دایە مەلاکەی تەنیشتی وگوتی ئەوە لە باتی ڕۆژوە کانی کە نەی گرتوە، ئەویش دایە ئەوی تەنیشتی لەباتی زەکاتێ کە نەی داوە، بەم جۆرە پرێسکەکە لە ناو مەلاکان سوڕایەوە، مام سالح بەدەنگی تەسبیح بەدەنگی بڵند ماڵەکانی ئاوەدانیەکەی دەژمارد، نقوچکیشی لە مەلا سەعیدەوە دەژنین ،دەی گووت: دە بینووسە دەی ، بۆ ناینوسی؟ ئەدی ئێمە ئەم شەو بۆ لێرە دانیشتوین؟

مەلا سەعید:دە ڕاوەستی بزانین مەلا گەورەکان چ دەفەرموون.

مە لا عەوڵا،گوتی:ئەم پارە لە جیاتی پێنج ڕوکنەکانە، کەسیش بێجگە لە مەلایان ئەم پێنج ڕوکنەی تەواو نین، نە نوێژیان لەسەرە، نە ڕۆژوو نە زەکات، زۆریان حەجیشیان کردووە بۆیە هەر مەلایەک دە دیناری لەم ئیسقاتە پێ دەدرێن، ئەوجار هەر مزگەوتێک لە مزگەوتەکانی ئەم مەلایانە ی کە ئەهلی علم وفەزل وتەقوای ناوچەکەن ،دەبێ

هەر مزگەوتەی دە دیناری بۆ دابنرێ بۆ دابین کردنی بەرماڵ وداری سوتاندن وڕوناک کردنەوە، چەند دەمێنێتەوە فەقێ نوری؟؟

فە قێ نوری دووسێ خەت دەکێشێ وتۆزێ پاشی قەڵەمەکە لە دەمی دەنێ ودەڵێ ،حەفتا دینارێک دەمێنێتەوە.

مەلا عومەر : مەلاینە ،گشتتان مەلا عیسام الدینی خەزوورم دەناسن، گەرچی خوا داویەتیە، بەڵام زۆربەمان فەقێی ئەوین و لە حوجرەکەی ئەو تەحسیلمان کردوە، با حسابێکی باشی بۆ بکرێ،

مەلا عەوڵا:ئەوە سی دینار بۆ جەنابیان وبۆ حوجرەکەیان، ئەوی دەشمێنێتەوە بیست دینار بۆ تەکیەی شێخ قوتب الدین قدس سرە ،دە دینار بۆ خۆی دە دینار بۆ تەکیەکەی، بیست دیناڕە ماوەکەش بۆ خانەقای شێخ حسام الدین ،دە دینار بۆ جەنابیان ودە دیناریش بۆ خانەقا، ئەو مەلاو مزگەوت وشێخ و تەکیەو خانەقایانەش هەر بۆ فەقیرو هەژارانی سەرف دەکەنەوە،ئەوانە بابی حەقیقی ئەو فەقیرە قاسرانەن،ئێستا فاتحایەکی دی بۆ ڕوحی حاجی بنێرن ..

کاک ڕەسو کۆخەیەکی کردو گوتی:

مەلاینە ،ئێوە لە من باشتر دەزانن کە ئیسقات ی نوێژ و ڕۆژوەکانی بدرێتە هەتیوە نەبالق ومندااڵەکان کەهێشتا قەڵەمی تەکلیفیان نەکەوتۆتە سەر،زەکاتەکەشی بدرێتە پیرەمێردو بێوەژنە هەژارەکان، ئەوجا ئەو سنفانەی کە قورئانی حەکیم باسی فەرموون کە هەژار و نەدارو ڕێبوارو کۆشش کارو ئەو بەندە و خزمەتکارانەی پێویستە ئازاد بکرێن وچی دی پاشکۆ نەبن، ئەو کچە خەلع کراوانەی ناتوانن خۆیان بکڕنەوە،،،

مەلا عەوڵا قسەکەی پێ بڕی، کاک ڕەسو، جەنابت شکور دەوڵەمەندی وخەڵکی ئەم گوندەش نی،بۆیە جەنابتمان لەم خێرە بەشدار نەکرد.

= جەنابی مامۆستا، ئێوە وەک چۆن لە گفتارەکانتان گوێ بۆ گیراون، لە کردارەکانیشتان چاو لێ کراوو خەڵک لاساتان دەکاتەوە،ئێوە پارەتان بەش کردو بەشی هەتیو وبێوەژن و کەنەفت و بێچارەتان نەدا،ئەوە نە حەقی من ونەحەقی تۆی تێدانیە، حەقی ئەوانە،،دەڵێی لەبری خوێن گرتوتانە،ئێوە نازانن پێغەمبەرەکەتان بە سێ مانگ ئاگری لە ماڵ نەکراوەتەوە،؟؟خێر وخێرات و دەعوەتەکانی ئەو هەربۆ فەقیران بووە..

مەلا عەوڵا چی دی خۆی پێ نەگیرا ، شەقا زلەیەکی لە کاک ڕەسو داو دوو مەلاو فەقێی گەنجی لێ دەنگ دان:

دەی چاکی تێ هەڵدەن وتێر شەقی بکەن وبیکە نە دەر، لە برسان مردوو خوا نانێکیشیان دەداتێ،نازانن ،بیخۆن، هەرچی وپەرچی عەقڵیان هەر منداڵانەیە،کاریتە لە کفری هەڵناکەوێ.

کاک ڕەسو بەو حاڵە چوە ماڵی مام حەکیم،

مام حەکیم بە دەستە لەرزۆکەکانی خوێنی دەم وچاوی کاک ڕەسوی سڕیەوە.

ڕۆڵە ئەوانە نابنە مەلا تا خزمەت بەخەڵکی خوا بکەن،بەڵکو بۆئەوەی کام لوقمە خۆشە بیخۆن و کام شوێن وشتە باش وجوانە وچاکە بۆ ئەوان بێ،ئەوانە بازرگانن، کوڕم ،ئەوەنیە عارفێک دەڵێ، پێم سەیرە دینی محمد سەلامەتەو ئەم هەموو مەلایەش هەیە.

= خاڵە حەکیم ، ئەوانە بۆخۆیان خوارن، خەڵکیش هەر بەخواری دە بینن و وەری دەگرن،کە ئەوان خەریکی تاڵان وبڕۆو ڕوتاندنەوە بن، چۆن خەڵک بزانێ کە ئەو کەسەی ئەو شەرعەی ناردوە دەوڵەمەندە ،بە توانایە، بێ سنورە لە توانا ولە نیعمەت و بەهرەکانی، بۆیە ئێمە هەر بەرەو هەڵدێر دەڕۆین ،چاو چنۆک دەبین ،قەناعەت ناکەین، چونکە ئەوە دەبینین کە هەڵسوکەوتی مەلا پێمان دەڵێ کە ئەو خالقە دەستەوستان وبێ دەسەڵات وفەقیرە،ئیدی خەڵکی ڕەش وڕووتیش هەروای دەناسێ؟

کچە کانی مام حەکیم بێ ئاگا لە مقۆ مقۆی مەلاو ئیسقات، هەر یەکەیان تۆپە قوماش وکوتاڵێکی پێ جوانە، کاک ڕەسو ڕاکشاوەو بیر لە ماڵەوە دەکاتەوە، ئێستا دایکی هەر چاوەڕێ یەتی،

(ئەم پەیڕەوە بەنامۆیی لەناو چاوچنۆکان دەستی پێ کرد، قافڵەی بازرگانی خەدیجەو ئەبوبەکرو عوسمان وزوبێرو زۆر بازرگانی تری بەقوربان کرا، تا هەموویان هەژار بوون، دەبێ سەرمەشقێکیش بێ هەموو ژیان وسامانی قوربانی بکاتەوە،تا ئەو چاوچنۆکانە بزانن کە خاوەنی ئەم جیهانە فەقیر نیە، دەی کەوایە ،بەیانی کە عارفەیە، هەرچی کوتاڵە دابەشی کەم بەسەرپیاو و ژن وکچ ومنداڵ و کوڕی ئەم گوندانە،تاگشتیان، جەژن دڵخۆش بن)

کاک ڕەسو بەدەم ئەم بیرەوەریانەوە خەوی لێ کەوت،لە خەونی دا دیتی هەموو کوتاڵەکەی بەخشیوە،باری زۆر سوک بووە، خەڵکی لە دەورەنی گشت دڵخۆشن،ودوعای بۆ دەکەن،باوکی ودایکی وخەڵکێکی زۆری نورانی دەڵێن :ڕۆڵە بە ڕاستی بە تەنیا تۆ قازانجێکی زۆر گەورەو باشت کردوە، پیرۆزباییت لێ دەکەین سونەتی پێغەمبەران وحەکیمانت زیندوو کردۆتەوە، کاک ڕەسو ئەوەندە دڵ خۆش وشادمان وبەختەوەرە، خەریکە لە خۆشیاندا بفڕێ، لەم دڵ خۆشیەدا ،بێداری دەبێتەوە،

کاک ڕەسو هەرهەڵدەستێ ودەست نوێژێ دەگرێ وقەڵەم وکاغەز دێنێ ودەست دەکا بە سەرژمێر کردنی هەژارانی دێ یە کە...

27/9\1991





Georgi
Armenia
TURKEY
SYRIA
IRAN
IRAQ
جیۆگرافیایی کوردستان | Geography of Kurdistan

چیرۆکی دوازدەهەم:

بەندیخانە خوێندنگایە.

دیسان لە قوژبنێکی تاریکەوە دەست پێ دەکەم،ئەوەتا مرۆڤێک لەو گۆشە تەنگ وتاریکەدا کروشمە بووە، هەموو لەشی دەلەرزێ، دەست لە هەر شوێنێکی دەدەی بڤەیە، دژوێن وچڵکنە، هەر ڕیشی دەخورێنێ،دیارە فێری ڕیش هاتن نیە..

پاسەوانەکە تێ ی ڕادەخورێ،ئەم خەریکە خۆی پیس بکا لە ترسان.

پاسەوان: وا دیارە فێری دژوێنی و ڕیش هاتن نی،ئەی چۆن ؟ کوڕەکە گەنجە، هەموو کات دەڵێی لە پاکەت دەرهاتوە،هەردەم پۆشتە وپەرداخە، کۆڵان گەڕ، گوت دەرخواد دەدەم، وەرە پێشم کەوە،سەگ کوڕی سەگ..

پاڵێکی پێوە دەنێ، سێ چوار جار ڕەتەڵ دەبا، پاسەوانەکە بەشەق وپێلاقە هەڵی دەستێنێتەوە، دەیباتە ژوورێکی بچوک، لێکۆڵەرێک لە پشت مێزێک دانیشتوە، پێی دەڵێ لەسەر کورسیەکە دانیشێ، بەترسەوە دادە نیشێ.

(ئای خۆ ئەوە منم لەسەر کورسی دانیشتوم،ئەوە حەفتەیەکە گیراوم، وڕەم بەرداوە،ئەی ئەوانەی لەباوەشی دایکیانم فڕاندن وخستمنە ناو زەلکاوی سیاسەتەوە ؟ بەوهۆیەوە گیران وحوکمی دوورو درێژیان بۆ دەرچوو، هەتا ئێستا بۆجارێکیش سەرم لێ نەداون،)

لێکۆڵەرەکەی دوای نوسینی چەند دێڕ ، چاویلکەکەی لە چاو کردەوەوگوتی:

کلاوچی ،ناوت چیە؟

* ککاکل کەریم

× کلکایەتی وکەڵەک وتەڵە کەبازی ومەکرو فێڵ کردن لەناوەکەت دا کۆبوونەوە،،

کە ڕاستگۆ بی، دەربازدەبی،تاوانەکەت سیاسی نیە،هەرچەندە ڕاپۆرتی زۆریشت لەسەر دراوە،

* گگ هورەم ،من ،بێ تاوانم ،بێ کەس وهەتیوم،هەژارم ،هیچم لە باراندا نیە،

× ئاخر ئەوانەی بۆیە دزیت لێ چاوەڕوان دەکرێ،بڵێ، ئەگەرنا دێڕەدێڕ،هەموو تاوانەکانی تەمەنت دەر دەکەون،بەس نیە دزیەکەت لەسەر ببێتە ماڵ بە دان پیدانانی خۆت؟

* گەورەم باوەڕکە بۆ دزی نەچووم ،بەدەم نامەکەی وەفاوە،،

× وەفا دەڵێ لە نیوەشەودا گوێم لە خرتە خرتێک بوو،کە تەماشام کرد، دیتم ئەوە ئەو فریودەرەو خەڵەتێنەرەم بوو کە باسی شارە نمونەییەکەی بۆ دەکردم،هەموو زێڕەکانی ماڵەوەمانی کۆکردۆتەوەو زەرفێک پارەی پێ یە،ئیدی لێم لە هەراداو باب وبرام لێ ئاگادارکرد، دەشڵێ لە دەسااڵ لەوەو پێشەوە کە ئەمینی برایت بەگرت داوە ودەساڵ لەبەند دا بووە، لەوکاتەوە هیچ پەیوەندیەکی بەتۆوە نەماوە..

ئەگەر دان نەنێی دەبیە تاوانبارێکی سیاسی،تا عومرت ماوە ئازادی نابینی،ئەمینی حاجی محمودتان هەڵ خەڵەتاند ،تا تەمەنەکەی وخوشکەکەی وسەروەت وسامانی بنەماڵەکەی بداتە ئێوە ی هەڤاڵ وکادر سیاسی ونەتەوە پەرست ،ها، خەمت نەبێ، ماڵی حاجی محمود دێڕدێڕ،هەمووشتیان باس کردووە،ڕەحم بەخۆت وداکە دەم درێژو چەنەبازەکەت بکە.

کاکل کە هەموو لەشی وەک مێژۆکێ دەلەرزی ،هاتە قسە.

* قوربان، ڕۆژی حەوتی ئاب تاوانبارە، ئەوڕۆژە شوومە،قەرزوقۆڵی دنیام کردبوو، ،دایکیشم شەو وڕۆژ تەشی دەڕست، نەخۆش کەوتبوو،خاوەنی خانو ودوکانداریش داوای کرێ وقەرزیان دەکرد، هەڕەشەی بەدەرنانی شتەکانی لێ کردین،منیش ئەوڕۆژە چومە کرێکاری،ئیشی خانو، نەدەم زانی جەبلەی چیمەنتۆ بگرمەوە، نەدەمتوانی بلۆکێک هەڵبگرم، تاسە چیمەنتۆکەم بەسەرخۆمدارشت ،بلۆکم بەسەرقاچدا کەوت، بومە گاڵتەجاڕی ئەو شارە، هاتیشمەوە زۆرم لە داکم دا،ئیدی هەرئەو ڕێ یەم بەخەیاڵدا هات وکردم.

× ئیدی دزیت لێ کردن ودڵخوازە کۆنەکەت ئاشکرای کردی، هەموویان باس کردووە ،برۆ تا کاتی محکمە، بەڵکو زروف وژیانت تکات بۆ بکەن.

پاسەوانە کە بردیەوە زیندانە تاکە کەسیەکە، و لە گۆشە تاریکەکە دانیشتەوە.

(ئاخر نەم توانی چیتر بە هەڤاڵێتی ونەتەوەو سیاسەت وهونەر چیتر خەڵکانی دەوروبەرم بخەڵەتێنم،ئای دایە چەندم لێدای و چەنم ئێشاندی، هەرگیز گلەی یەکت لەمن نەکرد،تانیوەڕۆ لە خەوت هەڵنەدەستاندم،بیست ساڵی گەنجی خۆت بەقوربانی من کرد،بەوهیوایەی گەورەبم وبتحەسێنمەوە، کوڕە ڕۆشنبیری گەڕەک کەسەری زمان وبنی زمانی پیاهەڵدان بوو بەژان وخەباتی کرێکاران، بەڵام تەنیا یەک ڕۆژ کرێکاری کرد،ئای کە ڕقم لە بلۆکەکان دەبووەوە، ئەو کچانەی چاوشارکێم لەگەڵ دەکردن پێم پێ کەنین، ،،

ئاخر نەخشەی وام دادەنا کە بە لەشکری هەموو دنیا جێ بەجێ ناکرێ،گشت مرۆڤایەتیم بە دوژمنی کورد دەزانی ،هەموو کوردیشم تەنیا لە خواستەکانی کاکل دادەبینی ،،)

هەستا یە سەر پێ وتۆزێک یاری بە قاچەکانی کرد، شوێنەکە زۆر بچوکە،تەنانەت ناتوانێ قاچەکانیشی ڕاکێشێ،بەڕاوەستانەوە پشتی بە دیوارەکەوە نا ،سەیری دەرگاو دیوارەکانی کرد، سەدان بەروارو مێژوو و ناوو یادگاری بەجۆرەها ڕەنگ لێ نوسرابوو،دوورنیە بە پیسایی وخوێنیش نوسرابن،،

(ئێستا دایکم وەک ڕۆژان، نوێژدەکا،پاشان دەست دەکاتەوە بەتەشی ڕستن،ئێوارە ڕۆژووەکەی دەشکێنێ،هەموو ساڵ بۆ ئەو هەر ڕەمەزانە،خلەی زاوامان پشتی بەدیواری مقەڕی جاشەکانەوە داوەو دوکەڵ بە بادەکاو سەیری منداڵەکانی ئاغاکانی دەکا کە لە حەوشەکە یاری دەکەن،تۆ بڵێی فرمێسک برێژێ ویادی منداڵەکانی بکا؟؟

خوشکم لە دایکم کڵۆڵتر بوو،خۆی ومنداڵەکانی بوونە خۆراکی ئەنفال،مێردەکەشی لە من گەلۆرتر،لەلای ئەو مستەشارە فێری عەرەق خواردنەوەش بووە،،

ئای خوشکێ ،کە منداڵ بووین دێکەمان بەندیخانە بوو،کە دەچوینە گیا بۆ گوێرەکەکە،لەسەدشوێن دەریان دەکردین، بست بەبستی ئەو کاول بووە خاوەنی هەبوو،ساڵ دەڕۆی ،خەونمان بە هەنجیر وترێ وە دەدی، بچوینایە هەر باخێکیش بە تێ هەڵدراوی دەهاتینەوە،،

هەرکە باوکم بزر بوو،خەڵک کەوتنە بووختان وقسە هەڵبەستن ودرۆ بۆ دایکم، شەوانە چەند کۆڵەکەوداری بەدەرگاوە دەنان، هاوینیش لە ژوور دەنوستین، هەموو شەو هەرچی وپەرچی دەهاتنە بن دەرگا ودەیان ترساندین،هاوین و زستان ئەو داک وخوشکەم لە بێگاری وڕەنج کێشان بوون تا بژێوی ساڵ دابین کەن،خوشکم قەت خۆی لە من نەدەبەست،نەخۆش دەبوو ،گرانەتای دەگرت، کەچی هەرسێبەری داکم بوو، لە دوای شوکردنیش لە دەمی منداڵەکانی دەگرتەوەو بۆ منی دێنا،،

ئەی بابم ،، من لەگەڵ منداڵان خۆشارکێنەم دەکرد، کە مەفرەزەی عەسکەری هاتن وبابمیان گرت وخستیانە ناو جێب قیادەکەوە، ڕام کرد، بابە بابە،سەربازێک زلڵەیەکی لێدام،لوتم بەخوێن هات،خۆم لە خۆڵ وەردا وگریام کەس هەڵی نەستاندمەوە، دایکم زۆری هاوار کرد ،بێ سود بوو هەربردیان وبە مردوویش بۆیان نەهێناینەوە، ،خەڵک هەرسرکە سرکیان بوو،باسی شەویان دەکرد، ئەوەی ئەوشەوە من لە بیرم بێ ،چەند پێشمەرگەیەکی زەنگاڵ لەپێ لەماڵمان بوون،جوێچکی نانیان لە ماڵ برپن،،)

کاکل دەستی بۆ گیرفانەکانی دەبرد، بەڵکو شتێکی تێدابێ، پێوەی خەریک بێ وکاتەکەی برِوا،یا ئەویش وەک ئەو سەدان کەسە،یادگارێک ،بنوسێ،بەرواری هاتنی ئەو بیرمەندە گەورە بنوسێ،بەڵام هیچی دەست نەکەوت، دەیەویست لە بەرواری هاتن وچونەکانەوە،کەنوسرابوون،کەمترین وزۆرترین ماوە ی مانەوە لەم شوێنە بزانێ ،،

(ئەو ڕۆژەی کە گوندە کەیان گوێزرایەوە بۆم ئۆردوگا زۆرە ملێ یە، دایکم وخوشکم زۆر گریان ،شتەکانیان لە زیل بارکردین و لەبەرچاوی خۆمان دێکەمان ڕوخێنراوسوتێنرا،،لە ئۆردوگا خوشکم شوانی قەلە کان بوو، من چومە مەکتەب، چەندساڵ زۆر زیرەک بووم، پاشان پاشەوپاش لە کەندیم دایەوە، فێری جگەرەکێشان بووم، بەو یاری دووگۆڵیەوە گیرۆدەبووم، ماوەیەک سەرم کردە کتێب کڕین وشعر وئەدەب، پاشان هەڵخلیسکامە ناو سیاسەت، خۆم بەخەم خۆری گشت کورد دەزانی، پاشان کوردیشم پێ کەم بوو، بوومە سکرتێروسەرۆکی گشت کرێکارو زەحمەت کێش وچەوساوەکان،،

باشە بۆمن ئەم سەرگوزەشتەی خۆم وبنەماڵەکەم بۆو محققە باس نەکرد؟ بەڵکو بەزەیی پێمدا هاتباوە، بەری بدامایەو پارەشی پێدابام،،)

کاکل بەم خەیاڵانەوە،هەر بەدانیشتنەوە خەوی لێ کەوت،

پاسەوانەکە هات وبەپۆستاڵە زلەکانی بەئاگای هێنایەوە،کاکل ،خێرا هەستایە سەرپێ، بێ ئەوەی بزانێ چیە ،پێش پاسەوانەکە کەوت، پاسەوان پێی ڕاگەیاند کەمیوانی،هاتوە، ئەم دەیزانی کە جگە لە دایکی کەسی دیکە سەردانی ناکا، بەڵام کە پاسەوانەکە لای پەنجەرەی سەردان بەجێی هێشتن،ئەوەی کاکل چاوەڕێی نەدەکرد ،ئەوبوو،ئەمینی حاجی محمودبوو، کاکل نەی دەزانی لە شەرمانا چ بڵێ وچ بکا،

ئەمین بە زەردەخەنەوە دەستەکانی گوشین ونەی هێشت کاکل ماچیان بکا، کاکل دەگریا،ئەمین گووتی:

کاکل گیان،هیوادارم هەردووکمان لە نوێ دەست پێ بکەینەوە،چاولە ڕابردوو بپۆشین،ئەوکات هەردووکمان بەرژەوەندی کۆی کردبووینەوە،تۆ لە پێناوی مسۆگەرکردنی یارمەتی دارایی وبینین وپەیوەندی لە گەڵ وەفا هاوڕێ یەتیت کردم، منیش بۆ مسۆگەرکردنی خۆشەویستی چینی هەژارو هەڤاڵ وشۆڕش بۆ بنەماڵە دەوڵە مەندەکەم ،بەڵام ئێستا من ئەوکاتەی خۆم وتۆ وەک دیاردەیەکی نەخۆش ونائاسایی دەبینم،بەندیخانەش فێری کردوم کە بەرامبەرنەخۆشی خۆبەدەستەوەنەدەم،مامۆستاو خوێندنگای بەندیخانە فێری کردووم کە نابێ خانووی کەس لە کەس بڵندتر بێ وتیشک وڕوناکی لێ قەدەغەکاو پۆزی بە سەردا لێداو لووت بەرزی بنوێنێ، فێری کردوم کە ئەگەر برسێتی هەڕەشەی لە هەژاران کرد ،مافی خۆیانە پاروە نانی خۆیان لە دەوڵەمەندان ودام ودەزگاکانی دەوڵەت بستێنن،وەکە لەو پێناوەدا کوژران شەهیدن وبە جل وبەرگی خۆیانەوە دەنێژرێن، وپێویستە خوێنەکەیان بدرێ،وە ئەو گەڕەک وشارو کۆمەڵگاو دەوڵەتەی هەژاران برسی ونەدار دەکاو لە برسان دەیانکوژێ،هەوساری ئیمان وبڕوا لە سەری دا ماڵاوە، پایەو ڕێزو پیرۆزی لە زەوی وئاسمان ولە ناو ویژدان ودڵەکان دۆڕاندووە، وە لەو تێڕوانینەوە، بێ ئەوەی بنەماڵەکەم بزانێ من پارێزەرت بۆ دەگرم، وە هەوڵ دەدەم ئەو ڕاپۆرتانەی دژت نوسراون، بێ بەهایان بکەم،بەڵام تۆش نەچی لای دیلەکان یان لای محقق وحاکم باسی ئەوە بکەی کە باوکت چۆن مرد و خوشکت ومندااڵەکانی چۆن ڕۆیشتن، دەبێ ئەوانە گیراوەکانیش نەی زانن،چونکە زۆریان بەکرێگیراوی ڕژێمن، دەبێ باش بزانی کە ئەم ڕژێمە دوژمنمانە، هەر با وابزانن لەسەردزی گیراوی،هەر ئەوەش ڕاستە،نەچی پۆز لێ دەی وخۆ هەڵنێی، خەمی دایکت نەبێ،من ناتوانم زۆر بێمەلات، بەخوات دەسپێرم ،،چاوەڕێی ئازادبونت دەکەم براکەم.

ئەمین دەستەکانی کاکلی گووشین وبەجێی هێشت، کاکل لە بەر گریان و شەرم نەی توانی هیچ بڵێ، سەری سوڕما بوو چ شتێک ئەم مرۆڤەی کردۆتە فریشتە، پاسەوانەکە هات وکاکلی بردەوە ،شوێنی خۆی.

لە کاتێکدا کاکل هەر بیری لە قسەکانی ئەمین دەکردنەوە،کە پاسەوانەکە خولە ودایکی کاکلی هێنانە لای ئینفیرادیەکەی کاکل، دایکی کە شوێنی کوڕەکەی بینی زۆر سکی پێ سوتا،دەستی بە گریان کرد و بە خۆیەوە گوشی ..

خولە گووتی:

کاکل زۆرت ژانی گەل خوێندۆتەوە، دیارە جوامێری پاڵەوانەکەی نوسەرەکەشی هەرتۆ بۆت باس کردوم، ئەویش وەک تۆ بوو، خۆ بۆ شۆڕش تێکەڵی خۆپیشاندانەکە نەبوو، دەچو دکتۆر بێنێ بۆ ژنەکەی کە لە ژانی منداڵ بووندا بوو، پێم وابێ نوسەرەکەشی هەروا بووبێ، زۆر بنەماڵە باب وباپیریان ئاڵاهەڵگری سۆفیگەری وتەریقەتی نەقشی وقادری بوون، بازاڕ گۆڕاو دوکانەکە بووبە ئی نەتەوەیی ودیموکراتی، ئەوە بازاڕە کە فافۆن ومزەکەت نەفرۆشا و باوی نەما ،برۆ بیکە قاپ وئامانی ستیل وفەخفوری!

کاکل ودایکی لە بەر گریان هیچیان پێ نەگوترا، خولە ،باوەشی لە کاکل داو گووتی سبەی مەحکەمەتە، لەوێ قەڵاقوپی لێبکەو هیچ مەڵێ،ئەوەی گوت وڕۆیشتن.

کاکل هەرگیز چاوەڕێی ئەو قسانەی لە خولە نەدەکرد، نەی دەزانی ئەو ئەوەندە بە قوڵی شتەکان دەخوێنێتەوە، بە دەم خەیاڵ کردن لە گوتەکانی خولەو ئەمین کاکل ڕۆژی کردەوەو برایە محکمە ،لە محکەمە پارێزەر بەرامبەر حاکم گوتی، جەنابی حاکم ئەم تاوانبارە بە تەنیا تاوانبار نیە لە کردنی تاوانەکەی دا،کۆمەڵگاو دەوڵەمەندان ودام ودەزگا کانیش بەشێکن لەو تاوانە وبەشدارن،هیوادارم بەچاوی هاوسەنگی سەیری بکرێ، وە ئەو پارە و زێڕانەش کە بە تاوانبارەوە گیراوە ،لە ژووری خاوەن ماڵ نەبراوەتە دەرەوەو هەمووی گێڕدراوەتەوە بۆ خاوەنەکەی،چەکیش بەکارنەهاتوە، هەڕەشەشی نەکردوە،بە ئاسانیش خۆی ڕادەست کردوە..

حاکم سەیری نوسراوەکانی محقق وئیفادەی تاوانباری کردو سەیرێکی کاکلی کرد، پاش ماوەیەک بێ دەنگی بڕیاری دا کە بۆ ماوەی شەش مانگ لە گرتوخانەی نەوجەوانان بگیرێ و چاودێری باری دەروونی بکرێ، بەم شێوە دانیشتنەکە تەواوبوو.

پاسەوانەکە کاکل سواری پاس کردو بردی بۆ سجنی ئەحداس، کاکل ،دڵ خۆش بوو بە بڕیارەکەو لە ناخەوە بڕیاری دا کە بەکاکڵ وتوێکڵەوە گۆڕانکاری لە ژیانی دا بەرپا بکا...

1991\10/28 هەولێر

—

چیرۆکی سێزدەهەم:

وڵاتێک نیوەی موحەڕەمەیە ونیوەکەی تری تەجاوەز.

ڕۆژی سێزدەی شوبات ڕۆژێکی زۆر تۆف بوو، کە لە ژێر نایلۆنەکە هاتیە دەرەوە، کەرسەکە قوڕێکت بە سەردا کەوتە خوارەوە، پشە سپیەکە لە پشت سۆبە کە هەڵ تروشکابوو، کەڵە شێر و مریشکەکان لە بەر هەیوانەکە خۆیان ڕادەوەشاند،لە ماڵ بە دەرکەوتی ،دیواری پشتیرەکە بەرەو ڕووی با بوو،بای بە بارانەوە ئەوەندەی لێ دابوو،سواخەکەی هەموو شردبۆوە ، با زۆرێک لە سوانەکانی هەڵ دابوو ، ڕەشەباکە ئەوەندە بە هێز بوو هێلانەی بن میچ وسوانەکانی چۆلەکەکانی تێکدابوو، ئەوانیش پەڕاگەندە بوو بوون، دایکت گوێرەکە تازە لە دایک بووەکەی لە ترسی سەرما لە پشتیرەوە گواستەوە بۆ کادێن، لە کاتێکدا بەڕێ قوڕینە کەدا دەڕۆیشتی بانگی کردی:

ڕۆڵە خەمی هیچت نەبێ، ئەگەر ئیمتیحان بوو، بیر لە هیچ مەکەوە..

سەیرێکی دایکت کرد وهیچت نەگوت..

(بە خوا دایە ئەوە مەحاڵە،لەو ساوەی بابم ئەو جێ خانوەی بە هەزار قەرز وقۆڵە کڕیوە،شتومەکی دوکانەکەشی بە هەڕاج کردن ونیوە قیمەت بۆ ساغ کردۆتەوە، من لە خەویشدا بیر لەو قەرزە دەکەمەوە،خۆ بابیشم بە سەرێک حەقیەتی، مانەوەمان لە ناو ئەو چەقەڵ وگورگانەدا مەحاڵە، هەر کەس ئەمڕۆ جاش وچەکدار نەبێ ، خاوەنی ناموس وماڵی خۆی نیە،جێگەکەمان زۆر لاپەڕە، هەر جارە ولایەکیشی دەڕمێ،ئەوە هیچ ئەوەندە بچوکە کە بە تێک سڕمان ،جێی خۆمان وکەلوپەلەکانمان بۆتەوە، ئەوەتا من وبراکەم لە ژووری زەخیرە وشڕ وشاتاڵ دەنوین، تا بەیانیش لەبەر ڕاکەڕاکی مشک خەومان لێ ناکەوێ،هەر بارانیش ببارێ جیاوازی دەر و ژووڕێ نیە، بە چۆڕاوکە ئاو هەڵ دەڕژێ،دارەکانی گشت ڕزیوو شکاون وهەڵاشەکەی ڕزیوە، ناوێرین بیگێڕین،)

گەیشتیە ئاستی ئەو جێ خانوەی باوکت کڕیبوی،هەندێ بلۆکی لێ ڕۆکرابوو، دوێنێ باوکتیان لای ئەم بلۆکانە گرتوە،بە تۆمەتی ئەوەی کە تەجاوەزە،بارانەکە شڵت و شۆی لێ بڕیبووی،سەیارەکانیش ئەوەندەیان قوڕاوو چڵپاو پێ هەڵ پڕژاندی ،لە کرێکاری شارەوانی نەبێ ،لە هیچی دی نەدەچوی،خۆ جل وبەرگەکەشت هەرلە جل وبەرگی خوێندکار نەدەچوون، پانتۆل وقەمسەڵەیەکی سپی بووەوە وپاتە یەکی مارە دۆنەت لە پێ بوو،جامەدانەیەکی کۆنت لە مل ئاڵاندبوو لە جیاتی مل پێچ ،دووبارە خەیاڵت چوەوە لای حساباتی خانوەکە.

(ئەوە زەویەکە دوو هەزار دینار،هەزاری قەرزە،بلۆکەکان هەزار دینار وداره ڕێ کان هەزار دینار،چیمەنتۆو لم وتێکەڵە ودەرگا و پەنجەرەش هەزار دینار ،وەستا و کرێکار و خۆڵەبان وگەچکاری وئاوو کارەباش بە هەزار دینار دەرناچێ، ئێ خۆ بێ بەرتیل ودەم چەور کردنیش نابێ،ئەوە ئەوانەی بەرتیلیان داوە، دوای ئێمەش کڕیویانە وئێستا لە ناو خانوی خۆیاندان، ئێمە ئێستا بسم الله بلۆکی تەواومان نەهێناون، ئەوە باوکمیان گرت وگوتیان تەجاوەزە،گوند وناوچەو وڵاتەکەیان لێ کردوینە موحەڕڕەمەو وێرانە وناوچەی یاساغ، ئەلێرەش گشت جێ یەک یان کردۆتە تەجاوەز)

بە بەردەمی یەکێک لەو بارەگا زۆر وزەبەندانەدا ڕت بووی کە هەموو کون وکەلەبەرێکی وڵاتی پڕ کردوە، تۆ هەر ناویشیان نازانی، ئەوە مونەزەمەیە، ئەوە ئیستخباراتە، ئەوە ئەمنە ،،

لەم دەروازانە هەموو کات کەسانێکی دەم وچاوترش وتاڵ ومۆن بەچەکە وە ڕاوەستاون،دیوارەکانیان بە دروشم وشیعاری نوسراو بە گەورەیی وجۆرەها ڕەنگ پڕکراوەتەوە، -کل شیء من اجل النصر- اذا قال صدام قال العراق- صدام قائد الضرورة و رجل المهمات الصعبة-

لە سەر هەریەک لە پایەکانیش بەخەتێکی شاش نوسراوە،

وحدة ،، حرية،، اشتراكية

لە بەر هەیوانەکەش نوسراوە:

امة عربية واحدة،،،، ذات رسالة خالدة

بە بەردەم وێنە گەورەکەی سەدام دا ڕەت دەبی، کە لە وێنەکەدا ئیستیکانە چای بە دەستەوەیە،

(ئەم سێ چوار دروشم وشیعارەیان لە دەفتەر وکتێب ودار ودیوار نوسیوە ،وادەزانن کەس نازانێ شیعار ودروشم دانێ، خۆ کەس زات ناکا ئەوەندە لە وهەموو وێنانە نزیک بێتەوە ،کەسێبەرەکەی بکەوێتە سەر وێنەکە، چ جای کارێکی دیکە؟ ئەوەلە و وێنە دا سید الرئیس بە ئاشکرا بە گەلی عیراق دەڵێ ،هەموو خوێنتان وەک ئەم ئیستیکانە چایە فڕ دەکەم، ئێوەش بە شێنەیی سەیرم کەن.

ئەگەر لە دەرسی یەکەم زۆر دوا کەوتبم ناچمە ژوور، ئۆ ،ئەوە خەریکە ،دەرەوە دەبێ، کە بۆ سەرەتای دەرسی دووەم بگەم باشە،دەرسی دووەم کوردیە،با تۆزێک گوێ لەو دیسکۆ فشە کەرانە بگرم، هەریەکی لێژنەیەک کتێب ودیوانی شاعیرانیان هەیە، کەچی هەر زوو دەمیان دەبێ بە تەڵەی تەقیو،دوو دێڕ ناتوانن بڵێن،)

دەگەیتە پێش مەکتەبەکە، بە فەڕاشەکە دەڵێی، :

خاڵە ،هاپشو ،هاپشو،هاپشو، سەعات چەندە؟

= باش سەبری هێنا پشمینەکەت، سەعات زۆر درەنگە ،نزیکی نۆیە ،خێرابڕۆ ژوور،

تۆزێک ،خۆت دەچۆڕێنیەوەو جامەدانەکەت دەگوشی، تەلە بە کان بەشڵپە شڵپی پاتە مارەدۆنەکانت پێدەکەنن ،مامۆستا ئەو تەڵەبەی پێشەوەی نزیک سۆپاکەی هەستاند تا لەوێ دات نیشێنێ وتۆزێک گەرم ببیوە، بەڵام تەڵەبەی دووەمیش هەر ڕۆیی،(دەڕوا ،ناڕوا ،جارِ بەجەهەننەم)

مامۆستا لەسەر سەبووڕەکە نوسیویەتی :

١-٢-٣-٤-٥-٦-٧-٨-٩- خۆراکی گیانە،

بزانم کێ تان یەکێک لە و خۆراکانە دەدۆزنەوە ،من یەکەمتان بۆ دەڵێم:

دەینوسێ : ئەدەب وویژە خۆراکی گیانە،

پاشان بەڕیز بە تەلەبەکان دا دێ ،هەندێکیان هیچ نااڵێن ،هەندێکیان دەستە واژەی تەڵەبە زیرەکەکان دووبارە دەکەنەوە، مامۆستا دەستەواژە شیاوەکان لە سەر تەختە دەنوسێ،

خوێندنەوە،مۆسیقا،گەشبینی،وەرزش، خۆشەویستی ، تۆ وتت کە خەم خۆراکی گیانە ،مامۆستا ئەویشی نوسی،یەکێ لە قوتابیەکان:مامۆستا خۆراکی ئەو هەر چڵمە شۆڕەکەیەتی پێی تێردەخوا،،

پاشان لە کوتابیەکانی پرسی:کێ دێڕە شیعرێک دەزانێ کە باسی خەم بکا، بەتەنیا خۆت دەستت بڵند کرد، مامۆستا هەڵی ساندی وگوتت،

گەردەپرسی من لەبەرچی کەم دەخۆم ،،من بەبرسی قەت مەزانە خەم دەخۆم.

مامۆستا هەڵی ساندی وهەرخۆت لەسەر تەختەکە نوسیت.

پاشان پرسی:کێ ناوی ئەو شاعیرەمان پێ دەڵێ؟

یەکێ لە قوتابیەکان:حەتمەن شاعیرێکی کۆڵان گەڕ بووە.

مامۆستا،:چەنەبازی، کە دەزانی هەستە دێڕی دوای ئەوە بڵێ، مامۆستا هەرخۆی دوو دێڕەکەی نوسین:

خەم دەڵێ نالی کە خەم خواریم دەکا،، ناعیلاجم من بەنی ئادەم دەخۆم.

مامۆستا بەدەم پیاسە کردن بەناو ڕیزەکاندا دەڵێ:

هەر ڕێزێک نەشرەیەکی جیداری دەنوسن وبە دیوارەوە هەڵی دەواسن ،تا ئەو قوتابیانەی لە ماڵەوە کتێبیان نیە سود لە بابەتەکانی وەربگرن..

بەگە کە تاکە تەڵەبە بوو جلی کوردی لە بەربێ لە بەر قەڵەویەکەی ،کوڕە مستەشاربوو، بە پۆزلێدانەوە:مامۆستا ،خۆکتێبیان دەدەینێ ،بەڵام خۆیان داواناکەن.

(بۆ سەلاممان دەستێنیەوەو قسەمان لەگەڵ دەکەی ،تا کتێبمان بدەیێ؟)

جەڕەس لێی دا، تەڵەبەکان هەندێکیان باسی کۆڕە کەی دوێنێیان دەکرد،تۆش چونکە لەبەر بێ کارەبایی سەعیت لە ئابووری نەکردبوو ئابووریت دەخوێندەوە، بەڵام لەبەر ئەو تەڵەبەی کە گۆرانیە کانی برایم تاتڵس دەڵێتەوە نەت توانی ،سەیرە ئەمە یەک وشەی تورکی نازانێ وهیچیش لەو گۆرانیانە تێ ناگا ،ئەی چۆن لەبەری کردوون؟هەرکە کاتی دەرسیش دێ ئەم بێچوە تاتڵەسە ،وەک دیوارەکە بێ دەنگە..

پیرۆت بە ڕاکردن هاتەوە ژوور،ئەم دەرسە دەرسی معلمە پرچ درێژەکەمان هەیە، هەستە ،حەمە ، من بۆی لە پێشەوە دادەنیشم ،ئەو کورسیەش باکەسی لێ دانەنیشێ ،بەڵکو ئەو لەوێ دانیشێ، بەقوربانی خوایەکەی بم ..

کمال:دیارە ئاوێنەشی بۆ لە ژێر کورسیەکە دادەنێی؟،

+ بێ گومان ..

(تۆ خەریکی چی؟ خوشکەکەت لەگەڵ پۆلە کچێکی تر دەیان نێرنە مونەزەمە، ڕەفیق حیزبیەکان بە کەیفی خۆیان پێ یان ڕادەبوێرن، سەدجار لە وماموستایەش جوانترن،)

ژوانەکەی پیرۆت تێکچوو، بەپەلە تەلەبەکان هاتنە ژوور و بەدوایاندا مدیری مەکتەب و دوو ڕەفیق حزبی دەمانچە بە کەلەکە ،هاتنە ناوپۆلە وە، هەموو تەلەبەکان ورتەیان لێ برا..

سەرەتا مدیر قسەی کرد، باسی ئیجابیات وباشیەکانی بوون بەبەعسی کرد، گوتی ئەوەی بەعسی نەبێ،نیشتمان فرۆش و خائنە ..

پاشان جەنابی ڕەفیق دەستی کرد بە ژماردنی دەستکەوتە مەزنەکانی شۆڕشی پیرۆزی حەڤدە-سی تەممووز، کە هەموو تاکێکی ئەو وڵاتە بەگەورە و بچوکە وە لە بەریان کردبوون ،هێندە دووبارە کرابوونەوە.

- خۆماڵی کردنی نەوت ،کە بەئاگروئاسن وکیمیایی کردنی نەوت بوو بۆ سوتماک کردنی وڵات.

-نەهێشتنی نەخوێندەواری، ئەویش ئامانج لێی ناشتنی تۆوی دووبەرەکی وسیخوڕی وچاندنی تەنزیمی بەعس بوو لە ناو جەماوەر.

-خۆڕایی کردنی خوێندن، ئەویش بە خوێرپایەتی کردنی کۆمەڵگا بوو

- دانی حوکمی زاتی ، ئەویش چاوبەست وکلکایەتی و سەرشۆڕکردنی کورد بوو.

پاشان چونە دەرەوە،هەمووتان بانگ کرانە گۆڕەپانەکە، بەو بارانە، لەبن نواکە کورسی بۆ مدیرو ڕەفیقەکان دانرابوو، دەستەی هەڵکردنی ئاڵا ئامادە بوون، لەگەڵ ئەوانەی کە نەشیدی وەتەنیان لەبەر بوو، دەبوو هەموشتان دەم بجوڵێنن وەک ئەوەی هەمووتان نەشیدی وتەن مد جناحاە دەڵێن، یەکێک لە کوتابیە فەریکە بەعسیە خۆماڵیەکان کەپلە ی نەسیرە، کە ئاڵاکە گەیشتە سەرەوە بە کەڵاشینکۆف دوو سێ گوللە دەتەقێنێ،

مەبەستی کۆبوونەوەکەش دروست کردنی ترسێکی زیادە ،تاهەرچی چوە لای ڕەفیق ئیمزای بە بەعسی بوون واژۆ بکا، کۆڕەکە کۆتایی هات و پۆلەکان چوونەوە ژوور و یەک یەک دەچوونە لای ڕەفیق، پۆلەکەی ئێوە مامۆستا شیرینتان لەسەر بوو ،تەڵەبەکان لە نێوان خۆیان هەر سرپە سرپیان بوو ،ست شیرین هەر بەلاشە و تەقەی قۆنەرەکانی لە پۆل بوو، هەندێ لە بەعسیە خۆماڵیەکان خوا خوایان بوو ساویلکەیەک قسەیەکی لە دەم دەرچێ وقوڕی بۆبگرنەوە،سەرەت گەیشتێ، کە چویە لای دەرگاکە،دوو کەس لەو تەڵەبانەی کە دەتزانی ئەوانە بەعسین لەوێ ڕاوەستابوون، خۆیان واپیشان دەدا کە تائێستا جورئەتیان نەکردووە بچنە ژوور،تۆ یەکسەر چویە ژوور، ڕەفیق کە دیتی بزەت لەسەر لێوە، هیوای پێت بوو،سەرەتا بەعەرەبی لەگەڵت دووا، تۆ خۆت لێ گێل کرد، چونکە دەتزانی وەک تۆ کوردی دەزانێ، پاشان بەکوردی لێتی پرسی :بەعسیت؟

گوتت:نەخێر

ڕەفیق نێو چاوانی لێ گرژ کردی وگوتی:

تۆ لە مستەقبەلدا دەبیە هەر شتێک ،تەعین نابی ،چونکە تۆ بەعسی نی وڕقت لەشۆڕش و دەستکەوتەکانیەتی، کاروباری وڵاتیش بە کەسێ ناسپێردرێ کە ڕقی لە شۆڕش بێ،هەر ئەوەندەش نیە، بەیانی بانگ دەکرێیە مونەزەمە، دەبێ هۆکاری بە بەعسی نەبوونەکەت ڕوون بکەیەوە، بابت،داکت، لێ پێچینەوەیان لێ دەکرێ، کە موچەخۆربن موحاسەبە دەکرێن، لەوانەیە فەسڵیش بکرێن، بە هۆی تۆوە ،دوورنیە گرتن و لێدانیش هەبێ، ئێستا چ دەڵێی ؟ دەبی بە بەعسی ؟ یان نا؟

=،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

دوای کەمێک چاوەنواڕی ، کەزانی هیچ قسە ناکەی ،لیستێکی ئیمزای بەبەعسی بوونی خستە پێشت، تۆ ئیمزایەکی گەورەو ناقۆڵاو نابەراوت لە خانەی مستقلە کە دا کرد، وەک ئەوەی بتەوێ دۆزەخی موستەقیللی هەموو بۆتۆ بێ وبا خەڵکی هەموو بچنە ناو بەهەشتی بە بەعسی بوونەوە..

پاشان هاتیە دەر،ئەوانەی لە دەرەوە بوون، لە بەعسیە خۆماڵیەکان ،قەشیلەیان لێ کردی و لێیان پرسی ،:هاا ئیمزات کرد؟ بویە بەعسی؟

ئەوانیشت بێ وڵام بەجێ هێشت، لەبەرخۆیانەوە دەڵێن، کردویەتی،کوڕە بابە کێ دەڵێ دوو ساڵ نیە نەی کردوە، ئەوە وای تێدەگەن، ئاگری بن کایە وماری بن بۆڕێ یە،،

چەند کوتابیە بەعسیەکی تر لەگۆشەکەی ئەولا چەند کتێب ونوسراوێکی یاساغ ومەمنوعی چەپ وڕاستیان بە دەستەوە بوو، بۆ سەرنج ڕاکێشان،خۆیان بە دژە بەعسی پیشان دەدا، ئەمانیش تەڵەیەکی تربوون، نە چووی بە لایانەوە..

(چ دەبێ بابێ،بابم وکەس وکارم جاشایەتیان لە مێژە سێ بەسێ تەڵاق داوە،کە ببونایە ئێمەش حاڵمان وەک حاڵی خەڵک بوو، دەبێ منیش بەهەمان ڕێ دابڕۆم ،خۆ هەموش دەمرین ودەبڕێینەوە، ئیدی خەم وترس ودڵەڕاوکێ ی بۆ چیە، خۆ مەکتەبیشم تەواو کرد، منیش هەر هەڵدێمە ناوچەی موحەڕەمەو عەسکەری ناکەم،ئیدی خوێندن بۆ من بێجگە لە ڕۆشنبیر بوون ، چاوەڕێی چ دوا ڕۆژێکی مادی لێ ناکەم، نەبۆم دەبێتە مەڕ و مانگا تا بیدۆشم، نە دەبێتە کێڵگە و باخچە تا بیچنم ،بۆیە هیچ لەو هەڕەشانە زۆر گرنگ نین، لە ماڵێ هەر باسیشیان ناکەم،سەری کەسیان پێوە نایەشێنم ...

ئۆ خۆ دەڵێی بەم مشەوەشیە ،ڕێی چونە وە ماڵیشم لێ هەڵە بووە، دەی بابەوتولە ڕێیەدا بڕۆم ،بەناوباخچە کاندا قەدبڕ دەگەمەوە ماڵ.)

بەو ڕێیەدا هاتی، پیرەژن وپیرەمێردێک ،چەند دەسکە تور و سڵق وگێزەریان پێ بەخشی، بەلای سنەوبەرەکاندا هاتی کە بەفر بۆیان ببوە تارای زیو،بەرەولای ماڵی خۆتان شۆڕ بوویەوە، تارمایی دایکت لە بن گوێ سوانەی پشت خانوەکەتان هەر دیارە، وەک دار ڕواوە، خۆ بە ڕۆژوش بوو ،دەبێ ڕۆژوەکەی شکاندبێ؟ سەلامت لێ کرد، سەوزەکەت دایە دەستی، گوتت بەهۆی ئیمتیحانەوە دوا کەوتم، بەبەردەکانی پشت ماڵەوە قوڕی پێڵاوەکانت پاک کردەوە، چویە بەر هەیوانەکە جامەدانە و جلە کانت گوشین وهەڵت واسین، پاشان چویە ژوور، جێگای بابت هەر چۆڵ بوو، برا بچوکەکەت یاری لە گەڵ پشیلەکە دەکرد، تۆش بویە بەشێک لە و دیمەنە و دایکیشت گێزەرو

تورەکانی شوردنەوەو هەمووتان دەستتان کرد بەنان وتوور خواردن وگێژەر کرۆشتن وشاتان بەسەپانی خۆتان نەدەزانی..،

—

چیرۆکی چواردەهەم:

مردن بۆ ژیان.

ڕێگە یەکی خامۆشە، ئەم لاو ئەو لای ڕێگاکە دەڵێ ی بە گاسن کێڵراون، شەماڵەکە یاری بە جل و بەرگ وپەڕۆیەکانی سەر ڕێگەکە دەکا کە لە دەم شەقامەکە کەوتون،لە بەیانیەوە وەک دار لەسەر جادەکە ڕواوە،مرۆڤێکی لاواز و شڕۆڵە،زۆر پەشۆکاوە،زوو زوو تەماشای سەعاتەکەی دەکا، زۆر ماندوویە، خۆی هاویشتۆتە سەر گۆچانەکەی..

(لە بەغداوە ئیشم باش بوو، بە منشایە هاتم، بەڵام تا گەیشتمە بەغدا ڕوحم دەرهات، ماڵی شت گرانی بەقوور گیرێ، خۆ پارە بەرناگرێ)

سەیارەیەک هات ،بە شەلەشەل سوار بوو، دوو کەسی دیکە لە پێشەوەی سەیارەکە بوون، شوفێرەکەو یەکێکی تری قەڵەو، پیاوە قەڵەوەکە جگەرەی بۆ ڕاگرت،ئەم دەستی سوپاسی بۆ بەرز کردەوە.

قەڵەوەکە بەدەم هەڵکردنی جگەرەکەوە گوتی:

وا دیارە جەنابتان چاوتان لە هەموو ناخۆشیەکی خۆتان نوقاندوەو بە دەم بانگی نیشتیمانەوە چوون، لەو پێناوەشدا بریندار بوون،بە ڕاستی قوربانیەکی گەورەتان پێشکەش کردوە..

سەربازەکە هیچی نەگووت،وەک لە گەڵ ئەویشی نەبووبێ،سەیری ڕێگەی پڕ لە سەیارەی شکاوو وسەیتەرەی ڕوخاوی دەکرد، وێنە گەورەکانی سەرۆک،کە جاران لە هەموو دەروازەیەک داکوترابوون، هەموو ڕوخێنراون،

سەربازەکە دەستەکانی لە ژێر چەناگە ناون ...

(هێ ی کاکە خولە،من لە ترسی سەربازی لە ئاوەدانیش دابڕا بووم،بوو بوومە کێوی، ئێستاش جەنابت ئەم مەدالیایەم پێدا دەکەی؟ ،بەڵام ترسام کە دام بەزێنیەوە ،بۆیە هیچم نەگووت)

شوفێرەکە:ئەگەر قەڵەم لە نوسینی هیچ ژمارەیەک دەستەوستان نەبووبێ،ئەوە لە نوسینی زیانی ئەم وێرانکاریە دەستەوستانە،هەوڵی بیست وسێ ساڵ بنیات نانی بەردەوامی پازدە ملیۆن کەس،بە چەند ڕۆژێک ڕوخاندیان!!

قەڵەوەکە : هەمم ، میللەت! تۆ بڵێ، وەحشی،ئەی نەتدی چۆن بۆتاڵان هەڵیان کوتایە سەر دائیرەکانی حوکمەت؟ دواییش کە تینیان بۆ هات دایک ئاوڕی لە کۆرپەی نەدەدایەوە .. بڕۆ ماڵەکانیان بڕوانە،پڕە لە کەل وپەلی دائیرە حکومیەکان، هەر لە بزمارێکەوە، هاتا بەبەهاترین شت.

سەربازەکە نزیک ببوو لە شوێنی مەبەست و دەشی زانی ئەمانە تا ئەو شوێنەی سێبەری ڕژێمی لەسەربێ دەتوانن بڕۆن، بۆیە هاتە قسە وگوتی: ئەی گەلی ڕەش و ڕووت؟

خولەکە:جوانترین ناوەبۆیان، ڕەش وڕووتن،هەرچی شارستانیە دەی سڕنەوە..

سەرباز:خاڵە ،تۆناتوانی لە ویست وئیرادەی گەل دابڕێی ،کە گەل هەموو بووبە تێکدەر، دیارە تێکدانەکەیان بنیاتێکی جوانترو باشتری لە دوایە.

خولەکە:ئەوە لە کاتێکدایە کە گەل لەسەر هەڵوێستی نیشتمانی ڕوو بە ڕووی ڕژێمێکی بێگانە پەرست ببێتەوە،بەڵام ئەم جارە گەل بووبە نیشتمان فرۆش، کلکی بێگانە وبە فیتی وان لە حکومەتی نیشتمانی یاخی بوو.

سەربازەکە چاوی لەو تاکە پاتە و گۆچانە شکاوە بڕیبوو کە لە دەم ڕێگەکە کەوتبوون.

(تۆ بڵێ ی ئەو شۆڕشەی کە لە سەرانسەری عیراقەوە بە یەک دەنگ بە لبەیک کردن وڵامی درایەوە ،بێوەژنی سک سوتاوو دایکی جەرگ بڕاوو باوکی پشت شکاوو هەتیوی داماو بوونە بەرپا کەری،شوڕشێکی بەکرێ گیراو بووبێ؟ ئاخر ئەو شۆڕشە یەخەی خەڵکی دەگرت وپێویستیەکی مێژوویی بوو،خۆکە شۆڕش نەبوایە،لە سەدا سی عیراق لاوانی فیرار و هەڵاتو لە جەنگ بوون، چارەنوسیان مردن وگرتن بوو ،حەفتا هەزار دیلی گەڕاوە لە ئێران ،سەدان هەزار دیلی دەستی هاوپەیمانان ،ئەوانیش گرتن ومردن لە کاتی گەڕانەوەیان چاوەڕێ یان بوو،گشتیان دەئاخنرانە گۆڕی بە کۆمەڵەوە،،هۆ کاکە ورگن ومشەخۆری سەرسامانی میللەت،ناتوانی ئاسۆی بیری خۆت هێندە فراوان

بکەی،تابزانی ئەو ڕژێمەی تۆ بە نیشتمانی دەزانی،پێویستیەکی بازاڕی بازرگانی کاتی و دیاری کراوی دەوڵەتانی چەک فرۆشی ئاواو هەڵات بوو، بۆ ئەوەی ئەم چەکە نەبێتە مەترسی بۆیان شەڕی هەشت ساڵەی ئێرانیان پێ کرد، بە مەش هەشت ساڵ عیراق وئێران وناوچەکەیان دۆشی، دوای شەڕیش کوێتیان هاندا تا تەشقەڵە بە عیراق بکا،خۆشیان لە لەشکر کێشی عیراق بۆ کوێت کەڕ کرد ، تا گرتی،دوای گرتنیش جڵەویان بۆ عیراق شل کرد بۆ حەوت مانگ، تا گشت ژێرخان وسەرخانی کوێتی وێران و تاڵان کرد ، ئەو جار ژێرخان و سەرخانی عیراقیش نۆرەی هات، چەند مانگ بە فڕۆکەو ساروخ ودواتریش بە هێرشی سەربازی، نینۆکی عێراقیان کرد، ئەمە هەموو چیرۆکەکەیە،کەسیش لە ڕژێمەکەی تۆ ئالقە لە گوێ تر نیە)

پیاوە قەڵەوەکە چی تر خۆی پێ نەگیرا و وگوتی :

ئەی لە بارەی داستانی ئوم المعارک شتێکمان بۆ باس ناکەی؟؟

سەربازەکە بە دەم سەیر کردنی ڕێگاوە دەستی کرد بە گێڕانەوەی چیرۆکی نەهامەتیەکانی :

من بەر لە گرتنی کوێت لە فائدە بووم،کە کوێت گیرا،نەقڵیان کردین بۆ دورگەی بۆبیان ،خواردن زۆر کەم بوو، بەڕاوە ماسی ئیشمان باش بوو، ئەفسەرەکان بە درێژایی ڕۆژ سەنگەریان پێ هەڵدەکەندین و بە شەو پێ یان پڕ دەکردینەوە،کە دەریا هەڵدەستاو خێزاوی دەکرد،تەمێکی چەور دورگەکەی دادەپۆشی،تەنیا پردێک دوورگەکەی بە وشکانی دەبەستەوە،سەربازێکی زۆری تێ خزێنرابوو،پاشان نەقڵیان کردم بۆ جەهرا،،لەو بیابانە سەنگەری دوو کەسی تێدابوو،قەدەغە بوو لە کونە جرجەکان سەر دەربێنین،ژەمی پەرداخێکیان ئارد دەدایێ، تینوێتی تەنگی پێ هەڵچنیبوین،دوای مۆڵەتە چل وپێنج ڕۆژیەکە کە لە ١٥ -١- ١٩٩١ دا تەواو بوو تا بەیانی نەنوستین، هەندێ پێ یان خۆش بوو، هەندێ نا،لە شازدەی یەک ،بۆردومانی فڕۆکە دەستی پێ کرد،خواردن و خەومان نەما،ئەو بیابانە گشت سەنگەر بوو،دەتگووت جرجە گڵی هەڵداوە،شەوانە شەهادەمان دێناو ڕادەکشاین ، بەڵام خەومان لێ نەدەکەوت،هەریەکەو ئاڵقەی ناسینەوەمان لەمل کرابوو، تاکە مردین ،بناسرێینەوە،تا بیست وچواری دوو ئەم حاڵەمان بەردەوام بوو، ئیدی لەو ڕۆژە دا دنیا بووبە ڕۆژی حەشر ، هەرکەس ئازا بوایەو خۆی دەرباز بکردایە،سەربازی عیراق وهاوپەیمانان تێکەڵاوبوون،کەس کەسی نەدەناسیەوە، ئێمە چوار پێنج کەس دوا کەوتبوین، هاتین ،کەوتینە ناو ژمارەیەکی زۆری سەرباز، وامان زانی عیراقین، کەچی وا نەبوو ،بێ ئەوەی کەس گوێمان پێ بدا وئاگای لێمان بێ چەکەکانمان فرێ داو دەستمان بڵند کرد و هاوارمان کرد گوتمان کوردین ،کوردین،، ئەوانیش پێمان پێدەکەنین ،هیچیان لێ نەکردین و لە ڕێ کردن بەردەوام بووین،والحاسل وەک ئەو مێشولەمان لێ هات کەبەسەر پشتی فیلەوە نیشتەوە و پاشان فڕی، فیل نە لە نیشتنەوە و نە لە فڕینی هەستی پێ نەکرد،بە ناویاندا ڕەت بووین وگەیشتینە پردێکی ڕوخاو ، بە شیشە کانی دا پەڕینەوە،من لە پردە کە کەوتمە خوار،

بە دوا شیشی پردەکە گیرامەوە،خوێنم لێ دەچۆڕایەوە، بەڵام لەبەر پەشۆکاویان سەیرم نەکرد، داخوا کوێم بریندارە،بە گورجی سەرکەوتمەوە وپەڕیمەوە ،بومە تاقە نەفەر،کەسم لە گەڵ نەما ، زۆر بەزەحمەت تاخۆم گەیاندە بەسرە،چومە نەخۆشخانەو ئیدی لەوێ کەوتم،نەم دەزانی دنیا چ باسە، هەر گوێم لە زیلەی ئیقا و نەڕەی تانک و گرمەی بۆمباو تەقینەوەو دەنگ وهاوارو قیژەی خەڵک بوو،خەستە خانەش زۆر قەرەباڵغ بوو، ڕێ بە بەر ڕێبواری نەدەکەوت، سەگ ساحیبی خۆی نەدەناسیەوە، تا ئێستا ئەوە دەمبینی نەمتوانی بگەڕێمەوە،

شوفێرەکە: ئەی ئێستا بەرەوکوێ دەچی؟

سەربازەکە: من دەچمە ئۆردوگاکەی ئەودیو،ئێوە هەر تا ئەم شارە دەڕۆن،لە لای گەراجەکە دێمە خوار.

ئەوان لە سەرجادەکە ئەمیان دابەزاند وڕۆیشتن،ئەوشارەی کە ڕۆیشتن لە شەقامەکانی بە زەحمەت بوو لەبەر قەرەباڵغی، ئێستا شەقامەکانی چۆڵ و هۆڵە، بازاڕ بایەقوش تێ یدا دەخوێنێ، لە ناو گەڕەکەکان چاوی لە پیرەمێردێک بوو ،دیارە برێ نەکردوە ڕابکا،چوە لای وداوای نانی لێ کرد، ئەویش چوە ژوورو هەندێک نانە ڕەق بۆ لەناو زەرفێک ناو دایە دەستی، خانوەکانی شار دەوریان بە شوشەی شکاو و وشتومەکی سوتاو تەندرابوو،شار بۆنی سوتاوی لێ دەهات ،چوەوە سەر شەقامەکە، تراکتۆرێک هات وسوار بوو،سەوزایی بەهار ملوانکەیەکی هەمەڕەنگی لە ملی چیاکە کردبوو،

(موحەڕەمەکردنی گوندە کان بووبە هۆی ئەوەی کە ناو خانوو گەڕەکەکانی لادێکان ببنە جەنگەڵ ولەوەڕگاو وەک دەشت گژ و گیایان لێ بڕوێ، تۆ بڵێ ی ئەم کۆڕەوە وچۆڵ بوونی شارەکان ،شارەکانیش بەمەردی گوند ولادێکان نەبا؟)

ڕۆژ ئاوا گەیشتەوە ماڵ،بە ناو گەڕەکە چۆڵەکانی ئۆردوگادا گەیشتەوە ماڵی خۆیان،بە سەر حەسارەکەدا سەرکەوت، قفڵی دەرگای ژورەوەی شکاند،پشیلەکە بە میاوە میاو بە دووی کەوت،مریشکەکە بەگارە گار پێشوازی لێ کرد، چوە کلێنەکە، چوار هێلکەی تێدا بوون،باشە ئەمڕۆ دەعوەت ومیوانی خاتو مریشکە ،هێلکەکەی کوڵاندن،فانۆسەکەی هەڵکرد ،نوێژی کرد و جێیەکی ڕاخست ولێ ی ڕاکشا ، شەوێکی تاریک ، وڵاتێکی بێ دەنگ وچۆڵ، سەیری بنمیچی خانوەکە دەکا.

(لەدوای هێرشی ئەنفال ،سەڵتە زەلام هەڵاتین، خزمان ماڵیان ئاوابێ بە هەرەوەزی هێندەی بڵێ ی یەک ودوو ماڵیان بۆ دانامەوە، هەتا هاتمەوە لە سەربازی بە ئیجازە دیتم وا ڕەقەمی خانویان وەرگرتوەو خانوش کراوە،)

زۆر ماندوو بوو، هەر زوو خەوی لێ کەوت،بەیانی بە خوێندنی کەڵەشێرەکە هەستا و نوێژی کرد،بە پەلە هەندێ نان وقەسپی پێچایەوەو کەمێک لە ژووڕەکان گەڕا و دەرگای حەوشەی لەناوەوە داخست و بە سەر دیواردا لە ماڵ دەرکەوت،پشیلەکە لەسەر دیوارەکە بەرامبەری هەڵتروشکا..

(ئەو شەوەی گەڕامەوە سەربازی، وەسیەتم بۆ منداڵەکان کرد،هەمویان گریان،تەشتەکەشمان نانی تێدا نەمابوو، فەردەی ئارد بە چوارسەد دینار بوو،دەبێ دوای من چۆن ژیابن؟،)

دەگاتە جەباری هاوسێ ی ملی لە ژێر کۆڵ پێ درێژ بووە، ماندوو نەبی کاک جەبار.

+ خۆت ماندوو نەبی ،ئەوە عادلی مام ڕەحیمی خۆتی؟،یاخوا بەخێربێ یەوە، کوڕە خۆ هەر بە تەمات نەمابووین.

= ئەی منداڵەکانم ،هیچیان لێ نازانی؟

+ نە بە خوای هیچیان لێ نازانم، هێرشەکە زۆر لەنکاو بوو،کەس ئاگای لە کەس نەبوو،ئەوی ئاودیوی ئێران بووبێ ،دەڵێن حاڵی باشە،بەڵام لەم دیو گرانی وقاتی وقڕیە،بەس دەڵێن مفاوەزاتە بەڵکو پێک بێن لەگەڵ حوکمەت،ئەوە منیش هەر دەبێ لەڕێ بم، هیچ بەرناگرێ،ئەوەی لەماڵی خۆی ئازووقەی نەبێ، پارەی دنیای بەرناگرێ هەر هەفتەی ئاوا دێمەوە بە کۆڵ بۆیان دەبەم.لێ قەوماویش هێند زۆرن، پیاو لە ڕودا دەمێنێ.

= داخوا منداڵی من حاڵیان چۆن بێ؟ داکم هەر لە هەڵەتەکەوە هەر کەنەفت بوو بوو،هەردەی گوت داخوا بۆ چ ڕۆژێکی ناخۆشتر هەڵگیراوم؟؟

ئەی ئەوە دەڵێ ی هەموو مەکتەب وخەستەخانەش بوونە مەقەڕی حزبی، هەموو نوسراویان لە سەرە؟

شۆڕشی ساڵان ،کە ئیشێکیان دەبوو بە سەر گەورەی ئاواییان دەگووت،ئەویش بە دوو لات وپاتی گوندی دەگوت ،ئیشەکەیان بۆ بکەن، جارێک بەسۆغرە گیرام ،بارێک گوللەیان پێدا ناردم بۆ مەقەرێک، بەڵام حەوت گوند ومەقەڕیان پێ کردم ، دوای ئەو هەموو گێڕانەش لە هیچ مەقەڕێک نانیان نەدامێ ونەیان حەواندمەوە، ناچار دەچومە مزگەوت ولە سەر کورتانی کەرەکە پاڵم دەدایەوە، برسێتیش وا زۆری بۆ هێنام ،جارێک مەنجەڵۆکێک نیسک وبڕوێش لەسەر حەسارەکەی جیرانی مزگەوت بوو لە ترسی پشیلە لەوێ یان دانابوو هێنام لسپم داو مەنجەڵۆکەم بۆ لە جێ ی خۆ دانانەوە،ئاوایە ،پیاوی برسی لەهیچ ناپرسی.

سەیارەیەک بەلایان داهات

=ئەوە کوڕی مچە ورگنی ئەم سەیارەی لەکوێ هێناوە؟

+ئاگات لەچیە؟ خەڵک بە سیلاح فرۆشتن وتاڵانی عەلوجان بوونە پیاو؟

= چ پیاوێک؟ گیرفان پڕ وقۆڵ بڕ.

+ جا خۆ سەیارەی چاک بە ئێستڕێکە.

چەقەنەکە هەموو ڕێ ڕێ بووە، دیارە خەڵک ئەوەندە زۆر بوون، بە جادەکەدا جێیان نەبووە، دەشتەکە پڕبەتی لە خەڵک،جەبار جار جارە کۆڵەکەی توند دەکاتەوەو بە عادل دەڵێ کۆڵەکەم بۆ بڵندکە با تووندی بکەمەوە.

+ کاک عادل ، ئەم ڕێ یە تا دەگەیە سەر سنوری عیراق وئێران ئاوایە،بازاڕی هیچ شارێک وا قەرەباڵغ نەبووە،هەر لە بەیانیەوە خەریکی دار وچیلکە چنینەوەن بۆ ئاگرۆچکەی شەو، هەموو کەس یاتاغ و بەتانی وفانۆس و خواردنی خۆی پێ یە، پێم سەیرە تۆ بەبار سوکی هاتووی،لە نوێژی شێوانەوە ،ئیدی ڕێگەکە دەبڕێتە ڕێزە ئاگرۆچکە، لە بەر هۆ دایەو هۆ بابە وهۆ کوڕ وهۆ کچ گوێت کاس دەبێ.

هەر دووکیان لە بەرامبەر کەلاوە ڕوخاوەکانی شارە دێیەکی ڕوخێنراوو بەمحرمەکراو ، بن نوایەک دەدۆزنەوە تاشەوی تێدا ڕۆژ بکەنەوە، نااڵە نااڵێک وهاواری ژنێک لە تەنیشتیانەوە دێ، پاشان زریکەی منااڵێکی تازە بوو دێ، عادل دەڵێ:

کاک جەبار وا بزانم منداڵیان بوو، بەتانیەکیان لەو بەتانیانە بدەیە، سەرمایە ، جبار خۆی لە داواکە کەڕ کرد،عادل باڵتۆ عەسکەری وهەندێ نان وقەسپی بۆ بردن.

- ئەم منداڵە بەم ڕۆژە ناخۆشە لە دایک بووە، دەبێ چی لە چارە نوسرابێ، دایکم دەیگوت کە من بووم بابم گوتبووی ئەو کوڕەم بۆ قۆناغی ئەوڵا غا دەویست، منی لە برسا مردوو منداڵ چ لێ بکەم؟،بابم ناحەق نەبوو،ژیان زۆر زەحمەت بوو.

+ ئەم وڵاتەت بەئاوەدانی دیوە، کاک عادل،؟

= خەریک بوو بیبینم وبزوشی لێ بفرۆشم ، بابم نەخۆش بوو،دایکم بزوەکەی تەواو کردو من بۆ یەکەم جار هاتم بیفرۆشم ،لە ڕێگە ئاوی زێکەش بردمی ،بە سەد حاڵ پەڕیمەوە، شەو لەو دەم چۆمە گشت ددانم شکان هێندەی بکەوم،،لە ئەودەم چۆمە ناسیاوێکمان شوانی ماڵی ئاغایەک بوو،شەو حەواندمیەوە وبومە هاوبەشی بەشە خواردنەکەی، بۆ بەیانی پێشمەرگەیەک تەشقەڵەی پێ کردم، بەهەڕەشە بزووەکەی لێ ستاندم ،کە لێی نەستانبمایە ،دەهاتم لێرە دەم فرۆشت.

+ واتە نەگەیشتی، لە هەموو دەور و زەمانێک ستەم هەر بووە.

- تاستەم نەکەین ،پەروەردگار دەسەڵات داڕێک ناپێچێتەوە، ئیدی حاکمەکان خۆیان چارەنوسی خۆیان وعومر کورتی ودرێژی دەوڵەتەکەیان دیاری دەکەن،بەوەی ستەم نەکەن وخۆیان لەداری خوا نەدەن.

عادل هەربەدانیشتنەوە خەوت، بەیانی شەوی مابوو کە بەناو ئەو خەڵکە مۆڵ بووە لەو دەشتە کەوتە ڕێ، یەکێک دەستی لەسەرشان دانا،

عادلی پورە پیرۆزم نەبی؟

=بەڕێ واللە خۆیەتی ,چۆنی؟ باشی؟ پورزا

* دەی من تۆم ناسی، بزانم تۆمن دەناسیەوە؟ لە منداڵی زۆر برادەرو هۆگری یەک بووین، هەموو کات پێکەوە بووین، بەڵام من ناوهاتنەوە وچونە تجنیدو خۆلە محمرە ودیزەفولم بە یەکەوە بوو،بواری هەڵاتنم نەبوو،شەڕێک بوو عیراق یەکتریان دەکوشت،زۆر سەرباز خنکان وبوونە خۆراکی ماسیەکان،ئێمە بە حسابی خۆمان دەکشاینەوە، بەڵام کەوتینە دەستی ئێران و نۆ ساڵ لە ناو زیندانە شێدارەکانی ئێران دیل بووم ،ئێستاش کە گەڕاومەوە خۆشم نازانم ماڵم لە کوێ یە، ،دایک وباوک نەماون، خێزانم لە ماڵی بابی بۆتە بار بە سەریانەوە.

= ئێ دەبڵێ تۆ حەق کوڕی پورە توبای، بە منداڵی دەیانگوت کە حەق وعادل پێکەوە بن ،دنیا باری ڕاست دەبێ، بەڵام ڕوی زاڵمان ڕەش بێ حەقیان دیل کرد و عادلیان ژێر دەست کرد،بەڵام هەر یەکمان گرتەوە.

زۆر باوەش بە یەکدا دەکەن وبە یەکەوە ماچ دەکەن.

= ڕەحیم وحەکیم ی بابیشمان تا مابوون زۆر هۆگری یەکتر بوون،هەروا پیرۆزو توبای دایکیشمان.

* هەربۆیە هەردووکیان لەم مەینەتە پێکەوە سەریان نایەوە ،عادل گیان، زۆرم پێ خۆش بوو ماوەیەکی تر لە ژیاندا مابان.

عادل بەهەواڵی کۆچی دایکی وپووری زۆر خەمبار دەبێ،بەڵام دڵ خۆشی خۆی بەوە دەداتەوە کە ژیانیان یەک پارچە چەرمەسەری بوو، بۆیە مردن بۆ یان حەسانەوەو پشودانە، هەر دوو کیان دەست لە مل بە جوتە دەڕۆن.

* دەزانی کە منداڵی هەر دوو کیشمان لە یەک سەیارەدا بوون، ئەڕێ بە ڕاست خۆ ئەوە تۆتا دوو تەنیەکەیە کە ئەوانی تێدا بوون، دیارە جادەکە ڕێ نەبووەو سەیارەکە تایەکانی تەواو نین ،بۆیە بە پێ ڕۆیشتوون.

هەردووکیان بەپێ بەچەقەنەکەدا سەر دەکەون، تا سۆراخی منداڵەکانیان بکەن، چەند کەسێک لە خوارەوە هاوار دەکەن:

کاکە بەوێدا مەڕۆن، مین ڕێژ کراوە.

ئەوان قسەکە تەواو ناکەن تەقینەوەیەکی گەورە لە سەروو ئەوانەوە دەبێ، هەردووکیان خۆیان پێ ناگیرێ وبەرەو شوێنی تەقینەوەکە دەڕۆن، بەڵام دەبینن، کە خێزانی هەردووکیان ، لق وپۆپ وچڵەکانی درەختی عادلی پورە پیرۆزی مام ڕەحیم وحەقی پورە توبای خاڵ حەکیم قەرەقازانیان تێ کەوتوە.

هەردوو لەسەریان دانیشتن ودڵی یەکتریان دەدایەوە،خەڵکەکە لاشەکانیان لە تورەکە کردن ولەیەک گۆڕدا ناشتیانن، عادل وحەقی برپاریان دا کە ببنە مین هەڵگرەوە، ئیدی هەر ڕۆژە لە شاخ ودۆڵ وچەقەنێک دەبینران،تاکو ڕۆژێک ڕمبەی تەقینەوەیەک هات ،کە خەڵکی چونە شوێنەکە، دوو تەرمی پارچە پارچە بوو ومردوێکی لە بەتانی پێچراویان دی، کە سەیری مردووەکەیان کرد سەربازێک بوو،لە مێژبوو مردبوو، لە کۆنە ڕەبیەیەکدا هەر ئێسقانی مابوو، سەیری ئاڵقەی ملیان کرد لێ ی نوسرابوو: الاسم : ئاورسالم عبدالقدوس.1957

اسم الوالدة:نزاهة سامي.

پاچ وبێڵێک لەوێ کەوتبوون ،دیاربوو خەریکی گۆڕ هەڵکەندن بوون بۆو سەربازە غەریبە،،هەردووکیان سەرو دوو گیرفانی پڕ کەپسولی مینە هەڵگیراوەکانیان پێ بوو ،هەرسێکیان لەوگۆڕە نێژران کە بۆ سەربازەکەیان هەڵ کەندبوو...

سێ شاعیر پرسە و ماتەمیان بۆ گێڕان:

- شاعیری یەکەم گووتی:

کە دەتانەوێ مرۆڤ بەختەوەر کەن

دەبێ کاڵای باڵای مرۆڤایەتی بن.

خۆپەرستی و ڕەگەز پەرستی ژیارەکان.

چاوچنۆکی و جەنگی ڕەشن

درندە و خۆێن خۆر و خوێن مژن

گشتی دەیەوێ ئەسکەندەر

جەنگیز و ناپلیۆن و هیتلەر

لە ماڵی ئەوان بێتە دەر.

بەڵام تاکو ئادەم

دەرنەکرێ لە ماڵی نەمری

ژیانی نەمری نابێتە خەونی وەچەکانی

تازانینی گشت کەلیماتی لەدەست نەچێ

کۆپی چەندکەلیمەیەک

ناکاتە پەیڕەوی ژیانی

تاکو موسا لەوحە ئەسلەکە نەشکێنێ

کەرت وپەرت وکۆپیەکانی

نابنە ڕۆناکی جیهانی

شتە ڕەسەن وکاملّەکان

لەجیهاندا جێیان نابێ

هەرسێبەروکۆپیەکانیان

بە نا کاملّی وسنورداری

دەبنە پەیڕەوی ئاسمانی..

- شاعیری دووەم گوتی:

نەتەوە پەرستی

دەردێکی کوشندەی دەروونیە

چەند بە هێزبێ ،هەر لاوازی و زەبونیە

مرۆڤایەتی لە مرۆڤەکان دادەماڵێ

یەک ماڵی ئەم جیهانە

کەرت،کەرت دەکا بۆ چەند ماڵێ

ئاسودەیی و دڵنیایی لە سەر زەوی ڕادەماڵێ

فرە ڕەنگی تابلۆکە

دەکاتە بۆمبی لە ناو چوون

بۆ تاقانە تابلۆی هەمە ڕەنگی فرە چەشنی گەردوون.

حەق حوکم لە تاراوگە دادیل دەکا

یۆتۆپیای حوکمێکی عادل لە بار دەبا

ئەگەر عەدل وحەق وحوکم وڕەحم

لە یەکتر دانەبڕێنرانایە

دەبوە بەهەشت ئەم دنیایە ..

- شاعیری سێ یەم گووتی:

تەنها گۆڕێک بۆ عادلی ڕەحیم وسلامی قودس وحەق حەکیم،

کوڕانی خاتو پیرۆزو خاتو توباو خاتو نەزاهەت.

هێمای ئەوەیە کە ئەوبەهایانە،لەم جیهانە بەمەرگ نەبێ شیکار نابن.

کێشە ی قودس وپیروزی و نەزاهەت

سەلام وعەدل وحەق و حیکمەت

جیهانی باڵای یۆتۆپیاو مهر و ڕەحمەت

لەم جیهانە تەسک وکورت وکاتی یەدا

شیتەڵ وچارەسەر نابن

چاریان ئەوەیە کە بمرن ،لە دنیای فانی فەنا بن

تالە و دیوی جاویدانی لەدایک بن و بەقا بن

ئەم جیهانە بەشی هێنانەدی ئەوان ناکا

ئەوان نەمرو بێ سنورن، دنیا بەباڵایان ڕا ناگا

—

چیرۆکی پازدەهەم:

دوا بە یەک گە یشتن.

لە ماڵەوە بەپە لە دەرکەوت،زۆر بە وریایی دەڕۆیشت تا پیس نەبێ.

(هەر لە بارینی یەکەم نمە بارانەوە،ئیدی ئەم ڕێگە بە قوڕ دەگیرێ،جا بۆ وا نەبێ؟ خۆ ئەو پارەو یارمەتیەش کە بە سوالّ وسەدەقە بۆ مان دەنێردرێ بە چەک وتەقەمەنی دەدرێ ،جا خۆزگە هەر قوڕ و لیتەی سەرجادەکان بوایە؟ بەڵام ئێمە ڕێ ی چارەنوسمان، بەرهەمی خوێنی هەزاران شەهید،سەدو هەشتا هەزار ئەنفال وبێ سەرو شوێن،دەرەنجامی دەیان شۆڕش،ئێستا بە تورەکە خۆڵی کۆڵانەکان گیراوە،)

لە ڕێگە دڕاندنی چەند پۆسکارت وسڕینەوەی چەند دروشمێک وگۆڕینیان بە دروشمی دیکە سەرنجی ڕاکێشا.

(لە ڕۆژگاری بەعس، پۆسکارت هەڵواسین ،کاری بوێرترین وئازاترین کەس بوو،دڕاندن وڕوخاندنی ئەو ماڵەی پێوەی هەڵواسراوە، کاری ڕژێم بوو،بەڵام ئەمڕۆ داستانی هەر لایەنێک، لە لای لایەنەکەی دیکە ناپاکیە لە گەل ونیشتمان)

مامۆستا بەم خەیاڵانەوە ڕێ ی بەرەو مەکتەب دەپێچایەوە، کە دەنگێک بە ئاگای هێنایەوە.

= مامە سامان ،چۆنی؟

* ها هیوا گیان تۆ چۆنی؟ چرای خوشکت باشتر بوو؟

= نەخێر،حاڵی زۆر خراپە،هەر ئێسکەکانی ماوە،دوێنێ لە گەڵ دایکم بردمانە نەخۆشخانە،بەڵام لە بەر بریندارى شەڕ،نە بتڵی خوێن ونە ئاوی مقەتەر و نە دەرمان نەماوە، پڕیش بوو لە چەکدار،گوایە لیژنەی ئەمنین،بەڵام هەموویان سەربە لایەنی (.)ن ،لایەنگری خۆیان نەبێ دەری دەکەن.

* ئەی باوکت لە کوێ یە؟

= هەر ئەوەندە دەزانم ،چۆتە مەقەڕ، بەڵام نازانم لە کوێ یە.

* بێگومان ئەویش سەنگەری لە براو دراوسێ یەکانی گرتووە،جا لە هەر کوێ یەک بێ.

(کە منداڵ بووین، هەرحزب ولایەنێک پێشمەرگەیان بهاتایە گوندەکەمان،کاکم دەیگوت ئەو لایەنەم،ڕۆژی وا هە بوو سێ جار دەگۆڕا و ئەم حزب و ئەو حزبی دەکرد، بەڵام من هەرگیز بۆ هیچیان ساغ نەبوومەوە،ڕۆژێک هەملّماتەکەشیان لێ سەندم ، بەڵام هەر نەم گوت ودەستم کردە گریان،سکاڵام بردە لای نەنکم،دایکم ،لە ژانی منداڵ بووندا بوو، کەچی ماڵەکەشمان ببووە مقەڕ، پڕ بوو لە پێشمەرگە، ناچار دایکمیان بردبوە کادێنەکە بۆ منداڵ بوون،ماڵاتەکەشمان لەبەر بەفر دەرنەکردبوە دەر،لەنکاو لە گوند بوە شەڕی لایەنەکان، ئارپێچیەک بەر پشتیەرەکەمان کەوت، مانگاکەمان سەدەقە و بەڵاگێڕی دایکم ومنداڵەکەی بوو، من هەر بۆ کەلاکەم دەگریام، مەلۆتکەکەش بۆ بێ بەش بوون لە ڕەحەمی دایکم دەگریا، مانگاکەش لەتاو ئێشی خۆی دەی بۆڕاند،دایکم لەتاو ئازاری خۆی دەی نااڵاند ،دەنگی دەستڕێژی جۆرەها گوللّە ش سمفۆنیاکەی کردبوە مۆسیقای ڕۆب،،)

= مامە، مامە، ئەوە خەیاڵت بۆ کوێ چوە؟

* چیە هیوا؟

= ئەی نابینی ئومێدیشمان لەگەڵ کەوتوە؟

* چۆنی ئومێد؟

× باشم مامە، سڵاوم لێ کردی ،وڵامت نەدامەوە،

* ببورە ئاگام لێ نەبوو،ئەی ئەوە لوتت بەچی بریندار بووە؟

= ئەوە شەماڵ وای لێ کردوە، چونکە ئومێد دەیەوێ ببێتە ئەفسەر لە ساڵی دوو هەزار و هەشت و یارمەتی عەدنان ولینا بدا، بەڵام شەماڵ دەڵێ لەگەڵ یوفۆو وبلاکی وگەندال ،هێزی ڤێگا دێنێتە سەرمان.

* ئۆ کەواتە جەنگەکە گەردوونیە، ئەی بۆ لە گەڵ گرێندایزەر نابی؟

× ئاخر هەموومان پێکەوە دەبین.

* بەڕەیەکی گەورەیە.

(سەیرە، تەنانەت ئاسمانیش، کە جاران جێ ی ڕوحانیەت و کەماڵ و پاکی و بێ گەردی وعەدالەتی ئیلاهی بوو،ئێستا بۆتە جێ ی بەرەی شەڕی ڤێگاو یوفۆ وگەندال وبلاکی، داهاتوی جیهانیش دەبێ هەر جەنگ بێ، بەرەی حەق هەر دەبێ بێ هێزو بێ نینۆک بێ، بەم شێوە خوی منداڵانیشیان تێکداوە)

* هیواو ئومێد ،ئێوە برۆنەوە ماڵ ودەرمەکەون،منیش دوای دەوام سەر لە چرا دەدەم.

هەر سەیری کردن تا گەیشتنەوە ماڵ،مامۆستا سەربەست و مامۆستا چیمەن لە پێشیەوە بوون، پەلەی کرد وگەیشت پێ یان.

* بەیانیتان باش.

+و/ بەیانیت باش مامۆستا.

مامۆستا سەربەست سەیری دەفتەرەکانی دەستی مامۆستاسامان دەکاو بە سەرسوڕمانەوە دەڵێ:

ئەوە چیە؟ناشێ دەفتەری ئیملاکانت بردبێتەوە ماڵ؟ جا ئەو خۆماندوو کردنەی بۆ چیە؟پێت وایە دەبن بە چی؟ سبەی ئەوانیش سەنگەر لە یەکتر دەگرن.

/ ناحەقیان نیە، موچەی پێشمەرگایەتی زۆرە، چەند هێندەی مامۆستایان دەست دەکەوێ.

* موچەکەی ڕوو ڕەشی وشەرمەزاری یە لە بەرامبەر مێژوو و داهاتودا.

+ مامۆستا سامان هەر دوولات مەبەستە؟

*بۆ جیاوازیان چیە؟

+ تۆ وا بڕوا نانی خۆت دەبڕی.

هەرکە گەیشتنە مەکتەب بە تەڵەبەکانیان گووت، بچنە ژوورەوە.

/ ئێمە لەناو ئەم ئاگربارانە، نازانم زامنی ژیانی ئەم منداڵانە چۆن بکەین؟

+ وەک تۆ دەڵێ ی دەبێ مەکتەب داخەین،ئەم هەرایە وازوو تەواو نابێ،ئەوە لە پێش لە دایک بوونی ئێمەوە دەستی پێ کردووە،ئێمەش دەبڕێینەوە ،هەر ئەوتاس وحەمامە دەبێ.

* تۆ داوی دارایان باش بۆ وەسف کە ومنیش ڕێوی فێڵباز باش دەناسێنم ،تا منداڵەکان بە داوی دارایی کانەوە نەبن ونەکەونە دەمی ڕێویە فێڵبازەکانەوە.

/ سەیر ئەوەیە ئێمە هەر لە منداڵیەوە

لە م داو و و تەڵەکانە ئاگاداریان دەکەین، کە چی چۆلەکە لە چۆلەکەی ئێمە بێ ئاگاتر نیە؟

* دیارە ئێمە هەڵەین، پێش شتە باش وجوانەکان شتە بەد و خراپەکانیان پێ دەناسێنین ،بۆیە بەڕەواج دەبن.

دەچێتە سەر پۆلی سێ یەمی جیم و بەیانی باشیان لێ دەکا،سەیری ڕیزەکانی پۆلەکە دەکا، بە ڕەنگی جل وبەرگ ومل پێچ و کڵاو و گۆرەوی وپێڵاو وجانتاکانیان و مۆڕەکردنیان لە یەکتر، هەر لە سەنگەری کۆڵانەکان دەچێ، ڕووی گەش وجوانی ئەم خنجیلانەش بە هۆی دوکەڵی جەنگی برا کوژی ترش ومۆن بووە، ئەوە سێ ساڵە خوشک و برای یەکترن،،مامۆستا نازانێ بەچ هەڵس وکەوتێک کەش وهەوای تەبایی بگێڕێتەوە ناو پۆل،دوای ماوەیەک پیاسە لە ناو ڕیزەکان دەڵێ:

*ئەمڕۆ چیرۆکێکتان بۆ دەگێڕمەوە،،

ئەوە بێ ئەوەی هیچ چیرۆکێکی بۆ ئەم کێشە ئامادە کردبێ:

* هەبوو نەبوو،لە زەمانی بەسەرچووی زوو،کەس لە خوا گەورەتر نەبوو،کەس لە شەیتان درۆزنتر نەبوو، لە چیایەکی سەخت دا،ئەشکەوتێکی گەورە هەبوو،کانیاوێکی ساردو لەوەڕگایەکی لە بەردەم بوو،کۆمەڵێک ئاسکی جوانکیلە کردبویانە زێد ونیشتمانی خۆیان،هەمیشە کۆک و تەبا بوون،بەڵام هەر چوار لایان بە دوژمنەکانیان گیرابوو.

لای ڕاست ،مۆڵگەی گورگە برسیەکان بوو.

لای چەپ، شوێنی پڵنگە درندەکان بوو.

دارستانە چڕەکەی خوار ئەشکەوتەکە ،بێشەی شێر و وەچەکانی بوو.

مامۆستا وێنەی دیمەنی ئەشکەوت وکانیەکەی بەسادەیی لەسەر تەختە ڕەشەکە کێشا.

*لای ڕاست چی بوو؟

هەموو بەیەک دەنگ:گورگە برسیەکان

* لای چەپ چی بوو؟

بەیەک دەنگ: پڵنگە درندەکان.

*لای خوارەوە؟

بە یەک دەنگ: بێشەی شێرو بێچوە شێرەکان

* جا ئەم دڕندانە لەناو خۆیان پێک هاتبوون کە هەر یەکەو بەشێک لە م ئاسکانە بخۆن و ئەشکەوت وئاوەکەش داگیر بکەن ولە نێوان خۆیان بەشی بکەن، بەڵام سەختی ئەشکەوتەکە وشاخەکەی پشتەوە ڕێگری ئەم چاوچنۆکیە یان بوو،خوا گیانیش هەمیشە بە بەفر وبارانی ئاسمان کانیەکەی دەژاندەوە و لەوەڕگاکەی سەوز دەکردەوە ،هەر ئاسکێک دەربکەوتایە دەخورا، لەم کاتەدا خواکردی، درندەکان ناکۆکیان تێ کەوت، بەهۆی پێک نەهاتنیان لەسەر بەشکردنی ئاسکەکان و نیشتمانەکەیان،ئاسکەکان کە بە ئازادی دەگەڕان ویاریان دەکرد، ئەمەیان بە ئازایی خۆیان دەزانی،لە خۆبایی بوون،لە سەر لەوەڕگاکە ناکۆک بوون، هەندێکیان هاوپەیمانیان بەست لە گەڵ گورگەکان،هەندێکی تریان لە گەڵ پڵنگەکان، و هەندێک لەگەڵ بەچکە شێرەکان، بەمەش گۆڕیان بۆ خۆیان هەڵکەند،ئەی ئەمە خۆ کوشتن نیە؟

هەموو بە یەک دەنگ:بەڵێ کردەوەیەکی خراپیان کرد.

* دەی کەواتە ،ئێوە ئاسکە جوانەکان ،دەوەک ئەو ئاسکانە مەکەن، هەر ئێستا هەستن و دەست لە ملی یەکتر بکەن،لە ماڵەوەش سەردانی یەکتر بکەن،

هەموو تەلەبەکان ،گوێ ڕایەڵی مامۆستایان کردو زەنگی دەرەوە لێ یدا، مامۆستا بە نەشوەی سەرکەوتنێکی گەورەوە چوە ژووری مامۆستایان،

+ بە پێکەنینەوە:مامۆستا تۆش سەری نەویت بۆ موچە بڵند ناکەی؟

* ئێمە بە موچە بین،یان بێ موچە،سەری خۆمان نەوی کردووە.

٪ جا خۆ ئەم شەڕ و هەرایەش گوناحی ئێمەی تێدانیە؟ ئێمە چیمان پێ دەکرێ؟

* چۆن؟ ئەی لە سەدا هەشتای ئەم گەلە بۆ ماوەی شەش ساڵ لە بەرامبەر جەنابت لە سەرئەم تەختە ڕەقە دانانیشێ ؟جا کە بە شەش ساڵ نەتوانین خۆ خۆریان لە لا ببێژنین وناشیرن بکەین،ئەی ڕۆڵمان چیە لە پەروەردەدا؟؟

لە م کاتە دا مەفرەزەیەک چەکدار بە جۆرەها چەک، بێ ئەوەی مۆڵەتیش وەرگرن، بەرەو قادرمەکان دەڕۆن ودەیانەوێ سەربانی مەکتەبەکە بکەنە سەنگەر.

مامۆستاکان هەوڵ دەدەن ڕێ یان لێ بگرن.

چەکدارەکان پاڵێک بە بەڕێوەبەرەوە دەنێن و تۆمەتی کۆنە بەعسی بوونی دەدەنە پاڵ،بە عەنتەری سەر دەکەون وهاوار دەکەن...

دەی خێرا با ئەو تەلەبانە بڕۆنەوە،ئێستا کاتی دەرس ومەرس نیە.

* کاتی شەڕی خۆکوژیە،کاتی تێکدانە،کاتی بنیات نان نیە، خەباتی شاخ و چیایان هەیە،لێ یان گەڕێن ،ئەو کێوبانە لەوێ لەوەڕاون،،،

بەم قسانە قۆناغە تفەنگێکی بۆ خۆی حەڵاڵ کرد، ئەوەندە بێ دار و بار بوو ، کەوت و دەم و لووتی بە خوێن هات،بە دەم سڕینەوەی دەم ولووتی دەنگی تەلەبەکانی دەدا ،کە زوو بڕۆنەوە، مشت ومڕی دووان لە پێشیەوە سەرنجی ڕاکێشا.

- بەخوا بیکەیسی قەت بە ئارپێچی ناوێرێ .

/ بەخوا باوکیشت بە ئارپێچیەکەوە دە پێچێتەوە، چۆن پێ ی ناوێرێ؟؟

- پەلاماری یەکتر دەدەن و دەبێتە شەڕبان ،بەڵام مامۆستا سامان لێکیان دەکاتەوەو دەستی هەر دووکیان دەگرێ و پێیان دەڵێ:

* کاکە چالاک، کاکە ئازاد، ان شا اللە باوکی هەر دووکتان بەم دوو شتە ئەنتیکەیانەوە ، دەبنە شەهیدی شەڕی کۆڵانەکان، ئێوەش وەک ئەوکێژۆڵەی لە پێشمانەوە، بەم تۆف و شەڕ وهەرایە بەپێخاوسی شوانی قەلەکانی ماڵی مامیەتی و ئاگای لە دنیانیە وهەر لە ئێستاوەش لە سەر کوڕی مامی تاپۆ کراوە،ئێوەش دوای کوژرانی باوکتان وشو کردنەوەی دایکتان،ئەو کاتە کە لە کۆڵان خەوتن، ئەم شەڕە بکەن،ئێستا کاتی نیە.

هەر دووکیان سەردادەنەوێنن و بە دوای مامۆستا دەکەون ،مامۆستا بە پەلە بەرەو ماڵی کاکی دەڕوا،هەر لە بەر؟دەرگاوە دەڵێ:

هیوا چۆنی ؟ چراچۆنە؟ چیتان لێ کرد؟

دایکی هیوا دێتە دەر: دیارە تۆش حزبایەتی برایەتی لە بیر بردویەوە، لێشمان ناپرسی، چرا زۆرخراپە.

لەم کاتە دا ئومێد باوەش بە مامیدا دەکاو بە گریانەوە دەڵێ:

× مامە توخوا بە دایکم بڵێ، با بمهێڵێ بچم بۆلای هونەر،ئەوە هەفتەیەکە نە م دیوە، جاران دایک و باوکم دەیانگوت ،لە گەڵ شەماڵ مەگەڕێ، چەقۆ کێشە وجگەرە دەکێشێ و تەمبەڵە، کەچی ئێستا دەڵێن ،هەر دەبێ لەگەڵ ئەو بگەڕێی،،،

دایکی بە تورەیی یەوە:

باسی هونەری کوڕی (.....) نەکەی ،ئەگەر نا هەر دوو چاوت دەر دەکەم،،

تومەز هونەریش لە ماڵەوە هەر هەمان داوای هەیە ،بەڵام ڕێ ی پێ نادرێ، مامۆستا ناگا قسە ی تێدابکا، کە دەست ڕێژی گولە و دەنگی دۆشکە وهاوەن لە هەموو لایەک دەست پێ دەکا،، ئومێد ئەم مشەوەش بوونە دەقۆزێتەوە، کە دەبێ ماڵی هونەر ئارپێچی بەرکەوتوە ،خۆی پێ ناگیرێ، بەرەو ماڵی ئەوان ڕادەکا، هونەریش بە هەمان شێوە، بەرەو ڕووی ئومێد دێ، بەڵام دەست ڕێژی گوللە نایەڵێ ئەم ژوانە بە سەلامەتی پێک بێ ،هەردوو بە پێکراوی لای یەک دەکەون، باوەش لێک دەدەن،مامۆستا سامانیش بە دوای ئومێد دا ڕادەکەکا، جۆگەلە خوێنی هونەر و ئومێد تێکەڵاو دەبێ، مامۆستا باوەش بە هەر دووکیاندا دەکاو بە گریانەوە هاوار دەکا،:

* دە لێ یان گەڕێن با ئەم دوو ئەویندارە گیانی بە گیانیە بۆ دوا جار بە یەک بگەن.

بە دەم تێکەڵ کردنی خوێنەکان بە دەستی ،دەڵێ، :با ئەم دوو خوێنە پاکە تێکەڵاو بن،بەڵکو ئەم دیوارە بەرلینیە هەرەس بێنێ،ئەم کورسی پەرستانە تۆزێک دڵیان نەرم بێ ولە یەکتر نزیک ببنەوە، تا چی دیکە خەرمانی خەبات وخەون و خوێنی بێ دەرەتانی میللە تێک بە گوللەی وێڵ ئاگر نەگرێ ونەبێتە قەرەبرووت..

تەقەو دەستڕێژ دەبڕێ ، خوێن و ژیانی هونەرو ئومێد دەبێتە پردی کۆ بوونەوەی ناکۆکەکان،هەر دوو بنە ماڵەی ناکۆک بە نێرو مێوە دێن، وە دوو حزبی ناکۆک واز لە جەنگ دێنن و دێن لە گەڵ مامۆستا سامان کۆڕی شین گەرم دەکەن و وەک هونەر و ئومێد دەست لە ملی یەکتردەکەن...

—

ئەم چیرۆکە لە گۆڤاری سەبالەسالی ٢٠٠٠دا بڵاوکراوەتەوە،وەریش گێڕدراوەبۆ زمانی عەرەبی ولە پێشبڕکێی قوتابیانی زانکۆی محمد سعود لەریاز بڵاوکراوەی میرآةالجامعة لەسالی ٢٠٠٥ بڵاوکراوەتەوە.

—

کۆمەڵە چیرۆکەکە کۆتایی هات..

أطراف مبتورة من كوردستان:جغرافيا الألم



قصص قصيرة تراجيدية بقلم محمد عزيز لوتري

هذه القصص أطراف مبتورة من جسدٍ واحد،

اسمه كوردستان. كل قصة عضوٌ مقطوع،وصرخةٌ لم

تسمع ولكن حلم التوحيد مازالت تراود الأشلاء..